دڵی شەو

ڕۆمان

ن: نەجیب مەحفووز

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست

١- حەمە کەریم عارف پیاوێک ... شێرکۆ بێکەس

٢- وتەیەک

٣- دڵی شەو

٤- فەرهەنگۆک

٥- ژینامەی وەرگێڕ

حەمە كەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێركۆ بێكەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو كاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەیەكی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێكەڵ بە ئاینده ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی كەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەكەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا ریگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

وتەیەک

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین لە هەندێک قۆناغ وسەروبەندانداا، کەڵە هونەرمەندانێک هەڵکەوتوون و پەیدا بوون لە تۆ وایە ژیان بۆ ئەوەی خوڵقاندوون، تا بەوان و لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆی بپارێزێ، بۆ نموونە ئەگەر کەڵە ئەدیبێکی وەکو نەجیب مەحفووز هەڵنەکەوتبا، هەرگیز خەم و خولیا و، خەون و کەڵکەڵە و سۆز و گوداز و، قەیران و پەرەسەندنە ڕۆحی و سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەی تازەی میسری بەم شێوەیە و بەم قووڵیە نەدەهاتە تۆمار کردن. ئەوەی بیەوێ لە مێژووی تازەی میسر تێبگات، دەبێ ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز بخوێنێتەوە، چونکە لە هەموو مێژوو نووسەکان جوانتر،مێژووی میسری وێنە گرتووە، ئەگەر مێژوو، چیرۆکو ڕۆمانی واقیعی و نا هونەری بێ، ئەوا، چیرۆک و ڕۆمانی وەکو بەرهەمەکانی نەجیب مەحفووز، مێژووی تا سەر مۆخ هونەرین، بۆیە بەرهەمەکانی نەجیب مەحفووز، بە یەکێک لە سەرچاوە و چاڤکانیە هەرە بنەڕەتی و گرنگەکان دادەنرێ بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی میسری سەردەمی مەحفووز، بە تێکڕای کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیەکانیەوە...

نەجیب مەحفووز، لە ساڵی١٩٣٢وە دەستی بە نووسین کردووەر، لە ساڵی ١٩٣٤ دا زانستگەی تەواو کردووە، یەکەم بەرهەمی پاچڤەی کتێبێکە دەربارەی میسری کۆن، هەڵبەتە ئەم کتێبەی، لەسەر پێشنیازی یەکێک لە

مامۆستا گەورەکانی، واتە سەلامە مووسا پاچڤە کردووە. مەحفووز یەکەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە ژێر ناڤی " عبث الاقدار " بڵاوکردووەتەوە.

نەجیب مەحفووز، لە ساڵی ١٩١١ دا لە قاهیرە لە دایک بووە وگەورە بووە، لە خانەوادەیەکی وردە بورژوا بووەو وەکو هەر یەکێک لە ئەندامانی ئەم چینە ژیاوە و زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانەکانی، بە تایبەتی ئەوانەی قۆناغی هونەریی یەکەمی، دەربارەی ئەم چینەیە... ئەم چینە لە دوای شۆڕشێ ١٩١٩ وە بە گوڕ وتینێکی گەورەوە هاتە مەیدان ولە سەر شانۆی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەرکەوت. ئیدی ئامادەبوون و حوزورێکی ئەوتۆی پەیداکرد، کە هەندێ کەس ناوی " شۆڕشی ئەفەندییان " یان لە شۆڕشی ١٩١٩ نا، چونکە لە بنەڕەتا شۆڕشی جوتیار و کاسبکار یان کرێکاران نەبوو کە لەو سەروبەندەدا چینێکی یەجگار لاواز بوو... ئیدی شۆڕشی ١٩١٩ لە نۆڕین و گۆشە نیگای ئەم چینەوە شۆڕشێکی سەرکەوتوو و مایەی دڵخۆشی بوو.. ئەم شۆڕشە دەرگای کار وپۆستی حکوومەتی لەبەردەم ڕۆڵەکانی ئەم چینەدا ڤەکرد، دیارە پێشتر زۆربەی کارو وەزیفە وپۆستەکان بەدەستی بێگانانەوە، بە تایبەتی ئینگلیزانەوە بوو.. ئیدی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا، یەکەم کابینەی وەزاری بە سەرۆکایەتی سەعد زەغلول دامەزرا، زەغلول، سنووری بۆ دەسەڵاتی فەرمانبەران و کاربەدەستانی بیانی، بە تایبەتی ئینگلیز دانا، گرێبەستەکەی سێرموریس شلسدون ئیموس، ڕاوێژکاری دادڤانی بەریتانی لە وەزارەتی داد، تازە نەکردەوە.. بەرەبەرە زەمینە بۆ چینی ناوەڕاست خۆش بوو، لە بوارە سیاسی و ئیدارییەکاندا بەشداری بکات، ئیدی بەرەبەرە ئەم چینە فراوان بوو، دەسەڵاتی پەیدا کرد، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە وزانکۆکان دەرچوون و لە دام و دەزگا جۆراوجۆرەکانی حکوومەتدا دامەزران و دڕیان

به دەسەڵاتی بێگانان دا.. بەڵام لە ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣٤دا وڵات بە گشتی و ئەم چینە بە تایبەتی تووشی قەیرانێکی دژوار بوو، خەڵکی بێکار بوون، دەرگای دامەزراندن داخرا، ترسی ئەوە هەبوو مووچەی فەرمانبەران ببڕێت، مووچە زۆر کەم بوو، بەشی نان و بژیوی نەدەکرد.

وەکو دەزانین نەجیب مەحفووز لە گەرمەی قەیرانی ١٩٣٠ – ١٩٣٤ دا بەدیارکەوت، هەڵبەتە بە حوکمی پەروەردەکەی لە لایەک وبە حوکمی تەبیعەتە هونەرییەکەی، کە تەبیعەتێکی یەجگار هەستیار بوو، نەیدەتوانی چاوپۆشی لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری بکات، بۆیە دەبینین، ڕەگ و ڕیشەی ئەو تراجیدیایەی نەجیب گوزارشتی لێکردووە و لە بەرهەمەکانیا بەرجەستەی کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ واقیع و زروفی تاڵ و دژواری چینی ناوەڕاست ( بورژوا ).. کە ئەمە زۆر بە زەقی لە ڕۆمانی " بدایە و نهایە " دا ڕەنگی داوەتەوە، کە نەک هەر کارەساتە خودییەکان لە ڕێگەی شا قارەمان و کاراکتەرەکانەوە نیشان دەدات، بەڵکو کارەساتی کۆمەڵگەمان نیشان دەدات و کاراکتەرەکان ئەوەیان بۆ بەدیار دەکەوێت کە لە کۆمەڵگەی " ماسییان " دا دەژین، کەبەو پەڕی دڵڕەقی یەکتر دەخۆن. کۆمەڵگەش، هەمان یاسا و ڕێسا پەیڕەو دەکات، ئیدی فڕان فڕانە و زۆردار لە بێ زۆری دەڕفێنێ و کوڕ ئەو کوڕەیە بگاتێ، بەهەر نرخ و ڕێگەیەک بووە بگاتێ، با ئەو نرخە هەلپەرستیەکی زەقیش بێ، با ئەو نرخە نامووسی خوشک و ژنیش بێ... دیارە سەدەمێکی دیکەی ئەم تراجیدیایە، نەداری و لاوازی ئابووری و پێگەی ئابووریە، کە کەسێک نەدار و نەبوو بێ، پشتیوانەیەکی ئابووری نەبێت، قابیلی ئەوەیە ببێ بە بووکەڵەی ویست ودەستی خەڵکانێکی لە خۆی داراتر، با ئەم دیاردەیە نامرۆڤانی و نابەجێش بێ، نموونەی ئەم تراجیدیایە لە ڕۆمانی کۆڵانی میدق دا و لە

حەمیدەی شاقارەمانی ڕۆمانەکەدا، بە جوانی نیشاندراوە.. واتە لە هەر شوێنێک نەداری و لاوازی ئابووری هەبێت، کارەسات، زۆر بێ ڕەحمانە سەرهەڵدەدات، دیارە لاوازی ئابووری خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە نیشانەکانی جیاوازی زەقی ئابووری لە نێو خەڵکیدا، کە دەکاتە چەوسانەوەی چینایەتی و هەموو دەزانین لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە چەند کارەساتبارە..

دیارە نەجیب مەحفووز لە کارەساتنامەکەی خۆیدا، بایەخی زۆری بە لایەنێکی دیکەی تراجیدیا بەشەریەکە داوە، کە ڕەگی دەچێتەوە سەر چینی ناوەڕاست، ئەویش تراجیدیای ڕۆشنبیرانە... ئەو ڕۆشنبیرانەی مەحفووز وێنەی گرتوون، لە ناکۆکییەکی دژواردا دەژین کە سەرچاوەی کارەساتی ژیانیانە، ئەمانە هۆشمەندییەکی ئەوتۆیان هەیە کە خۆیان لە واقیع پێ باڵاترە، زۆربەی داب و نەریت وبەهاباوەکان ڕەفز دەکەن، بەرەبەرە وایان لێدێ لە لایەکەوە لە واقیع دادەبڕێن ولە لایەکی دییەوە ناتوانن واقیع بە دڵی خۆیان و بە گوێرەی بیرکردنەوەی خۆیان بگۆڕن. ئیدی بەرەبەرە تووشی گۆشەگیری دەبن و دەپووکێنەوە ولە کاروانی ژیان دوادەکەون، یان بە خەمی خۆدا دەکەون، بۆیە زۆربەیان لە قەیرانی سۆزداریدا دەژین، زۆربەیان ژن ناهێنن، بە قووڵی تێکەڵی ژیانی واقیعی نابن، زیاتر لە قاوغی هەست و هزرینی تایبەتی خۆیان دەژین، ئیدی لە ژیانی خۆدا گیرۆدەی تراجیدیای غوربەت و تەنیایی دەبن و بێهودە خۆیان کاوێژ دەکەنەوە... کەمال عبدالجواد، نموونەیەکی گەشی ئەو ڕۆشنبیرانەیە، کە مەحفووز لە سیانەی ( بین القصرین ) دا زۆر هونەرمەندانە بەرجەستەی کردووە.. کەمال، ڕۆشنبیرە، ئیدی نۆرین و بۆچوونێکی ئایدیالی قووڵی لا چێبووە، یان هەموو شتێک یان هیچ شتێک،

یان ڕەش یان سپی، ئیدی هیچ ڕەنگێکی دیکە لە ناوەندیاندا نییە، بۆیە شۆکە سۆزدارییەکە تا کۆتایی لەگەڵیا دێت و بەرۆکی بەر نادات، بە بێ ژن وبە بێ ڤیان دەژی وهیچ پەیوەندییەکی قووڵی لە گەڵ خەڵکیدا نابێ. تەنیا و غەریب، کلۆڵ و سەرگەردان، لەگەڵ واقیعدا هەڵناکات.. جا ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە، لەو ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕانە نین کە هەوڵدەدەن ڕای خۆیان بەسەر واقیعدا بسەپێنن.. ئەگەر فەلەک بە مرادی وان نەگەڕا، کارێک بکەن دەبێ بگەڕێ. نەگبەتیەکەیان لەوەدایە، خەڵکێکی ڕۆشنبیر، زانیار وبە ئاگا وهۆشنن، بەڵام ناتوانن زانیاری وئاگایی خۆیان پەروەردە وپیادەبکەن، تەنانەت ناتوانن لە ڕێگای ڕۆشنبیرییەکەیانەوە، ئاسوودەیی وئارامی دەروونیش بۆ خۆیان دابین بکەن.. بە کورتی ڕۆشنبیری لامونتەمین.. بیر دەکەنەوە، هەست بە هەموو شت دەکەن، بەڵام دەستەوەستانن و ناتوانن هیچ شتێک بکەن، هەر دەمن، هیچ کردەوەیەکیان لە دەست نایەت... ئەوەی قوڕی ئەم تراجیدیایە خەست تر دەکات وقووڵییەکی زیاتری پێدەبەخشێت، ئەوەیە کە مەحفووز وەکو مێژوونووس مامەڵە لەگەڵ ژیانا ناکات و وێنەی ژیان ناگرێت، لە هەمان کاتا هەم مێژوونووسە و هەم هونەرمەندە، لایەنە مێژووییەکەی بایەخ بە پەرەسەندنی کۆمەڵگە و دۆخە گۆڕکێی کۆمەڵگە و گواستنەوەی کۆمەڵگە لە دۆخی کۆنەوە بۆ دۆخێکی تازە دەدات.. بەڵام لایەنە هونەرییەکەی، کە بەهێزتر و قووڵترە بایەخ بە ژانەکانی تاک دەدات، حیسابی گەورە بۆ باجی ئەو پەرەسەندنە دەکات، کە مرۆڤ دەیدات. بەتایبەت ئەوانەی زووتر لە خەڵکی دی، ڕێگەی ئایندە دەگرنەبەر، ڕێگەی هەڵوێستی تازە ودابی تازە دەگرنەبەر، بە زۆری ڕۆشنبیران زووتر ڕێگەی ئایندە دەگرنەبەر. ئەمانە نیشانەی ئایندەیەکی جیاوازن لەو واقیعەی هەیە، ئەمانە یەکەمین ئەزموونی پەرەسەندنن، باجی ئەم ئەزموونە تاڵە دەدەن... دیارە

مەحفووز، بە چەند قۆناغێکی هونەریدا تێ پەڕیوەو، لە هەموو قۆناغێکیشدا بە پێشەنگی ماوەتەوەو نیشانەیەکی هونەری گەورەی قۆناغەکە بووە، واتا توانایەکی یەجگار گەورەی خۆ تازەکردنەوەی هونەری هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەکو هەر هونەرمەندێکی گەورە لە هەموو قۆناغە هونەرییەکانا، پەیوەندییەکی قووڵی بەو سەردەمەوە هەبووە و هونەرمەندانە لە گەڵیا ژیاوە، ئەم هەڵوێستەشی، زیاتر هەڵوێستێکی هونەری بووە، نەک هەڵوێستێکی سیاسی یان حیزبی کە مەحفووز بە پێوەر و پێوانەی ئەو کاری هونەری بکات، چونکە هونەری لە ڕێبازێن سیاسی وحیزبی پێ گەورەتر بووە، ڕەنگە لە شیکردنەوە کۆمەڵایەتیەکانیا، هەڵبەتە بە نەفەسی هونەری، لەم حیزب یان لەو حیزب نزیک بووبێتەوە، بەڵام هەرگیز خۆی لە قاڵبی ئەو ڕێباز وحیزبانە نەداوە، کە ڕێگە بە هونەرەکەی نەدەن، لە دەرێی چوارچێوەی ئەواندا، ببزوێ و پەل بهاوێ.. بەهەرحاڵ، باسکردنی قۆناغەکانی ژیانی هونەری ئاو زۆر دەکێشێت و لێرەدا جێگەی نابێتەوە.. بۆیە باشتر وایە بێینە سەر باسی ڕۆمانی " دڵی شەو " و زۆر بە چڕی چەند پەیڤێکی لە سەر بڵێین و وەکو کلیلێک بیدەینە دەستی خوێنەری هێژا، تا خۆی دەرگا داخراوەکانی ڕۆمانەکەی پێ بکاتەوەو ڕاستەوخۆ بەناو ڕۆمانەکە بکەوێ و لەزەت لە خوێندنەوەی وەربگرێت: " با ژیان سەرڕێژ بێ لە شێتایەتی پیرۆز " ئەم ڕۆمانە کارێکی فەلسەفی زۆر جوانە دەربارەی ژیانی مرۆڤ، بە شێوەیەکی هونەری ناوازە، قۆناغەکانی ژیانی " جافر راوی " مان، لە منداڵییەوە و لە پەروەردە ئاینییەکەیەوە بۆ دەگێڕێتەوە و قۆناغ بە قۆناغ پێیدا دێت و دێتە سەر قۆناغی شێتاتی و ڕەدووی دڵە پڕ ئارەزووەکەی دەکەوێت، پاشان دێتە سەر قۆناغی پێگەیشتن و باوەڕهێنانی تەواو بە ئەقڵ و ئەقڵانیەتی، ئەوجا دێتە سەر قۆناغی حەقیقەت یان قۆناغی تراجیدیا. جافر، لەم قۆناغەدا

دوای نادیار دەکەوێت، لە هەر قۆناغێکیا دوای کڵاوێکی بابردوو دەکەوێ، کە باشترین قۆناغیان لە ڕووی هزرییەوە قۆناغی دوای ژنهێنان و کامڵ بوونە، جافر لەم قۆناغەدا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەقڵ سەرچاوەی هەموو شتێکە و تەنیا ئەقڵ ڕابەری مرۆڤە و دڵ هیچ دەورێک نابینێ لە کۆنترۆڵکردنی مرۆڤدا، لەم قۆناغەدا هەوڵدەدات لە خوا تێبگات، بەڵام ئەقڵ نایگەیەنێتە هیچ کوێیەک، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و دوای ئەوەی لێی دەپرسن، دوای عومرێکی درێژ گەییوە بە کوێ و بەچی، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت ودەڵێت: " ناتوانم نکۆڵی لە بوونی خوا بکەم " پاشان وەختێ ویستی زیاتر دنیای سیاسەت بجەڕبێنێ، ئەقلی هیچ ڕێبازێکی سیاسی ناگرێت، بەڵام دەگاتە ڕێبازێکی تازە، ڕێبازێک کە خۆی دەینووسێت و تەحەدای چەپ و ڕاست دەکات، بەڵام لووتی دەتەقێ بەو حەقیقەتە تاڵەدا، کە هەستەکان زۆر زاڵن بەسەر مرۆڤدا، مرۆڤ چەندیش پێش بکەوێ، ناتوانێ تەنیا پشت بە ئەقڵ ببەستێ، ئەقڵ بە تەنیا ناتوانێ درکی خۆا بکات، ئەقڵ بە تەنیا دەکاتە کارێک مرۆڤ زۆر سارد و سڕ بێ... مرۆڤ چەندیش ئاقڵ و پڕ ئاوەز بێ ناگاتە کەمال..

نەجیب مەحفووز، ڕۆماننووسێکی میسرییە، یەکەم ئەدیبی عەرەبە کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرتووە. نەجیب مەحفووز لە نیوەی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە، دەستی بە نووسین کردووە و ڕووداوێن هەموو ڕۆمانەکانی لە میسرا ڕوو دەدەن. سێیانەکەی و کوڕانی گەڕەکی مە، لە بەرهەمە زۆر بەناوبانگەکانین. کوڕانی گەڕەکی مە، بۆ ماوەیەکی یەجگار زۆر قەدەخە کرا ونەدەهێڵرا لە میسرا بڵاو ببێتەوە. هەرچەندە ئەدەبی مەحفووز بە زۆری دەخرێتە خانەی ئەدەبی ڕیالستیەوە، بەڵام زۆرجاریش

سەر دەکێشێت بۆ بابەتێن وجودی. زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ سینەما و تەلەفزیون ئامادە کراون.

ناوی نەجیب مەحفووز، ناوێکی لێکدراوە، باوکی، عەبدولعەزیز ئیبراهیم، لە خۆشەویستی دکتۆری ناودار نەجیب پاشا مەحفووز، کە سەرپەرشتی لەدایک بوونە دژوارەکەی " نەجیب مەحفووز " ی کردبوو، ناوی نا نەجیب مەحفووز، ئیدی بوو بە نەجیب مەحفووزێ کە هەتاهەتایە وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی ئەدەب دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٣٩ دا هەندێ لە چیرۆکە کورتەکانی لە گۆڤاری ( الرسالة ) دا بڵاو دەکردەوە. یەکەم ڕۆمانی " عبث الاقدار " لە ساڵی ١٩٣٩ دا بڵاوکردووەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٤٣ دا " رادوبیس " و لە ساڵی ١٩٤٤ دا " کفاح طیبە " ی بڵاو کردەوە. ئەم سێ ڕۆمانە سییانەیەک بوو دەربارەی مێژووی فیرعەونەکان، ئیدی مەحفووز لە ساڵی ١٩٤٥ وە ڕێبازی ڕۆمانی ڕیالیستی دەگرێتەبەر و لە ڕۆمانانی وەکو " القاهرة الجدیدة، خان الخلیلی و زقاق المدق " دا لەسەری بەردەوام دەبێت. لە ڕۆمانی "اتسراب"دا ڕیالیزمی سایکۆلۆژی دەجەڕبێنێ، پاشان لە ڕۆمانی " بدایە ونهایە " دا دەگەڕێتەوە سەر ڕیالیزمی جڤاکی... پاشان دەبینین لە ڕۆمانی " الشحاذ " و " اولاد حارتنا " ڕوودەکاتە ڕەمزییەت کە لە ڕۆمانی " اولاد حارتنا " پەرچەکردارێکی زۆری لێکەوتەوەو، بەهۆی ئەو ڕۆمانەوە هەوڵێکی ناکامی تیرۆرکردنی درا..

نەجیب مەحفووز، پاش بڕینی قۆناغی یەکەمی ئەزموون و ژیانی هونەری خۆی، هەندێجار بایەخ بە لایەنی سۆفیگەیش دەدات. بۆ نموونە لە " اللص و الکلاب " و " السمان و الحزیف " دا دەبینین " شێخ جندی " و " سەمیر " هەردووکیان پەنا وەبەر سۆفیگەری وەکو ماوایەکی ڕۆحی دەبەن کە ژان و کێشەکانی ژیان کەم دەکاتەوە، مەحفووز پێشتر ئەو بایەخە زۆرەی بە

سۆفیگەری نەدابوو، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی بەپیرەوە چوونی بایەخدانە بە کێشە مرۆڤایەتیە گەورەکان. واتە زیاتر بایەخ بە کێشەی مرۆڤ و جیهانیش دەدات، نەک تەنیا بە کێشەی مرۆڤ و کۆمەڵگە. نەجیب مەحفووز، کە پێ دەنێتە قۆناغی تازەی ژیانی هونەرییەوە، شێوازی نووسینیشی دەگۆڕێ، شێوازی شەقڵێکی شاعیری تەڕ وپاراو وەردەگرێت، ڕیتمێکی مۆسیقی ناوخۆی ئەوتۆ وەردەگرێت کە خۆبەخۆ گەشکە و زەردخەنە بە ڕۆحت دەدات، هەست دەکەیت، ئەو هونەرمەندەی کە باسی مرۆڤی میسری دەکرد، لە کێشەکانی مرۆڤی لۆکاڵیەوە، وێنەی مرۆڤی جیهانی هەڵدەهێنجێ و مامەڵە و بەرخوردی هونەری لەگەڵدا دەکات.. بەرهەمەکانی مەحفووز لە لایەکەوە بە ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی میسر دەژمێردرێن و لە لایەکی دیکەوە، تۆمارێکی هاوچەرخی خەمە مرۆڤانیەکان و ڕەوشی مرۆڤن لە دنیایەکدا کە مرۆڤ و خوا لەیەکدی تۆراون، هەروەها نۆڕینی ڕۆشنبیران، بەجیاوازی بیروبۆچوون و دنیابینییەکانیان بۆ دەسەڵات، دەنوێنێ و بەرجەستە دەکات.

بەهەرحاڵ مەحفوز لە ڕۆمانی " دڵی شەو "دا لە گەڕەکە کۆنەکانی میسری وەکو: خان جەعفەر، حسەین، حلمیەوە بە ناو دنیای خورافات و جن و دێو و درنجان و شەو ونهێنیەکانی شەوا دەمانبات بۆ ژیانی ناو کۆشکان و دەوڵەمەندی و زەنگێنی وناو وناوبانگان.. پاشان دەمان گێڕێتەوە بۆ ژیانی پارسەکی " گەدایی " و سەرگەردانی... هەر هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی " جافر راوی " یەوە دەبینین ودەزانین کە سەرگوزشتە وبەسەرهاتی خۆی بۆ ئەو فەرمانبەرە دەگێڕێتەوە کە بەرپرسی ئەو میراتەیە کە لە بابای جافر راوی بە جێماوە.. کە لە ئەنجاما بەدیار دەکەوێ باپیری هیچ بەشە میراتێکی بۆ کوڕەزایەکەی، واتە جافر راوی دانەناوە... ئەوەی لە پاش

بابای بە جێماوە، بووە بە موڵکی ئەوقاف و خەڵکانی نەبوو و نەدار و ئاتاج دەتوانن سوودی لێ بدینن.

فەرمانبەری ناوبراو، دیداری خۆیمان لەگەڵ جافر راوی دا، کە تەواو پیر بووەو وێڵ و سەرگەردان دەسووڕێتەوە، بۆ دەگێڕێتەوە، دواى ئەوەی لە کۆشک و تەلارا دەژی، دوای سەرکێشی وخۆسەرییەکانی، وای لێدێت بە ناچاری لە کۆنە کەلاوەیەکدا بخەوێ، لەناو دار و پەردووی کۆشکەکەی بابایدا، واتا راوی گەورەدا بخەوێ... ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٧٥ دا چاپ و بڵاو بووەتەوە.. مەحفووز لەم ڕۆمانەدا ژیانی مرۆڤێک، کە نموونەی هەر مرۆڤێکی لە بابەتی کاراکتەری ئەم ڕۆمانەیە، وەستایانە دەهونەرێنێ، ئەم مرۆڤە، منداڵێکی دڵساف و ئاوەز پاکە... پاشان لە ژێر باندۆرو کاریگەری فاکتەرە جیاوازەکانی ژیانا، کەسایەتی دەگۆڕێت، ڕۆماننووس لێرەدا، پەیوەندی تاک و کۆمەڵگە هونەریانە تاوتوێ دەکات.. و چۆن ژینگە کار لەو مرۆڤە دەکات کە تیایدا دەژی.. ئەم کاراکتەرە، هەمیشە کەسێکی بەرپرسیارە، بەردەوام خۆی پرسیارپێچ دەکات.. ئەم مرۆڤە، جافر راوی کوڕەزای ڕاوی گەورەیە، کە بە سۆفیاتی و دینداری ناسراوە، کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند، لە دیوەخانەکەی خۆی کۆڕی زیکرو سروود و گۆرانی ئاینی ساز دەکات، کۆڕێن شەونشینی دەگێڕێ و گەورەترین، سروودبێژانی میسری کۆن بانگ دەکات.. ئیدی هەر بە منداڵی بابی دەمرێ، لە گەڕەکێکی هەژار نشینا لەگەڵ دایکیا دەژی، بەڵام هیچ شتێک دەربارەی ڕەگ و ڕەچەڵەک و ئەسڵ و فەسڵی دایکی نازانێ.. پاشان دایکیشی دەمرێت، بابای دەیباتە لای خۆی، ئیدی جافر بۆ دەردەکەوێ کە بابی لە بنەماڵە و ماڵباتی راویە کە ماڵباتێکی زۆر دەوڵەمەند و بەناو بانگە. وەختێ سەرنجی ئەم دۆخەگۆڕکێ و شوێنە گۆڕکێیەی جافر دەدەی کە بە منداڵی هەژاری و نەبوونی

جەڕباندووە و لە گەڕەکە کۆنەکانا و لە ناو دنیای هەژاری و خورافاتا ژیاوە و پاشان چووە بۆ ماڵی بابای کە ئەو پەڕی دینداری تیادا زاڵ بووە و جۆرەها یاسا و ڕێسا و زەبت و زاکونی تیادا باو بووە و بۆی نەبووە بە موو لێیان لابدات تابەر غەزەبی بابای نەکەوێت، وا لە خوێنەر دەکات زۆر بە جدی بیر لە کاریگەری ژینگە و کۆمەڵگە بە سەر کەسایەتی مرۆڤەوە بکاتەوە.

ئیدی جافر گەورە دەبێت، دەچێتە تەمەنەوە، هەزار و یەک پرسیاری لا دروست دەبیٚ، ئارەزووی ئەوەی لا چێدەبیٚ کە دنیای دەرەکی کەشف بکات، بزانیٚ لە دنیای دەرێی کۆشکەکەی بابای چ باسە.. ئیدی جافر خۆسەرانە بەناو گەڕەکە کۆنەکان دەکەویٚ، ئەو گەڕەکانەی بە منداڵی تیایاندا ژیاوە، ئیدی لەم قۆناغەدا جافر دەکەوێتە ژێر کاریگەری غەریزەوە و ئەقڵ لە حەوت کێوان ئاوا دەبیٚ، هەر بە غەریزە کیژە قەرەجێکی، بیٚ ئەسڵ و فەسڵ بە نێوی مەروانە دەخوازیٚ. پاشان لێی جیا دەبێتەوە و بێوەژنێکی دەوڵەمەندی بەتەمەن لە خۆی گەورەتر دەخوازێت. ئیدی تێکەڵاوی ژیانی سیاسی دەبێت، لە دووی ڕێباز و فکرێک دەگەڕیٚ کە باوەڕی پیٚ بێنیٚ و خۆی تیا ببینێتەوە و لەو ڕێگەیەوە تاکیدی خود بکات.. ئیدی هەوڵدەدات، بیرێن مارکسیزم و کۆمۆنیزم و ئیسلامی هەمووی لە چوارچێوەی یەک فکردا ئاوێتە بکات وئیدی ڕایدەگەیەنیٚ کە بەم کارەی بیر و تیوریەکی تازە دادەهێنیٚ.. ئیدی جافر لێرەوە دەگاتە شیکردنەوەیەکی تایبەتی دەور و ڕۆڵی ئەقڵ و کاریگەریی غەریزە بەسەر ئینسانەوە.. ئیدی خوێنەر وەختیٚ لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، " دڵی شەو " دەبێتەوە، خۆبەخۆ بیر لە ئینسان دەکاتەوە، چۆن دەست پێدەکات و چۆن کۆتایی دێت. ئایا ڕۆژگار ئینسان کۆنترۆڵ و ئاراستە دەکات یان بە پێچەوانەوە مرۆڤ ڕۆژگار

کۆنترۆڵ و ئاراستە دەکات؟ ئایا چارەنووس و قەدەری هەر کەسێک هەمان چارەنووس و قەدەری جافر راوی یە؟ یانی ئینسان لە کۆمەڵگەیەکی فرە بیر و ڕەوت و ڕێبازی جیاواز و هەڤدژدا بۆخۆی دەگەڕێت؟ یان وەکو جافر ڕاوی هەوڵدەدا ڕێبازێکی فیکری تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە وهەمان ئاکامی ئەوی دەبێت؟ ئایا ئەنجامی هەموو هزرڤانێک ئەوەیە ببێ بە سالوکێکی(صعلوك) سەرگەردان؟ یان ژیانی سالوکییەت، هزرڤان دەخولقێنێ؟ بەهەرحاڵ، هیچ شەرح و شرۆڤە و خوێندنەوەیەک نابێ بە ئەڵتەرناتیڤی دەق، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە بە خۆت دەقەکە بخوێنیتەوە و بە وردی گەنگەشە وموناقەشەی بکەیت، فەرموون ئێوە و ڕۆمانی "دڵی شەو" بە زمانی کوردی... هیوادارم کاتێکی بە سوودی لەگەڵ بەرنە سەر..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


١ – ادباء معاصرون، رجاء النقاش، الجمهورية العراقيه/ وزارة الاعلام، مديرية الثقافة العامه/ سلسلة الكتب الحديثة، دارالحريه للطباعة، بغداد/١٩٧٢ .

٢ – کۆڵانی میدەق، ن- نەجیب مەحفووز، و: حەمە کەریم عارف، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە/ چاپی یەکەم، ٢٠١٩ .

٣ – لەبەردەم عەرشا، ن: نەجیب مەحفووز/ و: حەمە کەریم عارف...

٤ _ ئینتەرنێت: مكتب الكتب، الراى Digital .

## دڵی شەو

((١))

لە کاتێکا بە وردی و میهرەبانی لێم دەڕوانی گوتم:-

- من تۆم چاک لە بیرە، دەتناسمەوە.

کەمێک بە سەر مێزەکەما دانەوییەوە.. لە نزیکەوە بۆم بە دیارکەوت کە چاوی کزن. بە نیگاخوازە لۆکەکەی، بە هەوڵە پەرێشانەکەی دەیویست من لە نیاز و مەبەستی خۆی حاڵی بکات، بێئەوەی گوێ بە کورتی مەوداکەی نێوان ڕوخساری هەردووکمان ، یان بچووکی ژوورە ئارامەکە بدات، بە دەنگێکی بەرز وگڕ گوتی:

- بە ڕاست؟!.. ئەلهەقی یادگەم خراپ بووە، چاوەکانیشم کز بوون...

- بەڵام ڕۆژانی خان جافر هی ئەوە نین لەبیر بچنەوە.

- سەرچاو، کەواتە تۆش خەڵکی ئەو گەڕەکەی!

خۆم پێناساند و خوڵکی دانیشتنم کرد وگوتم:

- ڕاستە ئێمە یەک نەوەو نەسڵ نین، بەڵام هەندێ شتیش هەن لە بیرناچن.

بەدەم دانیشتنەوە گوتی:

- بەڵام پێموایە من زۆر گۆڕاوم، زەمانە دەمامکێکی دزیوی بۆ کردووم، کە دەستکردی خۆیەتی نەک دەستکردی بابم!

هەرچەندە پێویستی نەدەکرە، بەڵام بە شانازی وخۆ هەڵکێشانەوە خۆی ناساند و گوتی:

- ڕاوی، جافر ڕاوی، جافر برایمی سەید ڕاوی..

هۆی شانازی کردنی بەم ناوەوە، لەمن شاراوە نەبوو، چونکە هەڤدژی زەقی نێوان ڕوخسای کلۆڵی و زمانە پڕ غروورەکەی زۆر زەق و خۆیا بوو. گوتی:

- تۆ زنجیرەیەک بیرەوەری خۆشم بیردەخەیەوە. ڕۆژانی خۆش وپڕ ئەزموونی گەڕەکێن خان جافر و حوسەینی پیرۆزم بیردەخەیتەوە..

- بەڕاستی پڕ بوو لە واریقاتی سەیر وچیرۆکێن غەریب..

کەوتە حیلک وهۆڕ، حیلک وهۆڕێکی وەها کە جەستە درێژ ولاوازەکەی لەگەڵیا دەلەرییەوە. دەترسام چاکەت وپانتۆڵە کۆن وشڕەکەی بدڕێت، سەری هەڵبڕی، ڕوخسارە تاوە سووت وڕدێنە هاتووەکەی لە من کرد وبە دەم خوراندنی قژە سپیە پڕ وئاڵۆزکاوەکەیەوە گوتی:

- ئێمە کوڕی گەڕەکین، کەواتە هەقی خۆمە ئەمە بە نوقلانەی خێر بزانم ودڵ بەوە خۆش بکەم، کە بە ئاسانی بە کێشە ڕەواکەم ڕابگەن!

ئیدی بۆ ئەوەی لە هەر بەد حاڵی بوونێک بەدوور بم، خوڵکم کرد:

- قاوە دەخۆیتەوە؟

بێ هیچ دوو دڵییەک و بە جورئەتێکی تایبەتیەوە گوتی:

- با جارێ بە بابۆڵەیەک (لەفە، سەندەویچ) دەست پێبکەین، بابۆڵەی پاقلەی سوورەوە کراو، پاشان قاوەش دەخۆینەوە..

تەمەشام کرد، زۆر بە تامەزرۆیی بابۆڵەکەی دەخوارد، کە ئەم دیمەنەم بینی دڵم گیرا. بۆنی جەستەی، کەپووی پڕکردم.. بۆنی چی، تێکەڵەیەک بوو لە بۆنی عەرەق و تووتن و خۆڵ. پاش ئەوەی تێروپڕی خوارد و خواردەوە، قیت لە جێی خۆی دانیشت و گوتی:

- سوپاست دەکەم، نامەوێ لەوەی پتر وەختت بگرم، بێگومان بە حوکمی وەزیفە و کارەکەت، لە داوا و مەبەستەکەی من حاڵی بوویت..

بە کەسەرەوە گوتم:

- فایدەی نییە، سیستەمی وەقف بە هیچ جۆرێ ڕێگەی ئەم کارانە نادات..

- بەڵام ئەمە هەقی منە، وەکو ڕۆژی ڕوناک دیارە.

- وەقفیش وەکو ڕۆژی ڕوناک عەیانە.. ئەویش قانوونی خۆی هەیە..

- ڕاستە، قانوون بە جێی خۆی، بەڵام من قەناعەتم وایە هەموو شتێک دەگۆڕێت و قابیلی گۆڕانە..

- بەڵام وەقف هەر وەکو خۆی ماوە وتا ئەمڕۆ نەگۆڕاوە..

بە دەنگە گڕەکەی هاواریکرد:

- با وەزارەتی ئەوقاف ئەوە بزانێت کە هەقی من نافەوتێ، هەقی من ون نابێت.

کە ئارامی و بێدەنگی خەندەئامێزی منی بینی، هێور بووەوەو گوتی:

- ڕێگەم بدە با بەڕێوەبەری گشتی بدینم.

بە میهرەبانیەوە گوتم:

- مەسەلەکە زۆر ڕوون وئاشکرایە، وەقفی ڕاوی گەورەترین وەقفی خێرخوازی وەزارەتخانەکەیە. دەرامەت وقازانجی ئەم وەقفە، تەرخانە بۆ حەرەمەینی شەریفەین و مزگەوتی ئیمام حسەین وئەنجوومەن و کۆمەڵەین خێرخوازان و قوتابخانان و تەکێیان و خەڵکانی ڕێبوار وبێ سەرپەرشت.. وەقفی خێرخوازی بەهیچ کلۆجێ، بۆ کەسێکی دیاریکراو ناگێڕدرێتەوە. بە تووڕەیی قسەکەی پێ بڕیم وگوتی:

- بەڵام من نەوە وتاقە میراتگری ڕاویم و، باوەڕ بکە ئەوەندە نەدار و نەبووم، کێچ لە باخەڵما سەوزەڵێ خانم دەڵێت، لە کاتێکا ئیمام حسەین، ڕۆحم بە قوربانی بێ، دەوڵەمەندە و خودانی هەموو نیعمەتێکی بەهەشتە.

- بەڵام ئەمە وەقفە!

- شکات دەکەم ها!

- فایدەی نییە، بە خۆڕایی وەختی خۆت بە فیڕۆ مەدە.

- ڕاوێژ بە پارێزەر وئەوقاتێکی یاسایی دەکەم، بەڵام دەبێ پارێزەرێ وەدۆزم کە بە خۆڕایی ئاموچیارم بکات، چونکە من پارەو پولم نییە، پارە لە دنیای مندا، بوونەوەرێکی خەیاڵییە وهیچ بوونێکی مەتریالی نییە..

- من لەنێو پارێزەرانا دۆست وبناژۆی زۆرم هەن، دەتوانم دیدارێکت لە گەڵ یەکێکیاندا بۆ فەراهەم بکەم، بەڵام وەختی خۆت بە خۆڕایی بە فیڕۆ مەدە، ئەمە ئاواتێکی مەحاڵە، دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە.

- تۆ وەکو منداڵ ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەی!

- پەنا بەخوا.. بەڵام من ڕاستیت پێ دەڵێم، ڕاستیەک ئاو لێڵ ناکات.

- بەڵام من نەڤی ( نەوە ) ڕاویم و سەلماندنی ئەمەم زۆر بەلاوە ئاسانە، وەکو ئاو خواردنەوە وایە.

- گرینگ ئەوەیە کە میراتیەکانی ڕاوی ئەمڕۆکە بووە بە وەقفی کاروبارێن خێرخوازی..

- باشە خودا بەرداره، من لەم شارەدا بەڕەڵڵا بەڕەڵڵا بسووڕێمەوە ودەرۆزە بکەم..؟

- هەڵبەتە ئەوەی لە ئیدارەدا باوەو سەبارەت بە خەڵکانی وەکو تۆ پەیڕەوی دەکرێت، ئەوەیە کە داوایەک پێشکەش بکەیت یارمەتیەکی

مانگانەت لە خێراتی وەزارەت بۆ ببڕنەوە، بە مەرجێ بتوانی نەسەبی خۆت ساغ بکەیتەوەو بیسەلمێنی..

لەبن لێوانەوە کەوتە ورتەورتە: یارمەتی مانگانە!... بەڕاستی شێتن، ئەوەیە زوڵم.

ئەوسا لەسەری ڕۆیی:

- یانی خاوەن وەقف، داوای یارمەتی بکات، دەست بۆ خێر پان بکاتەوە!.. ئەمە شێتاتیە... باشە بڕی یارمەتیەکە چەندە؟

کەمێک بێدەنگ بووم، ئەوسا بە دوو دڵییەوە گوتم:

- ڕەنگە بگاتە چوار پێنج جونەیهێک.. یان کەمێک زیاتر..

بە تەوسەوە لە قاقای پێکەنینی دا، پاشماوەی ددانە کرمۆڵ وڕەشەکانی بەدیار کەوتن، ئەوجا گوتی:

- باوەڕ بکە، من هەوڵی خۆم دەدەم، کۆڵ نادەم... ژیانی من هێندە سەخت ودژوارە، جنیش تەحەمولی ناکات، ناوەڵڵا واز نایەنم، چ دەبێ با ببێ، گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە، دەستبەرداری ئەم شەڕە نابم، تا مافی تەواوی خۆم لە میراتی بابا مەلعوونەکەم وەرنەگرم!

بەری بزەکەی خۆم پێنەگیرا وگوتم:

- خوا عافووی بکات، خوا جەزای خێری بداتەوە بۆ ئەو هەموو چاکە وخێرەی کردوویەتی.

بە کۆڵەمستە عەرەقکردووەکەی کێشای بە قەراخ مێزەکەما وگوتی:

- کەسێک، تاقە نەوەکەی خۆی فەرامۆش بکات، خێر نابینێ..

- باشە بابات بۆ فەرامۆشی کردوویت؟

بێئەوەی هیچ بڵێ، چەناگەی خۆی گرت، هەستم کرد ئەم گەردەلوولە درەنگ یان زوو دەڕەوێتەوە.. وعەرزوحاڵی داوای کۆمەک دەنووسێت. زۆربەی ئەو سواڵکەرانەی بۆلای مە دێن نەوە ونەڤی پاشا و میرانن. بەبۆچوونی من هیچ کەسێک بە خۆڕایی و بەبێ هۆ، منداڵ و نەوەی خۆی لە بەشە میرات بێبەش ناکات.. جافر ڕاست بڕۆ چ خەتایەکت کردووە؟

چاوە کزەکانی بڕینە دوور وئەوسا گوتی:

- ئەو هەم چاکەی کردووەو هەم خەڵکیشی لەبەشە میرات بێبەش کردووە، هەمیشە ئەوە کاری بوو، تێکەڵەیەک بوو لە خێر ولەشەڕ، بە مردوویەتیش، هەمان دەسەڵاتی زەمانی ژیانی بەکار دەبات.. منیش لەکاتی مەرگیا بە گژیا دەچمەوە وەکو چۆن لە کاتی ژیانیا بە گژیا دەچوومەوەو بەربەرەکانیم دەکرد.. تا دەمرم دەستبەرداری نابم.

(( ٢ ))

من وجافر پەیوەندیمان باش بووبوو. ڕۆژبە ڕۆژ پەیوەندیمان توندتر وخۆشتر دەبوو. جافر چونکە تەنیا بوو، ئامادەی دۆستایەتی بوو لەگەڵ هەرکەسێکا بە بچووکترین تاریف یان زەردەخەنە دۆستی دەگرت ودۆستایەتی لەگەڵتا دەگرت. لە ناخی خۆما حەزمدەکرد ڕیسکێکی ڕەوتەنی بکەم. کەسایەتیە شپرزەکەی ئەوەی نیشان دەدا کە لە ڕووی دەروونیەوە، سەقامگیر نییە، بۆیە پێدەچوو ڕازی کردنی کارێکی ئاسان بێ. هەندێ شتی ڕەواڵەتی و دەروونی بەرەو ئەوی ڕادەکێشام بۆ نموونە بیرەوەریانی کۆن وحیکایەتە ڕاز ئامێزەکانی ماڵی ڕاوی، یان سەرکێشیە شێتانەکانی جافر کە بووبوون بە وێردی سەر زاری خەڵکی. وێڕای ڕواڵەت و

دیمەنە ناشیرینەکەی، بەزەییم بە حاڵی بێ حاڵی ئاخر و ئۆخری تەمەنیا دەهاتەوە، مەیلێکی سەیر وگونگ بەلای ئەوا دایدەکێشام. کابرایەکی باڵابەرز بوو. ئەگەر نەگبەتی و نەخۆشی نەبوایە، پیرێکی سەنگین و بە ویقار دەبوو.

پاش ئەوەی لە شەقامی محەمەد عەلی، سەروپێمان خوارد، لێم پرسی:

- جافر تۆ چۆن دەژیت؟

- بەڕۆژەوە تا نیوەشەو، بە شەقامەکاندا سەرگەردان دەسوورێمەوە.

- باشە لە کوێ دەنوویت؟

- لە کەلاوەیەکدا شەو ڕۆژ دەکەمەوە.

- کەلاوە؟!

- بەڵێ.. کەلاوە. دەستم بەسەرا گرتووە. پاشماوەی خانووە کۆنەکەی ماڵی بابمە.. داگیرم کردووەو حاڵی حازر موڵکی منە!

زۆر لەمێژ بوو، بۆ ئەو گەڕەکە کۆنە نەچووبووم، نەمدەزانی کە ئەو خانووە بووە بە کەلاوە.

- باشە، ژن و منداڵت نییە؟

- لەوەیە نەوە ونەتیرەی من دنیایان پڕ کردبێ..

بزەیەکم بۆ کرد. بە شێوەیەکی جدی گوتی:

- زۆربەی کوڕەکانم قازین، کوڕی تاوانباریشم هەن..

- بە ڕاستتە؟

- وێڕای ئەمەش تەنیا و بێکەسم..

- ئەم قسانە چییە جافر؟

- گوێ بگرە. وەقفەکەم بۆ بگێڕەوە، هەنگێ پیشانتی دەدەم کە چۆن کوڕ ومندالْ و نەوەکانم، وەکو مار و مێرو لە دەورم خڕدەبنەوە.. بەڵام ئەگەر ئەم کارەم بۆ نەکەی هەمیشە دەربەدەر و بێکەس دەمبینی..

- چییە مەتەڵم لێ دادێنی.. حەزت لە مەتەڵە..

پێکەنی و گوتی:

- نە، حەزم لە پارووی چەور و نەرمی وەکو وەقفە، هەروەها حەزم لەوەشە نەفرەت بۆ ئەوانەش بنێرم کە ماڵی خۆ دەخەنە وەقفەوە.

- باشە تۆ بەم تەمەنی پیرییەوە هیچ جۆرە دەرامەتێکت نییە؟

- من دۆست وبنازۆی کۆنم هەن، کە تووشی هەر یەکێکیان دەبم بە ناوی سەلامەوە دەست بەرز دەکاتەوەو چەندی لە دەست دەربچێ دەمداتێ. ڕاستە من لە نێو ئەم خاک و خۆڵەدا دەگەوزم، بەڵام لە بنەڕەتا لە ئاسمانەوە کەوتوومەتە خوارەوە.

بە کەسەرەوە گوتم:

- ژیانێکی نالەبارت هەیە، یەکسەر عەرزوحاڵەکەت بنووسە..

- ئەمە ژیانی ڕاستەقینە ومرۆڤانیە، ئەگەر ئازایت تاقیبکەوە، ئازا بەو لە دەرگاکان بدە، خۆت بەکەم مەزانە، پێویستت بە هەرچیەک بێ هەقی خۆتە، دەتوانی بە دەستی بێنی. ئەم دنیا موڵکی مرۆڤە، موڵکی هەموو بەشەرێکە.. پێویستە دەستبەرداری دابە خراپەکانت ببیت وتەواو.

- باشە تۆ وێڕای هەموو ئەمەش گەرەکتە میراتەکەی بابات(باپیرە) وەربگریتەوە؟

قاقایەکی لێدا وگوتی:

- بەهەر حاڵ لە سەر دژگۆییان لێم مەگەڕە، من کۆمایەک هەڤدژیم، ئەوە لەبیر مەکە کە من بابایەکی پیرم، ئەوەش لەبیر مەکە ئەم شەڕەی نێوان من وبابام شەڕێکی کۆنە، شەڕیش وەکو دەڵێن بە کۆنە قین دەکرێ.

- حەز دەکەم بزانم بۆچی لە بەشە میرات مەحروومی کردوویت؟

- پەلە مەکە ئەمە درێژەی هەمان شەڕە، لەزێ مەکە، ئەوەندەش ساویلکە نیم وەکو تەسەور دەکەیت.. زۆر کەس بەم ڕواڵەتەم دەخەڵەتێن، تەنانەت منداڵانیش، وەختایەک لە جادەو باناندا دەسووڕێمەوە دوام دەکەون. نازانم ئەوانە چۆن بیردەکەنەوە، بەچیم دەزانن؟ من زۆرم حەز لە قسە کردنە، کە بە تەنێ دەبم، لە گەڵ خۆمدا قسە دەکەم، ئەمانە بە چیم دەزانن؟ ئێستا کە پیربووم و چوومەتە ساڵەوە، هێشتاش دەستبەرداری ئەو پرسیارانە نەبوون. باوەڕبکە من مرۆڤێکی ئاسایی نیم، تەنانەت لە چیاشدا نائاسایی بووم، لە کۆشک و لە کەلاوەشا هەر ئاسایی نەبووم، وێڕای دەربەدەری و گەداییش، سەربەرزانە بەرانبەر بە ژیان وەستاومەتەوە، چونکە ژیان تەنیا ڕێزی ئەوانە دەگرێت، کە گاڵتەیان پێی دێ..

بە دەم زەردەخەنەوە تەمەشام کرد، کە بەو چاکەت وپانتۆڵە شڕ وشەپڕێوەیەوە، بەو ڕوخسارە تاوە گازەیەوە، بەگژ دنیادا دەچوو. پاشان لە بن لێوانەوە گوتم:

- ئافەرین بۆ خۆت!

- من تەنیا پەیوەندیم لە گەڵ مرۆڤدا نەبووە، بەڵکو پەیوەندی قووڵم لەگەڵ دار و بەرد و جن وپەری وشەیتانیشدا هەبووە وهەیە، ئەمە جگە لە ڕەگەزە جەوهەرییەکانی شارستانیەت.

لە ناکاوا، قسەکەی گۆڕی ولێی پرسیم:

- ئەرێ بەڕاست پارێزەرێکی متمانە پێکراوت دۆزییەوە کە بۆلای بچین؟

بە تکاوە گوتم:

- تۆ بی ئەو خوایە واز لەو قسە هەلەق و مەلەقانە بێنە جافر..

- باشە من جافر ئیبراهیمی نەوەی سەید ڕاوی نیم؟

- با.. بەڵام هیچ پرسێک لە ئارادا نییە، کە بتەوێ پەیگیری بکەی.

هاواریکرد:

- کە واتە شۆڕشێک بەرپا دەکەم کە کەون و کاینات هەڵگێڕێتەوە..

- ئەگەری ئەمەیان زیاترە لە ئەگەری بردنەوەی پرسەکە، عەرزوحاڵەکە بنووسە، کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە..

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- ئێوە لەم وەزارەتخانەیەدا، بە بەرماوەی ئەوقافی ئێمەمانان دەژین، کەچی خێر و سەدەقەمان پێدەکەن..

- عەرز وحاڵەکەت بنووسە وکاتەکە بە فیڕۆ مەدە..

بۆماوەی چەند خولەکێک بێدەنگ بووین، پاشان وەکو ئەوەی ژێراوژێر خۆی بدوێنێ، گوتی:

- تەنیا پێنج جونەیهان!

- دەبێ ژوورێک، ئەگەر لە سەربانی یەکێک لەم باڵەخانانەش بووە بە کرێ بگریت..

- باسی شتی وا مەکە، ئەو پارەیە هەر بەشی خواردن وجگەرە وپۆشاک دەکات.. بەڵام سەبارەت بە سوکنە وماوا، چۆن ژوورێک بە کرێ بگرم، لە کاتێکا کۆشکێکم هەیە؟!. ئاخر ئەم کەلاوەیە بۆ کێ بەجێ بێڵم.. ئەم کەلاوەیە بە جێ ناهێڵم..

- لە زووترین کاتا عەرزوحاڵەکەت بنووسە و بۆ وەزارەتخانەی بنێرە..

- پێویست بە پەلە ناکات، با بیرێکی لێبکەمەوە، ڕەنگە عەرزوحاڵەکە بنووسم و پرس و ڕاوێژ بە پارێزەرێکیش بکەم. دووریش نییە بە بێ عەرزوحاڵ وبە بێ پارێزەر درێژە بە ژیان بدەم.. پێویست بە پەلەکردن ناکات..

- بە هەرحاڵ، ڕێگای خۆت دۆزیوەتەوە..

بە تووڕەیی گوتی:

- هیچ ڕێگەیەکی لێک حاڵی بوون لە نێوان مەدا نییە.. تۆ لەو کەسانەی کە لە ژیان دەترسن.. لێ من لەو کەسانەم باکم بە ژیان نییە ونرخی پووشکەیەکی بۆ دانانەم، ئەوەی تۆ لێی دەترسیت و لە خوا دەپاڕێیتەوە بە سەرت نەیەت و ڕوو نەدات، من بە پێی خۆم بەرەوپیری چووم..

- جافر تۆ گەورەت گەورە..

- قسەکانمت بە دڵە؟

- زۆر..

- حەزت لێیە، قسەی زیاترت بۆ بکەم؟

- زۆر دڵنیابە..

- تو شیوێکی شایستەت دەرخواردم دا، لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆمەکی زیاترم دەکەیت، هەرچەندە ئێمە کوڕی یەک گەڕەکین، با بڕۆین بۆ قاوەخانەی وەدوود لە بابل ئەخزەر..

شانبەشانی یەکدی بەرەو گەڕەکە کۆنەکە وەڕێکەوتین، بە تونێڵە کەوناراکەدا بەرەو بابل ئەخزەر تێپەڕین. دانیشتین، بەدەم نێرگەلە کێشان وقاوەخواردنەوەوە، کەوتینە گفتوگۆ و پاسێکی شەوە کڕ وکپ و درێژەکەمان بەسەر برد..

(( ٣ ))

شەوگار ڕاکشا، بابل ئەخزەر لە ژێر پەردەی شەوا هەڵاژا. لەو کاتانەدا خێڵی گەدایان بۆ گۆشە وکەنارەکانی خۆیان دەگەڕانەوە. بۆنی بوخارو دووکەڵ، لە گۆشەکانیەوە بەرزدەبووەوە. هیچ غەریبێک بەو درەنگە شەوە لە دەرگای قاوەخانەکەی نەدەدا تەنیا تاک و تەرایەک لە مشتەریانی قاوەخانەی وەدوود نەبێ، کە ئەوانیش هەموو ئەهلی نێرگەلەکێشان بوون. جافر گوتی:

- با باسی سەردەمی ئەفسانەت بۆ بکەم..

- مەبەستت لە ئەفسانە ( اسطورە ) سەردەمی منداڵییە؟

- من خۆم دەزانم چ دەڵێم، قسەکەم پێ مەبڕە، شتێک نییە ناوی منداڵیەتی بێ. بەڵام خەون و ئەفسانە هەیە، سەردەمی خەون و ئەفسانە، بە شێوەیەکی یەجگار شیرین و خۆش خۆی دەسەپێنێ، ڕەنگە بە هۆی کول وکۆڤانی بە ژانی ئیستاشەوە دزیو و ناواقیعی بنوێنێ، لە ویژدانما، لە ناخما دەنگدانەوەیەکی گەورەیە، بەڵام کە شی دەکەمەوە هیچی تیا نابینم، ئەمە خۆی لە خۆیدا تەبیعەتە ئەفسانەییەکەی دووپات دەکاتەوە، ڕەنگە تۆ شتێک دەربارەی دوو جەمسەرە سەرەکییەکەم – داک وبابم- بزانیت، بەڵام من هیچ شتێکی ئەوتۆیان دەربارە نازانم.

- بە منداڵی بەرەڵڵایان کردیت؟

- بە هیچ جۆرێ بابم لە بیر نییە. نە ڕوخساریم لە یادە، نە وێنەیەکی فۆتۆگرافی هەیە کە بیرمی بخاتەوە. من نۆبەرەی بووم، هەرکە منی خستووەتەوە ئیدی ماڵاوایی لە دنیا کردووە، تەنیا یەک شت هەیە کە دووراودوور ئاماژەیەکی گونگ بۆ ئەو دەکات، ئەویش ڕۆژی ئاهەنگی کەژاوەکە بوو کە بابم لە پشت ئەو پەنجەرەیەوە کە دەیڕوانیە مرجوش وەستابوو، من چووبوومە سەرشانی، ملم درێژ کردبوو و لە سەر شانی ئەوەوە دەمڕوانیە ئاپۆڕای ئاهەنگێڕەکان، دەمڕوانیە قوبەی زێڕینی کەژاوەکە کە بە غرووروەوە، هاتبووە ئاستی پەنجەرەکە، ئەم هەڵوێستە نیشانەی سۆز ومیهرەبانی بوو، وانییە؟ کەژاوە بۆ خۆی دیمەنێکە لە دیمەنە ئەفسانەییەکان، جەماوەرەکەش لە ڕاستیا جەماوەرێکی تایبەتی بوو. ڕۆژێکی دیکەش ئەم بیرەوەرییە، لە نووسینگەکەی خۆما لە مەیدانی بابل خەلق، جارێکی دی لە ناخما سەری هەڵدایەوە، بە جۆرێ سەری هەڵدایەوە، کە هاوارم بە سەر "سەعد کەبیر" دا کرد و گوتم..

قسەکەم پێبڕی:

- ئێمە لە باسی ئەفسانەداین، لە باسەکە دەرمەچۆ و قسەکەت مەگۆڕە!

- وازبێنە با بە کەیفی خۆم قسان بکەم، حەزم لە کۆت وبەند نییە!

- بەڵام بای بیرەوەریان حیکایەتەکە دەبات و سەرەداوەکانیم لێ گوم دەبن.

لە قاقای پێکەنینی دا وگوتی:

- یانی ئەوەم پێ ڕەوا نابینی بە ڕۆژگار ڕابوێرم، وەکو چۆن ئەو بە منی ڕابواردووە و کردوومی بە گەپجاڕی خۆی؟! دەی باشە با بێینەوە سەر ئەفسانە، سەر جنی گەندەڵ و بێ گیانانی لاسار وحەقیقەتە تاپۆیی و وەهمیەکان و خەونە حەقیقیەکان. با بگەڕینەوە سەر ئەفسانە، پێم گوتی باوکم بیر نایەت، لێ هەرگیز دەستی دایکم لەبیر ناکەم.

- دەستی دایکت؟

- سەبر بکە بابم مرد، چۆن وبۆ؟ نازانم، بەڵام وەکو پاشی زانیم لە هەڕەتی لاویدا مرد. من تەمەنم پێنج ساڵ دەبوو ونەدەبوو، تەنانەت ماڵی "مرجوش "م بیر نایەتەوە، ژوورێک هەبوو، لە دالانەکەوە بە دوو قالدرمە بۆی سەردەکەوتی، تەختێکی بەرز هەبوو، بە پەیژەی دار بۆی سەردەکەوتی، پەیژەیەک کە سەری بۆ یاری وگەمە دەیەشا. نێرگەلەیەکی بێ خاوەن لە سەر سینییەک دانرابوو کە دەستم نەیدەگەیشتێ. چەند پشیلەیەکی بە نازو گەلاکوتکێک وگەنجینەیەکی تاریک ونوتەک کە مەڵبەندی جۆرەها جن و مشکی ڕەشی گەورە بوو، بخوردانێک و گۆزەیەک کە لە سەر سینی یەک دانرابوو، لیمۆیەک لە ئاوەکەیدا مەلەی دەکرد، وکوانگێک و چەند کیسە خەڵوزێک، و مامرێک وکەڵەشێرێکی بەکەش وفشی لێبوو. بابم مرد، بەڵام نازانم چۆن؟ نازانم چ کارە بوو، بەڵام دەتوانم باسی خودی مەرگت بۆ

بکەم، چونکە شارەزا و پسپۆڕی ئەم بوارەم.. بە دروستکردن دروستی دەکەم. یانی ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بە یەکێکی وەکو تۆ بڵێم من بەخشەندەی ژیانم، زێدەڕۆییم نەکردووە.. کاتێ تووڕەیی گڕ دەگرێت، بڵێسەی بەرز دەبێتەوەو وشە ئاسمانیەکان هەڵدەلووشێت، هەندێ دەرگای گونگ ڤەدەبن و شەیتانان بەرەبەرە لەوێندەرەوە وەژوور دەکەون، خودی ئیبلیس بە کەژاوە وکاروانە ئاگرینەکەیەوە دێت، قازی و پۆلیس و زیندانەوانان دەوری دەدەن. ئەوکاتە جافر ڕاوی، ناو و نازناو و پێستی خۆیشی دەگۆڕێ.

بە تکا و ڕجاوە گوتم:

- ئێ مردنەکەی بابت گەییە کوێ؟

- بێ قەزا بی تۆش، قەریحە وئیلهامی بەشەر کوێر دەکەیەوە. دەتەوێ بزانی بابم چۆن مرد، وەکو ئەوەی بابی تۆ بێ، من چوزانم؟ کاتێ لە تاریکیدا بێدار بوومەوە، سەیرم کرد دایکم لە باوەشی گرتووم و بۆ ماڵی دراوسێکەمانم دەبات، بێگومان خەو بردوومیەتەوە، کاتێ بەیانی لە خەو ڕابووم، خۆم لە شوێنێکی غەریبا بینییەوەو دەستم بە گریان کرد، ژنە دراوسێکەمان خواردنی بۆ هێنام، لە دایکم پرسی:

- دایکت بۆ شوێنێ ڕۆییوە، هەر ئێستا دێتەوە، خەمت نەبێ، خواردنەکەت بخۆ.

بە نەبەدڵی خواردنەکەم خوارد، لە هەمانکاتدا دەنگێک لە گوێما دەزرینگایەوە، هەڵبەتە دەنگە دەنگ و هەلهەلە و ئەو شتانە لە گەڕەکی مەدا شتێکی ئاسایی و نۆرماڵ بوو. هەر ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی بوو یان ڕۆژی دواتر بوو، بۆ ماڵی خۆمان دەگەڕێمەوە. ڕووبەڕووی کەش و هەوا و

هاماجێکی سەیر و خەمناک بوومەوە، کە ڕازێکی بەسووی ئاشکرا دەکرد وهەرچیم دەکردو دەکۆشا بۆم لە بنج وبناوان نەدەکرا و نەدەگەییمە سەرچاوەکەی، بەڵام ترس و غوربەت و نیگەرانییەکی گۆنگی لە دڵ و دەروون و ناخما دروستدەکرد، ئەمە دایکمە، چەند گۆڕاوە، گەلەبیەکی ڕەشی لەبەرە، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەماوە، نەخۆش وڕەنگزەرد، نیگای خەفە و پەژمردە، ڕەوشی ماڵەکە گۆڕابوو، زۆر خراپ بووبوو، خۆشی و شادی لە حەوت کێوان ئاوا بووبوو.

- چیتە دایکە؟

- هەموو شتێک باشە، تۆ یاری و کایەی خۆت بکە.

- ئەدی بابم لە کوێندەرە؟

ڕووی لە من وەرگێڕا وگوتی:

- سەفەری کرد.. بڕۆ گەمە بکە.. سەربانەکە هەمووی هی تۆیە، ئەوەندە پرسیار مەکە..

مامەڵەیەکی تازەم لەگەڵدا دەکرا، لە جەفا وفەرامۆشی بەدەر نەبوو، داکم گوێی نەدەدامێ، خۆی لێ دەدزیمەوە، ئەگەر بە جەستەش خۆی لێ نەدزیبامەوە، بەچاو خۆی لێ دەدزیمەوە، پشتی دەکردە من ودەگریا، بابم لە سەفەر نەگەڕایەوە، هەرچەندە منداڵ بووم، بەڵام زۆریش نەزان و نەفام نەبووم. هەندێ شتم دەربارەی خوا، شەیتان، جن وبەهەشت ودۆزەخ، تەنانەت دەربارەی مەرگیش بەرگوێ کەوتبوو کە مایەی دڵخۆشی نەبوو، بابم کەی لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە، کەی ڕوخساری دایکم وەکو جاران دەگەشێتەوە؟ چەندم بەو نیگەرانیە چاوەڕوانی بابم کرد، کەنگێ لە

هاتنەوەی نائومێد بووم، چۆن لە بیری خۆم بردەوە و دەستبەردار بووم، چۆن دوای ئەوە درێژەم بە ژیانم دا وەکو ئەوەی هیچ شتێک نەبووبێ؟ بەهەرحاڵ من هەموو ئەو شتانەم فەرامۆش کرد و پێویست بە یادکردنەوەو تۆمار کردنی ناکات، بەلامەوە گرینگ نییە، بەڵام ئەوەی بۆم لە بیر ناکرێ و مەحاڵە فەرامۆش بکرێ دەستی دایکمە..

- لە قسەکانتا زۆرجار باسی دەستی دایکت کرد؟

- یان دەستی دەگرتم یان دەستم دەگرت وپێکەوە بە گەڕەک وبازاڕەکانا دەسووڕاینەوە..

- بۆ بازاڕ کردن یان بۆ پیاسە وگەڕان؟

من لە خەرابە وکەلاوەکانەوە هۆگریم لەگەڵ گیانی هەڵایساوی جافردا پەیدا کرد، دیار بوو دڵی بە شیوەکە ونێرگەلەکە زۆر خۆش بوو وخۆی بە منەتبار دەزانی، شادمان بوو بەوەی کەسێکی دۆزیوەتەوە، بە بایەخەوە گوێ لە قسەکانی دەگرێ. ئیدی لە سەر قسەکانی ڕۆیی و گوتی:

- هەندێجار هەوڵدەدەم، وێنەی دایکم، ڕوخسار و ڕواڵەتی وەبیر خۆم بێنمەوە، بەڵام شتێکی ئەوتۆم بیر نایەتەوە، بۆ نموونە دەمەوێ بزانم بەژنی چەند بوو؟ هەڵبەتە من زۆر لەو کورتتر بووم، هەمیشە کە قسەم لە گەڵیا دەکرد، تەمەشای سەرەوەم دەکرد.. بەڵام ئەوە هیچ ناگەیەنێ و درێژی باڵای دیاری ناکات. کێشی دەرناخات، نە ڕەنگی چاوانی و نە ڕەنگی ڕوخساری نانوێنێ و دیاری ناکات. تەنیا وێنەیەکی گشتی گۆنگ و نادیار، هەندێ نیشانان و دەنگێن نەبیستراو، سۆز وگودازی پڕ جۆش و هەندێک بزە وپێکەنین وسەرزەنشی وەکو خەون و خەیاڵان دێنە بەرچاوم، بەم وەسفانەدا، دەتوانم بڵێم دایکم جوان بووە، هەر ئەم جوانیەش بووە بایسی

کارەسات و نەگبەتی، هەروەها ئەوەشم لە یادە جارێکیان ژنە دراوسێکەمان، نازانم بە چ بۆنەیەکەوە بوو، گوتی: " جافر کوڕی ژنە جوانەکەیە " هەڵبەتە دایکم ئەوەندە نەژیا تا بتوانم لە دڵی خۆما هەڵیگرم، بیپارێزم و هەرگیز کاڵ نەبێتەوە، تەنیا دەستی، دەستی لەگەڵ مندا مایەوە، دەستێک کە تا ئێستاش هەست بە گەرمی و گوشاری دەکەم، دەستی ڕادەکێشام و لەگەڵ خۆیی دەبردم، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەبردم، بە ڕێگای سەر پۆشراو وسەرکراوەدا، بە نێو ئاپۆڕای ژنان وپیاوان، بە بەینی گوێدرێژ و گالیسکاندا دەیبردم، بە بەر دووکان ومەرقەد وتەکێیاندا دەیبردم، بۆلای نوشتە نووس و فالگرەوەی دەبردم. بە دیزداشەکەمەوە دەیبردم و کلاوێکی گوڵدۆزی ڕەنگاوڕەنگم لەسەر بوو و دووعایەکی چاوەزار بە پێشەکەیەوە شۆڕ بووبووەوە. قسەکانی داکم ئاهەنگین وشیعر ئامێز بوو، بەو زمانە هەموو بوونەوەرانی، هەریەکە و بە زمانی تایبەتی خۆی، دەدواند، لەگەڵ خوای ئاسمانان، لەگەڵ پەیامبەران و فریشتاندا، لەگەڵ ئەولیای گەورەی نێو قەبراندا دەدوا، تەنانەت لەگەڵ جن وتەیر وتو و پەڕندە و باڵندە و دار وبەرد و بێ گیانان و مردووانیشدا قسەی دەکرد. ئەنجام بەدەم ئاهو نالەوە، بە پچڕپچڕی، گلەیی لە یەغباڵی بەد وبەختی ڕەشی خۆی دەکرد، هەڵبەتە دنیاش، دنیایەکی زندوو وهۆشن بوو، قسەی وەردەگرت و وەڵامی دەدایەوە، بە ویستی پەنهان وناڕاستەوخۆی خۆی، بەشداری لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا دەکرد، هیچ جیاوازییەک لە نێوان فریشتان ودەرگای مەزاران نەبوو، لە نێوان هودهود و دەروازەکانی قاهیرەی کۆندا نەبوو، تەنانەت جنیش بە وشە ئەفسووناویەکانی ڕام دەبوو، من بە فەزڵی ئەو شتانەوە لە تالوکەێن بێشومار ڕزگار بووم..

که سەیرم کرد شتەکەی زۆر بە جدی گرتووە، لە پێکەنینا خۆم پێنەگیرا، ئەویش بەبێ ئەوەی خۆی شیلوێ بکات، یان دەستبەرداری جدیەتەکەیخۆی ببێت، لێی پرسیم:

- بە چی پێدەکەنی؟

بە زمانێکی تەوازی ئامێزەوە گوتم:

- تۆ خەونێک دەگێڕیتەوە کە تازە شرۆڤە و ڕاڤەکەی دەزانی..

بە کەش و فشێکەوە گوتی:

- وا خەیاڵ نەکەی تۆ بە قەد نیوەی من لە دنیا دەزانی.

- ئاوا؟

- من دەریام، نەک کەش و فش!

- بەڵام تۆ جیاوازی نێوان حەقیقەت و خورافە ناکەیت.

- شتێک نییە بە ناوی حەقیقەت وخورافەوە، هەڵبەتە جۆرەها حەقیقەت هەیە، کە بە گوێرەی قۆناغی تەمەن و ئەندازەی دەرک کردنی ئێمەی بەشەر دەگۆڕێ، بەم پێیە ئەفسانان، حەقیقەتن، وەکو هەر حەقیقەتێکی سروشتی و مێژوویی و دام و دەزگا مەعنەویەکانی دیکە.. با نموونەیەکی زندووت بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژێک دایکم بۆ زیارەتی گۆڕەکەی بابمی برد، کە گۆڕێک بوو لە نێو گۆڕی هەژاران و لە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و بێ دار و درەختا بوو، ئەوسا کەوتە دەردە دڵ لەگەڵ بابمدا و گوتی: " ژنەکەت و کوڕەکەت سڵاوت لێدەکەن لە خوا دەپاڕێنەوە بە ڕەحمەتی خۆی ڕەحمت لێبکات، بتبەخشێت، ئەی خۆشەویست و بەخشندەترین کەس، من هاتووم بۆ

لای تۆ تا گلەیی تەنیایی وخەمباری خۆمت لەلا بکەم. ئەی ئازیز گیان، لە لای خوایەکەت دوعای خێرمان بۆ بکە. " خێرا گوێم نا بە دیواری گۆڕەکەوە، گوێم لە ئاهو قسەی بابم بوو، کە بۆ دایکم گێڕایەوە، دایکم گوتی: " تۆ وەلیت و تا ڕۆژی پەسلانێ هەر بە موبارەکی دەمێنیتەوە. "

لە ڕووی بەزەییەوە لێم پرسی:

- باشە بابت چی پێگوتی؟

- تۆ باوەڕم پێناکەی، بۆیە وەڵامت نادەمەوە!

هەستم کرد جافر دەیەوێ ئەم شۆخیانە لە پەردەیەکی جدیەتەوە وەپێچێ، یان دەیەوێ هاماجێکی ئەوتۆ بۆ ئەفسانەکەی فەراهەم بکات، کە بتوانێ دڵی خۆی پێ ڕازی بکات، بە ناچاری کەوتمە ورتەورت و لە بەر خۆمەوە گوتم:

- لە سەروو هەر زانایەکەوە زانایەکی زاناتر هەیە.

- دنیای مە دنیایەکی زندوو بوو، یەکپارچە ئارەزوو و سۆز وخەونان بوو، ئیدی سوعبەت و جدیەت، خۆشی و ناخۆشی، بەشەر و جن، ئاژەڵ و ئەشیا، گیاندارو بێگیان، هەموو پێکەوە هەڵیان دەکرد ودەژیان..

- باشە تۆ هەموو ئەمە دەرک دەکەی؟

- زۆر چاکیش، بە ئەشق و ڕژد بوونێکی زۆرەوە..

- باشە تۆ لەو شتانەی لە دەورو و بەرت ڕوو دەدەن ناترسیت؟

- هەندێجار دەترسم، بەڵام لەوەتای بووم بە خاوەنی چەکی بەرگری و هێرش، بۆ خۆم بووم بە گەورەی دنیا، باکم بە هیچ نییە. ئێوارەیەک، یاریم

بە لیمۆیەکی ناو کەشەفەیەکی قەراخ پەنجەرەکە دەکرد، لە ناکاوا چاوم بەسەری بوونەوەرێک کەوت کە لە سەر جادەکەوەو لە ئاستی پەنجەرەکەوە تەمەشای منی دەکرد، چاوەکانی لە تاریکیەکەوە دەدرەوشانەوە، هەر دوو لاقی لە ئەرزەکە چەقی بوون، لە ترسا بە شپرزەیی پاشەوپاش کشامەوە، بە پشتا کەوتمە سەر ئەرزەکە، یەک بە خۆم هاوارم کرد، هاوارەکەم دڕی بە بێدەنگی شەوەکە دا، پاشان حاڵی بووم دیداری بەشەر و جنیان نابێ بەو شێوەیە ڕووبدات. دایکم پێی گوتم وەختی ئەوەم هاتووە کە " الصمدیە " ئەزبەر بکەم، بەڵام دێو و درنج و جنۆکەکانی ماڵی ئێمە کە لە ژێر زەمینەکەدا دەژیان- بە تەبیعەت حەزیان لە شۆخی و سوعبەت بوو. بە ڕاستی بێ وەی بوون، ئازاریان بە کەس نەدەگەیاند. پەنیریان تێکەڵ بە هەنگوین دەکرد، یان ڕۆنیان بۆ بە کارهێنانی تایبەتی خۆیان دەشاردەوە، یان چرای دەستی ڕێبوارانی شەویان دەکوژاندەوە، خراترین سوعبەت و شۆخیان ئەوە بوو، خەونیان لێدەکردیت بە ڕموزن و کابوس..

- باشە دەتوانی بیرۆکەیەکم سەبارەت بە وێنەی جن بدەیتێ؟

- نەخێر، چونکە تۆ ئامادەیی قەبووڵکردنی ئەم شتانەت نییە. ئەمە جگە لەوەی کە لەگەڵ ئاوابوونی سەردەمی ئەفسانەدا، جنیش لە ژیانی بەشەر وەدەر دەکەون، ئاوا دەبن.. بەشەریش بە تەواوەتی لە بیریان دەکەن وبگرە نکۆڵیان لێدەکەن.. هەڵبەتە هەموو ڕۆژێک، لە شێوەی بەشەری تازەدا دەبینرێن. نکۆڵی کردن لە جنۆکان، شەڕی ڕاستەقینە وئازاری گەورەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بۆ نموونە تۆ ڕژدی لە سەر ئەوەی کە جن جگە لە خورافە هیچی دی نییە، کەچی من قەدەر وای بۆ ڕەخساندوم شەوی لەیلەتول قەدر، لە کاتێکا لە باوەشی دایکما دانیشتبووم و دەمڕوانیە

ئاسمان، ئەو نووره موبارەکە بدینم! پەنجەرەیەک کرایەوەو ڕوناکیەکی ڕەخشان هاتە ژوورەوە، نوورێکی هێندە ڕوناک بوو، کە تیشکی ئەستێرەکانی کردە ژێرەوە..

بەدەم پێکەنینەوە گوتم:

- دەڵێن هیچ بەنی بەشەرێک نووری لەیلەتول قەدر نابینێ، تەنیا ئەوانە نەبێ لە بەختەوەریان لە چارەنووسرابێ..

قاقایەکی دوور و درێژی لێدا و ئەوسا گوتی:

- وادیارە ئەمجارە بۆڕت پێدام.. بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کەم. ئەلهەقی من زەقترین نموونەی کوێرەوەریم، بەڵام پەند وعیبرەت لە کۆتاییدا دەردەکەوێ، ئەم کۆتاییەش هێشتا نادیارە، ڕەنگە وەڵامەکەی لە بەهەشتا وەربگرمەوە. من مێژوویەکی دوور ودرێژم لەگەڵ بەهەشتا هەیە، دایکم وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی کارامە باسی بەهەشتی بۆ دەکردم. ئیدی بەهەشتم لەلا شیرین بوو، بووبوو بە خولیای شەو و ڕۆژم، بەجارێ عەقڵ وهۆشی بردم، ئیدی بوو بە خەونی هەرە جوانم، لەم بەهەشتە ئەفسووناویەدا کە مرۆڤ بە چاوی خۆی خودا دەبینێ، بە گوێی خۆی گوێی لێدەبێت، بە زمانی خۆی لەگەڵی داخڤێ، لەم بەهەشتەدا باخ وڕوبار وئاواز وستران و گەنجایەتی هەمیشەیی هەیە.. دەی با بگەڕێینەوە سەر چیرۆک و بەسەرهاتی دایکم، کە دوای مەرگی بابم چۆن دەژیا؟ دوایی ئەم پرسیارانەم بە خەیاڵدا هاتن، بەڵام هیچ کاتێک وەڵامم دەست نەکەوت. هەموو ڕۆژێ بە هەڤرا لە ماڵ وەدەر دەکەوتین.. سەری نزرگایانمان دەدا، دەچووینە دووکانان و پێداویستی خۆمان دەکڕی و پاشان بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە. ئەو مژوولی کاروباری ناوماڵ دەبوو، منیش خۆم بە بەهەشتە

زەمینیەکەدا دەکرد و دەچوومە ناو مامر وپشیلەکان. نە من کەسوکارم هەبوو نە دایکم، تەنیا ژنەکەی دراوسێمان جارجار سەری دەداین.. ئایا دایکم پارە و پولێکی هەبوو؟ تاکو ئەمڕۆش حەقیقەتی ئەم بابەتەم بۆ ساغ نەبووەتەوە. لە دوای مردنی بابمەوە هەمیشە هەر ڕەشپۆش بوو. هەندێجار ئەگەر خەڵوەتێکی دەست کەوتبا و تەنیا با دەگریا، زیاتر لە جارێک بە گریانەوە گرتبووم، ئیدی بۆم دەرکەوت کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم گریانە و مەرگی بابمدا هەیە، دەبێ ڕازی ئەمە چ بێ! لێم پرسی:

- باشە دایکە تۆ ناڵێی بابم لەلای خوایە؟

سەری بەڵێی بۆ لەقاندم، دووبارە لێم پرسییەوە:

- دەی کەوایە بۆچی دەگریت؟

گوتی:

- جافر تۆ بەهەڵە چوویت، گریان بە دەست مرۆڤ نییە، ڕوندک خۆبەخۆ بەردەبێ و دێتە خوارێ.

هەڵبەتە ئەم شتانە، لە لاساری وسەرکێشیە ڕۆژانەکانی نەدەگێڕامەوەو کاتم بە خۆشی و شادی دەقەتاند، هێلکە مریشکانم کۆ دەکردەوە، مشکانم ڕاو دەنا. بەگژ شەیتان وجنۆکانا دەچووم. ئەم لاساری و سەرکێشیانە تا ساڵێک دوای مردنی بابم هەر بەردەوام بوون، حیکایەت وچیرۆکی ڕوباب لە قاوەخانەکەی ژێر پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە، شیفتەی خۆی کردم، بە وردی گویم لە ئاواز و شیعرەکەی دەگرت و هەوڵمدەدا بە گوێرەی توانای خۆم لێی تێبگەم.. زۆر شەڕ و پێکادانم لەسەر لایەنگری قارەمانانی چیرۆکەکە بەچاوی خۆم بینی، هەر لە هەمان پەنجەرەوە، شەڕی نێوان شەقاوە

وچەقۆکێشانم لە ڕێوڕەسم و ئاهەنگ و شایی و زەماوەندا بینی.. وەکو چۆن ئاشق و شەیدای جنیان بووبووم..بەو ئاوەیەش ئاشق وشیفتەی شەقاوەو چەقۆکێشەکانیش بوو بووم.. ماوەیەکی زۆر خەونم بەوەوە دەبینی کە ببمە شەقاوە، هەڵبەتە ئەمە دوای ئەوە بوو کە لە بە جن بوون نائومێد بووم..

لێم پرسی:

- باشە هیچ ئارەزوو و خەونێکی منداڵیت نەهاتەدی؟

- پێم ڕامەبوێرەو سەبر بکە، گەرەکمە باسی ئەشق و ڤیانت لە سەردەمی ئەفسانەدا ( اسطوره ) بۆ بکەم.

- بەڵام سەردەمی ئەفسانە سەردەمی ئەشق و ڤیان نییە..

- بەڵام خۆشەویستی وڤیان لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەستی پێکرد.. لە شەوانی ڕەمەزاندا، حەزم دەکرد، خۆم بە ئاپۆڕا و کۆڕی کیژاندا بکەم. تاقە هۆی جدی ئەو لەزەتەی لە گرتنی دەستی دایکم هەستم پێدەکرد، خۆشەویستی بوو. جارێکیان کچێکی هاوتەمەنی خۆم تەفرەدا وبردمە شوێنێکی پەناوەو چەرچەفێکم بەسەر خۆماندا دا، لێ ئەم ئاشقێنییە زۆر درێژەی نەکێشا، لە ناکاوا چەرچەفەکە لە سەرمان لاکەوت، لە ترسا سەرم هەڵبڕی، نیگام لە نیگای دایکم هەڵەنگوت، سەری بە سەرما شۆڕ کردبووەوەو پرچی بە سەرما کەوتبوو و بە تووڕەیی تەمەشای دەکردم، بۆ ئاگاداریت پرچی زۆر درێژ بوو، هەرکاتێ بۆم بلوایە یاریم پێدەکرد، دەمکردەوە، دەمهۆنیەوە، وەکو پەت بام دەدا.. هەڵبەتە دایکم ژنێکی جوان بوو، ئەگەر ئەوندە جوان نەبوایە گیرۆدەو گرفتاری ئەم قەرەبەختیە نەدەبووین.

- باسی ئەشقی سەردەمی منداڵی خۆتم بۆبکە..

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- هەڵبەتە وەکو کارێکی بێهودە دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوندەی لە بیرم بێ، جۆش و خرۆشێکی هێندە پڕ سۆز وگوداز بوو، زیاتر لە نەشەی مەستیەوە نزیک بوو..

- ئەوە شتێکی نائاساییە!

- بەهەرحاڵ من ئەوە نازانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە مەسەلەی سێکس لە ژیانما، مەسەلەیەکی زاڵ نەبوو، بەڵام لە کاتی خۆیا ڕۆڵێکی بنجبڕی دیتووە، بەڵام لە دەورانی منداڵیدا لە چوارچێوەی تەسکی خۆیدا، بەشداری لە فورمالیتەی ئەفسانەکانمدا کردووە، هەرچەندە ئەفسانە دووچاری جەزرەبەیەکی کوشندە وچاوەڕوان نەکری بوو. بەیانیەک، بێئەوەی دایکم وەکو هەمیشە بێدارم بکاتەوە، بە خۆم لە خەو ڕابووم. کە دیتم دایکم لە غورابی خەودایە وبە دەما خەوتبوو، هەنگێ زانیم کە هەر خۆم هەستاوم، زۆر خۆشحاڵ بووم کە بۆ تاقە جارێک لە تەمەنی بچووکی خۆما، من ئەو بێدار بکەمەوە. دەمم بردە پەنا گوێی و چەند جارێک گازم کرد، جارێک و دووان و سێیان بانگم کرد، لێ هیچ وەڵامێکی نەدامەوە. بە مهیرەبانی تەکانیم دا و بانگم کرد، دەنگم بەرزتر کردەوە، توندتر تەکانیم دا، لێ بەرسڤی نەدامەوە. ڕژد بووم لە سەر بێدار کردنەوەی، ئیدی بە ڕادەیەک دەنگم هەڵبڕی کە دەنگم هەموو ژوورەکەی پڕ کرد، بەڵام بێ فایدە بوو، نائومێد بووم، لەنێو جێگاکە دەرپەڕیم و لە ژوورەکە وەدەر کەوتم. هەنارێکم لە سەر سەندووقەکە هەڵگرت و چوم بۆ سەربان، پاکم کرد و کەوتمە جووینی دەنکە کارەباییەکانی و تفاندنەوەی تڵپەکەی بۆ

مریشکەکان. لە سەربانەوە ژنە دراوسێکەمانم بینی، لە دایکمی پرسی، منیش حاڵ و حیکایەتەکەم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. کە گوێی لە قسەکانم بوو، داوای کرد دەرگاکەی بۆ بکەمەوە، بە ڕاکردن خۆی گەیاندە سەرینی دایکم، بە سەریا دانەوییەوە، من لە بەر دەرگاکە وەستابووم و تەمەشام دەکرد. لە ناکاوا، کەوتە سینگ کووتان و هاواریکرد: " هاوار بە ماڵم بۆ تۆ دایکی جافر " ئەوسا بۆلای من هات، باوەشی کردم و بۆ ماڵیخۆیانی بردم، بەم ڕەفتارەی دڵم گوشرا، هەمان ئەو ڕەفتارەی بیر هێنامەوە کە بابم بۆ هەتاهەتایە لەبەرچاو نەما. ئەو ڕۆژەی کە بابم ڕۆیی و هەرگیز نەگەڕایەوە، خۆبەخۆ هاوارم دەکرد: " دایکە... دایکە... دایکە... دایکم دەوێ... " دوو سێ ڕۆژێکم لە ماڵی دراوسێکەمان بەسەر برد، کە خراپترین ڕۆژانی سەردەمی ئەفسانەییم بوون، ئێوارەی ڕۆژی دووەم یان سێیەم، دراوسێکەمان دڵخۆشی دامەوە وگوتی:

- جافر خەم مەخۆ، خوای تۆش دەهەندە ودلۆڤانە.

بە نائومێدییەوە گوتم:

- من دەزانم، دایکم بۆ لای بابم چووە..

ژنەی تاین، ڕوندک لە چاوانی قەتیس مان و لەبن لێوانەوە گوتی:

- خوا پشت و پەنات بێ، ئەو دایک و باوک و هەموو شتێکە..

مێردەکەشی کە خەریک بوو ددانی سیواک دەکرد گوتی:

- دەبێ کارێ بکەین، دەبێ حکوومەت ئاگادار بکەینەوە..

ژنەکە گوتی:

- باوەڕ بکە، دڵی بەردیش بۆ ئەم منداڵە دەبێ بەئاو.

چەند ڕۆژێک بووری، من خەمین و خەمبار، لە گۆشەیەکا هەڵکوڕمابووم و لە خۆما غەرق بووبووم، لە ناکاوا ژنە دراوسێکەمان بە خۆشحاڵییەوە، بەرەولای من هات و گوتی:

- گیانەکەم، مژدەت لێ بێ، خوا دەرگای ڕەحمەتی لێکردوویتەوە، بابات هاتووە بە شوێنتا..

هیچ حاڵی نەبووم.یەکەمجار بوو وشەی بابام ( باوەگەورە، باپیرە ) دەبیست.

(( ٤ ))

بەسەرسامی لێم پرسی:

- یەکەمجار؟

- بەڵێ، یەکەمجار.

- باشە دایکت قەت لە ژیانی خۆیا باسی ئەم پیاوەی نەکردبوو؟

- هەرگیز، هەڵبەتە لە هەمان گەڕەکیش ئاکنجی بوو..

- باشە دایکت بۆچی ئەم مەسەلەیەی لە تۆ دەشاردەوە؟

- ڕەنگە ڕقی لێی بووبێ، بەینیان نەبووبێ. بەهەرحاڵ ژنە دراوسێکەمان تێی گەیاندم کە ئەم پیاوە باپیرەمە، باوکی باوکمە... ماڵەکەی لە " مرجوش " وە دوور نەبوو. ئەم ماڵەم بەلاوە غەریب نەبوو، زۆرجار لەگەڵ دایکما بۆ زیارەتی نزرگەی حسەین دەچووین، بە بن دیواری حەسارە بەرزەکەیدا دەڕۆیشتین لە بیرمەجارێکیان پرسیاری ئەو دیوارە بەرزەم

لێکرد کە لە هەنبەر ژێر زەمینەکەی ماڵی قازیدا وەکو چیا چووبوو بە ئاسمانا، بلەز گوتی: " ئێرە زندانە. تاوانباران لەوێ، تەمەنی خۆیان لە تاریکیدا دەبەنە سەر. " خانوویەکی تەریک و دووردەست نەبوو. ئەو کاتانە، لە گەڕەکە میللەیەکاندا خانووی دەوڵەمەندان وهەژاران دیوار بە دیوارەوە پێکەوە چەسپی بوون.. کە لە دەرەوە تەمەشات دەکرد نە خانوو دیار بوو نە باخەکەی تەنیا دیوارە بەردینەکەی حەسارەکەی دەیڕوانیە سەر ماڵەکە، دیوارێکی بەردینی بەرز ودرێژ بوو کە بەڕاستی لە دیوار وحەساری زندان یان قەڵا دەچوو، کە دەرگاکەی بە هەر دوولادا دەکرایەوە، وەختایەک لە دەروازەکەیەوە وەژوور کەوتین، یەکەمجار چاوم بە باخەکەی کەوت، پێش ئەمە بۆ هیچ باخ و باخچەیەک نەچووبووم، لە دنیای ڕووەک و درەختاندا، تەنیا تاقە دار بەڕووەکەی مەیدانەکەی بەردەم ماڵی قازی، و دەوەنە کاکتوسەکەی  قەراخەم بینی بوو، ئاوازی بولبول و جریوەجریوی چۆلەکە و کێشکانم هاتنەگوێ، چاوم بە مەلیچک وفەرخە باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر لق وپۆپی درەختەکانەوە کەوت. هەروەها چەند پۆلە کۆتر وکەفۆکێکم بینی کە بە دەوری بورجێکی پشت ئەو قایمە مێوەوە دەسووڕانەوە، کە دەیڕاونیە جۆگایەک کە باخەکەی بە پانی دەکردە دوو بەشەوە، باخەوانێک، تا سێ یەکی لاقی لە جۆگاکە چەقی بوو و قەرتاڵەیەکی بە دەستەوە بوو. بۆنی گوڵ و گیا کەپووی پڕ کردم، بۆنێکی خۆش و بەهەشتی، کە مەستی دەکردم. بەجۆرێ بەم دیمەنانە سەرسام بووم، چیوای نەمابوو لە قووڵایی ناخمەوە هاوار بکەم. بە ڕاڕەوێکدا بەرەو هۆڵی باڵەخانەکە ڕۆیشتم، ئەم بەر وئەوبەری ڕاڕەوەکە یەکپارچە گوڵی جوان وڕەنگاوڕەنگ بوو، کابرای شانبەشانم دەستی گوشیم و بە دەم دڵدانەوەوە، لەبن لێوانەوە گوتی:

- جافر، ئەمە ماڵە تازەکەی تۆیە..

تەواو گێژو وێژ بووبووم، حایر مابووم، بابام لە سەر کورسییەکی دەسکداری بەرز ڕۆنیشتبوو، دەسکەکانی بە نەخش و نیگاری ئارابیسک نەخشێنرابوون و لە ناوەندی هۆڵەکەدا بوو. دراوسێکەمان چەند قسەیەکی لەگەڵ بابامدا کرد، پاشان دەستی ڕامووسی و ڕۆیی، کاتێ سیحر وئەفسوونی چۆلەکان وگوڵ وگوڵزار وئەو جۆیبارەی بە ناوەندی باڵەخانەکەدا دەڕۆیی، بەری دام، خۆم بە تاقی تەنیا لە بەرچاوی بابامدا دیتەوە، هەستم بە تەنیاییەکی گەورە کرد، خەمێکی قورس سەر ودڵی دەگرتم، خەمێک کە دڵی ئەنجن ئەنجن دەکردم. بابام بە دیزداشەیەکی سپی دەڵبەوە چوارمشقی لێی دانیشتبوو، عەبایەکی گوڵدۆزی بە شانیا دابوو، کڵاوێکی قووچی سپی لەسەر نابوو، دەموچاوی درێژکۆڵە ولاواز بوو، کابرایەکی گەنمڕەنگی نیگا نەرم و ئارام بوو، هەنیەی بەرز وپان وکەپووی درێژ بوو، ڕدێنە سپی ودرێژەکەی بە گەردنیا شۆڕ بووبووەوە وتا سەر سینگی هاتبوو، نیگامان لە یەکدی هەڵەنگوت، هیچ شتێکی ترسناکم لە نیگایدا نەخوێندەوە، هەستم کرد پیرە پیاوێکی زۆر بە ویقار و خانەدانە، لە ڕاستیا ئەم باخە جوانە، پێویستی بە بە خاوەنێکی بە ویقار و خانەدانی وەکو ئەو بوو. بە خۆم ودیزداشە خەت خەتەکەم وکڵاوە گوڵدۆزییەکەمەوە، کە چاوەزارێکی پێوەبوو، بە پێڵاوە ڕەنگاوڕەنگەکانمەوەو بەو بوخچە و پریاسکەیەوە کە جلە کەمەکانمی تیابوو و لەبن هەنگڵم نابوو، بە مەودایەکی نە دوور لە بەردەمیا وەستام.

ماوەیەکی زۆر تەمەشای کردم، تەمەشاکردنەکەی هێندە درێژەی کێشا، پڕ بە دڵ حەزم دەکرد هەڵێم. وەکو ئەوەی ناخی خوێندبمەوە بزەیەکی بەڕووما دا و ئاماژەی کردمێ کە نزیکتر ببمەوە.. بە دڵگەرمی گوتم:

- دەمەوێ بۆلای دایکم بگەڕێمەوە.

دەستی درێژ کرد ومنیش دەستم بردە پێشێ، تەوقەمان کرد، تەزوویەکم پێداهات، دڵم پڕ بوو، بەڵام بە خورتی خۆم گرت ونەگریام. کە دەستی بەر دەستم کەوت، گەرمییەک بە جەستەما گەڕا، بە میهرەبانی گوتی:

- بەخێر هاتی.

لەلای خۆیەوە دانیام و گوتی:

- تۆ لە ماڵی خۆتای، بەڕاست باخەکەت پێ خۆش بوو؟

سەرم لەقاند کە بەڵێ، ئەوسا گوتی:

- قسە بکە، من حەزم لە قسانە.

بەدەم مینگەمینگەوە گوتم:

- بەڵێ.

- تۆ دەزانی من کێم؟

- بەڵێ...بابامی.

- دەزانی بابا مانای چییە؟

- باوکی باکم..

- تۆ باوەڕت وایە کە من باوکی باوکت بم؟

- بەڵێ.

- باشە باوکی خۆت لە بیرە؟

- کاتێ کەژاوەکان بە کۆڵانەکاندا ڕەت دەبوون، دەیخستمە سەرشانی تا کەژاوەکان بدینم، بەڵام دایکم لەبیرە..

گریان ئەوکی گرتم، دەستی بە پشتما هێنا و ئەوسا پرسی:

- چیترت دەربارەی باوکت لەبیرە؟

- چوومە سەر گۆڕەکەی.

کەمێک ڕووی لێوەرگێڕام و ئەوجا پرسی:

- ناوت چییە؟

- جافر.

- دوای جافر؟

- جافر ئیبراهیم...

- دواتر؟

- جافر ئیبراهیم!

- جافر ئیبراهیم سەید ڕاوی، بیڵێرەوە..

- جافر ئیبراهیم سەید ڕاوی.

- کێ تۆی هێناوەتە دنیا؟

- خوا.

- پێغەمبەرت کێیە؟

- حەزرەت وسەروەرمان محەمەد.

- نوێژ دەزانی؟

- نەخێر.

- هیچ شتێکی قورئانت ئەزبەرە؟

- قل هو اللە احد ( بێژە ئەو خودایە تاکە ) .

- ئەدی سورەتی فاتیحات ئەزبەرە؟

- نەخێر.

- باشە بۆچی بە ( قل هو اللە احد ) دەستت پێکردووە؟

- چونکە بۆ ڕاونان و ڕامکردنی جنیان باشە.

- مەگەر پەیوەندیت بە جنانەوە هەیە؟

- بەڵێ، ژمارەیەکی زۆریان لە گەنجینە وژێر زەمینەکەی ئێمەدا دەژین، شەوان دێنە دەرێ و گەڕەکی مرجوش پڕ دەکەن!

- تۆ بەچاوی خۆت دیتوونت؟

- زۆرجارم دیتوون.

- تۆ درۆ لەگەڵ باپیرەتا دەکەی.

- نا، من دیتوومن و بەرخورد و مامەڵەم لەگەڵدا کردوون..

بە هێواشی قامکی بە هێڵەکانی دەم و چاومدا هێنا، هۆگری بووم و بەشێکی زۆری نیگەرانییەکەم ڕەوییەوە. گوتی:

- درۆ مەکە جافر گیان، من حەزم لە درۆ نییە.

- بەڵام من ڕاستی دەڵێم، درۆ ناکەم.

- بەچاوان تەمەشا بکە، بە خەیاڵ بیر مەکەوە.

بێدەنگ بوو، ئەوجا من لەوم پرسی:

- باوە گەورە..

بە کونجکاوییەوە تەمەشای کردم. لەسەری ڕۆیشتم:

- بۆچی سەرت نەدەداین؟

چاوی بڕییە باخەکە وئەوجا گوتی:

- بە خۆت دەبینی کە بابات پیرە.

- ئەدی بۆ ئێمەت بۆلای خۆت دەعوەت نەدەکرد؟

کەمێک بێدەنگ بوو وگوتی:

- باوکت قەبووڵی نەدەکرد!

ئەوجا لێم پرسی:

- باشە من بە یەکجارەکی لێرە دەمێنمەوە؟

- ئێرە ماڵی خۆتە جافر.

- دەتوانم لە باخەکەدا یاری بکەم؟

- بەڵێ، لە باخەکەدا یاری دەکەی، بەڵام هەموو ژیانت بە یاری نابەیتە سەر، تۆ تەمەنت شەش ساڵە، دەبێ دەست بە ژیان بکەی...

ئیدی ژیانی تازەی من بەوجۆرە دەستی پێکرد.

***

وەستا، ئاوڕی لە من دایەوە، بە تووڕەیی گوتی:

- ئەوە باپیرم بوو، سەید ڕاوی، خاوەنی ئەم هەموو وەقفە، کام قانوون دەتوانێ لە مافی خۆم، لە مافی بێ چەند و چوونی خۆم، مەحروومم بکات؟

گوتم: - تکایە با بگەڕێینەوە سەر ژیانە تازەکەت!

- من ئەوەندەش گێل وسادە نیم وەکو تۆ تەسەور دەکەیت.. من خاوەن هەقم، من کەسێکی ڕۆشنبیرم، من دەتوانم باسی کێماسی وعەیبەکانی دیموکراتیەت و کەموکوڕییەکانی کۆمۆنیزمت بۆ بکەم..

- بەدەم باسکردنی ژیانە تازەکەتەوە، باسی ئەوانەش بکە، بەڵام ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ژیانە تازەکەت.

بە کەسەرەوە شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی:

- حەیفێ، چاوم کز بوون، ئەم بایە لەم کونەوە بێ، زۆری پێناچێ، بە یەکجارەکی بیناییم لەدەست دەدەم، تەمەن پێنج و دوو ڕۆژێکە، بەشەر هەمووی بە عەزاب و نیگەرانی دەباتەسەر، دەمرین و ئاوات و ئارەزووەکانمان لە دوای خۆ بەجێدێڵین، حەوت نائومێدی هەن، تا ڕۆژی مردن بەرۆکی بەشەر بەرنادەن وبەشەر بە عەزرەتیانەوە دەمرێت، تۆ دەتەوێ چیرۆکی ژیانی خۆم بە کەیفی دڵی تۆ بگێڕمەوە، نەک بەو شێوەیەی خۆم پێی ئاسوودە و ئارام بم..

بەتکاوە گوتم:

- سونەتی ژیان وا دەخوازێت، تا ئەم چەند ڕۆژەی تەمەنت ماوە چیرۆکی ژیانت بزانین.

- ژیانی تازەم خەونێکی جوان بوو، هەموو ڕابردووم لە بیر چووەوە، دڵەی خیانەتکارم بە تەواوەتی دایکی مەرحومی فەرامۆش کردبووم.. زۆر لە مێژ بوو نەچووبوومە سەر قەبرەکەی، شەوێک خەونم پێوە بینی، کە بێدار بوومەوە، هەستم کرد خەمێکی قورس نیشتووەتە سەر دڵم، دڵم پڕ بوو، گریام ئەمما گریان، بەڵام دڵی خەڵکانی بچووک زۆر زوو هێور دەبێتەوە وئارام دەگرێت، مەگەر گەورە حەکیمان ئەوەندە زوو دڵیان هێور ببێتەوە، بەهەرحاڵ بە تەواوەتی بە جوێبارەکەوە، بە دار کونار، خورما و لیمۆ و مێوەکانەوە خجڵ بووم، هەروەها مژوولی قورباقە و چۆلەکە و بولبولان و کۆتر وکەڤۆکان بووم. ئیدی هەموو خەون و خەیاڵێکم لە لای تەختە خەوێن مسینی زێڕکفت و مافورێن فارسی و کومەدی گەورەی جل وبەرگان و ئاوێنەێن باڵانمای قەد دیوار وپەردەێن ڕەنگاوڕەنگ وقەنەفەێن نەرم و نۆڵ و بانێژەێن سەرگیراو بە لاولاو وگەرماوی گەورەی بە کاشی و حەوزی ئاوی سەیر و عەنتیکە بوو، لە هەر سووچ و گۆشەیەکا شتێکی تازە و گرانبەهام دەبینی، هەموو ئەم دیمەنە جوانانە ئەفسوونیان دەکردم و دڵیان دەبرد.. ئەوەی ڕاستیبێ لەم کۆشکەدا بایەخ بە خواست وحەزی منداڵان نەدرابوو، بۆیە ئەوەندەی کەیفم بە کەری باخەوانەکە دەهات، کەیفم بە هیچ شتێکی دی نەدەهات، کەرەکەم بە هاوڕێی نزیک و مایەی سەرگەرمی و دڵخۆشی خۆم دەزانی، ئیدی ماوەیەکی زۆر بە سواری ئەم کەرەوە دەهاتم و دەچووم، کە بە بەینی درەختەکانا دەڕۆیشتم خۆم لە لقە نزمەکان دەبوارد. ئەوەی ڕاستی بێ ترومپای ئاو، بیرەکە، فوارەکان و پەیکەری ئەو تاوسەی کەلە ناوەندی فوارەکەدا و بەسەر پایەیەکی مەڕمەڕینەوەدانرابوو مایەی

سەرگەرمی و دڵخۆشی من بوون، ژنێکی پیری میهرەبان، ڕوخسار برۆنزین، کە " بەهجە "یان پێدەگوت، سەرپەرشتی دەکردم و بەخۆم و کاروبارەکانما ڕادەگەیی، لە ماوەیەکی کەما نێوانمان زۆر خۆش بوو، هاوسۆزییەکی دۆستانەمان کەوتە بەینەوە، بەرەبەرە لە بۆنەێن جیاوازەوە، لە بەهجەوەو لە قسەکانی ئەوەوە زۆر شتم لەبارەی تراجیدیای لەدایک بوونی خۆمەوە زانی، بۆم دەرکەوت بابام بە تەنیا لە ماڵەکەی خۆیا دەژیا و دەست و پێوەند وکارەکەر و نۆکەرێکی زۆری بە دەورەوە بوون، نەنکم چەند مانگێک بوو مردبوو، بابم تاقە کوڕی باپیرم بوو کە لە دەرێی ئەو ماڵە مردبوو، بابم تاقانەی باپیرم بوو، کە دوای حەوت کوڕی دی مابوو، ئەوانی دی هەر حەوتیان، بە منداڵی و مێرمنداڵی مردبوون، هەڵبەتە بابم بە لای بابامەوە تاقە ئومێد و خەونی ئایندەی بوو، کە دوای ناڕەحەتی و عەزابێکی زۆر هاتبووە دنیاوە وبۆی مابووەوە. بەهەرحاڵ بابام دڵی نەدەهات بە یەکجارەکی پەیوەندی لەگەڵ بابما ببڕێ، نەیدەویست لە ماڵەکە دەری بکات و دژایەتی بکات و لە ماڵ وەدەری بنێت و لە بەشە میرات بێبەشی بکات، بەڵام کە بە تەواوەتی لێی نائومێد بوو، ئەوکارەی کرد. هەڵبەتە نائومێدییەک کە لە مردن خراپتر بوو.. ئەمە کردیە کارێک کە بابام لەلای من ببێت بە مەتەڵ ولەگەز... ئەگەر بڵێی بە ڕواڵەت کەسێکی لێبووردە ومیهرەبان و بەبەزەیی و خۆش ڕەفتار بوو، بەڵام زۆر توونده تەبیعەت بوو، کە تووڕە دەبوو، دەگۆڕا دەبوو بە شەیتان، یان بەردێکی سەخت، وەختایەک من ناسیم، بۆ خۆی لە ماڵەوە کونجی قەناعەتی گرتبوو، بەڵام لە بنەڕەتا ئەزهەری بوو، لە باب وباپیرانەوە سەروەت و سامانێکی زۆر و ئەزهەری بۆ مابووەوە، بۆیە هیچ فەرمان و وەزیفەیەکی ئاینی و پەروەردەیی و فێرکاری نەبینی، کاری سەرەکی بریتی بوو لە بەڕێوەبردنی موڵکەکانی، لە کاتی دەست بەتاڵیدا، بابەتێن زانستی ئاین و فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت و

ئەدەبیاتی دەخوێندەوە. دیوەخانەکەی پاتوق و مەکۆی پیاوانی ئاین و سۆفیگەری و سیاسەت و ئەدەب بوو.

***

لێم پرسی:

- باشە بابات دەستی نووسینی نەبوو؟

- نەخێر، بەڵام بە بەردەوامی بیرەوەری وکارە ڕۆژانەکانی خۆی تۆمار دەکرد. کە من هیچ شتێکلەبارەی دەستنووسەکانیەوە نازانم.

- باشە باب و باپیرەشی هەروا بوون؟

- ئەوان هەمیشە لە گەورە زانایان بوون، مژوولی کاروباری ئاینی بوون، تەنیا ئەو خۆی بۆ بەڕێوەبردن وڕەنێو هێنانی موڵکەکانی تەرخان کرد وژیانی ئازادی هەڵبژارد..

- باشە هیچ لە مەڕ ئەو پیاوە خۆسازەی باب و کالانت، مەبەستم ئەو پیاوە ئاساییە هەژارە دەزانی، کە ئەم سەروەت و سامانەی لێ کەوتەوە؟

- ماڵباتی بابام، بنەماڵەیەکی ڕەسەن و دەوڵەمەند و دیندار بوون.. پێموایە من یەکەم پیاوی نەدار و هەژاری ئەم بنەماڵەیەم!

من پێکەنیم، ئەویش لە قاقای دا و ئەوجا لە سەر قسەکەی ڕۆیی:

- بابم، بە گوێرەی ڕێوڕەسم و داب و نەریتی ماڵباتەکە، لە دنیای ئایندا پەروەردە بوو، بە ڕادەیەک کە شۆڕەتی جیهانی پەیدا کرد، بابم دەیویست بە مەبەستی سیاحەت و خوێندن سەفەری ئەوروپا بکات، لێ بابام زۆر دوو دڵ و نیگەران بوو، ئەوە بوو لە ئەنجاما قاییل بوو و، بابم بۆ فەرەنسا

ڕۆیی، فێری فەرەنسی بوو، لە کۆڕ و سیمینارانی فەلسەفە ولاهوت وباسێن ئازادا بەشداری کرد، پاشان بە بێ ئەوەی شادەتنامە وەربگرێ یان تێزێک بنووسێت، بۆ وڵات گەڕایەوە، و ئارەزوومەندانە بە بابامی گوت کە دەیەوێ لە بەڕێوەبردن و ڕەعەمەل هێنانی موڵکەکانا یارمەتی بدات، بابام ڕێگەی ئەم کارەی پێدا. بەدەم ئەم کارەشەوە ناوبەناو گوتاری بۆ ڕۆژنامە و بڵاڤۆکان دەنارد.. ئیدی لەو دەمانەدا کە باپیرم خەریکی ئەوە دەبێ کە خوازبێنی، کیژی شێخی ئەزهەری بۆ بکات. ئەو حەز لە دایکی من دەکات، بێ گوێدان بە قسەی هیچ کەسێک دەیخوازێت، دایکم عەیبی چی بوو؟ هەژاری بوو؟ ئەلهەقی دایکم زۆر بێکەس بوو، نە پوورێک، نە خاڵێکی نەبوو، نە خزمی نزیک و نە قەوم و قیلەی دووری نەبوو، بە هەرحاڵ ڕاوی تووڕە دەبێ، و دەهری دەبێت، بە مست دەکەوێتە سەر گوێلاکی کوڕە تاقانەکەی و قاوی دەدات، ئیدی زۆرکەس وا دەزانن کە خانەدانی ڕاوی بە هەموو پێشینەیەکی مێژوویی خۆیەوە، هەرەس دێنێ و دەبڕێتەوە. هەڵبەتە، خانەدان و ئەسڵ و فەسڵی ماڵباتی ڕاوی بۆ بابم و لە لای بابم هیچ بایەخێکی نەبوو.. دەیویست بە شێوەیەکی دی، خودی خۆی بسەلمێنێ، چی بێ لە تۆ نهێنی، من ئەم هەڵوێستەی بابم پێ خۆش بوو، دیارە کاتی خۆی لەبەر منداڵی خەفەتم بۆ مردنەکەی نەخوارد، بەڵام ئێستا زۆر بۆی بە داخم..

***

لێم پرسی:

- باشە هیچ لە بارەی ئەو وتارانەوە دەزانی کە بابت لە ڕۆژنامەاندا بڵاوی دەکردنەوە؟

- لە ئەرشیفخانەی هەندێ ڕۆژنامانداً بۆیان گەڕام، وتارەکان دەربارەی سازانی نێوان ئاین وزانست و فەلسەفەن، هەڵبەتە بێ هیچ داژدارییەک، بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە بە وتارێن مودێرن و پێشکەوتوو دەژمێردرێن، بە شێوەیەکی گشتی بابم لە ڕیزی لیبرالەکانا دادەنرێ، دوای ئەوەی لە بابی جیا بووەوە، لە ڕۆژنامەی " فەجر " دا وەکو پاچڤەوان دەستبەکار بوو. زۆرچاک لە بیرمە، وەختایەک بڕێک گەورە بووم توانای گەنگەشە و موناقەشەم پەیدا کرد، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا سەبارەت بە هەڵوێستی بابم، لە بابامم پرسی:

- باپیرە چۆن دڵت هات، بابم لەسەر ئەوەی ژنێکی عەوام و ڕەشۆکی خواستووە، قاو بدەیت؟ خۆ تۆ پیاوێکی ديندار و پارسا و خۆش ئاكار و ڕۆح پاکی، چۆن توانیت ئەوکارە بکەیت باپیرە؟

دیاربوو، پرسیارەکەمی بەدڵ نەبوو، بەڵام بەرسڤی دامەوە و گوتی:

- تۆ هەڵەی کوڕم، مرۆڤ بەلای منەوە دوو جۆرن. مرۆڤێن خوایی و مرۆڤێن دنیایی، مرۆڤێن خوایی ئەوانەن کە هەموو کاتێ بۆ خوا و لەگەڵ خوادا دەژین ئەگەر دز و ڕێگرش بن، مرۆڤێن دنیایش ئەوانەن بۆ دنیا و لەگەڵ دنیادا دەژین، با مەلا و پیاوی ئاینیش بن..

- باشە باوکم پیاوێکی خراپ بوو؟

- نا، بەڵام تەنیا دنیایی بوو..

- دایکم، ژنێکی باش و نەجیب بوو، وانییە؟

لەبن لێوانەوە گوتی: - خوا عافووی بکات.

پاش کەمێک بێدەنگی لەسەری ڕۆیی:

- من هەڵەم نەکردووە و پەشیمانیش نیم، بەڵام زۆر خەمبارم...

لە خەمبارییەکەی دڵنیا بووم، ئەگەر ئەو خەمە دەروونی و پەنهانەی نەبوایە، هەرگیز دڵی بە من نەدەسووتا... پاشان ڕووی تێکردم و گوتی:

- من دەرگای دڵم و ماڵەکەم بۆ کردوویتەوە، تا هەموو شتەکان بۆ تۆ بێ، بەڵام تۆش دەبێ مرۆڤێکی لاهوتی، خوایی بیت، من داوای پارسایی وتەرکی دنیات لێناکەم، چونکە کاری سەرەکی من بەڕێوەبردنی موڵکانە..

هەر لە یەکەم ڕۆژەوە مامۆستایەکی بۆ گرتم کە پرەنسیپەکانی ئاین وزمان و حیسابم فێر بکات. ئەم پرەنسیپە ئاینییە تازانەی کە فێریان دەکردم، ئەوانە نەبوون کەلە دایکمەوە فێریان بووبووم، ئاینی ڕیسک وئەفسانە و پەڕجوو وخەون و تاپۆیان نەبوو، بەڵام ئەم ئاینە زۆر جدی و فێرکاریانە بوو، بریتی بوو لە ئەزبەرکردن و شەرحی سوورەتەکان، فێربوونی ڕێزمان، نوێژکردن و ڕۆژووگرتن، ئاینێکی تیوریو کردەنی بوو، مامۆستاکەم پیاوێکی زۆر جدی بوو وهەموو هەفتەیەک بابامی لە ڕەوشی خوێندنەکەم ئاگادار دەکردەوە. مامۆستاکەم لێم ڕازی بوو، ڕۆژێک پێی گوتم:

- تۆ کوڕێکی موبارەکی، خوا ڕاوەستاوت بکات..

زەینم زۆر ڕۆشن بوو. بە باشی وانەکان تێدەگەیشتم، حەزم لە کار بوو، لە دوای بابامەوەو بەچاولێکەری ئەو نوێژم دەکرد، ڕۆژووم دەگرت، هەڵبەتە ئەمانە نەبوونە بایسی ئەوەی ئاینە کۆنەکەم فەرامۆش بکەم. ئاینە تازەکە لە سەر کۆنەکە کەڵەکە بووبوو، دەنگی دایکم هەمیشە لە ناخما دەنگی دەدایەوە، قەت دانەدەمرکایەوە. جارێ مامۆستاکەم لە میانی باس و گەنگەشەیەکدا پێی گوتم:

- نزرگە، بینایەکە لە سەر جەنازەی وەلی ڕۆدەنرێ..

بەڵام من بە ڕژدیەوە گوتم:

- هەموو شتێک ژیانی خۆی هەیە و هەرگیز فەنا نابێت.

مامۆستا بزەیەکی کرد وگوتی:

- با ناکۆکیەکانمان بە ڕۆژگار وفێربوونی زیاتر بسپێرین.

پێدەچوو، لە خوێندنەکەما ئەوەندە پێشکەوتبم کە شایستەی ڕێز وئافەرین بم، بابام بۆ کۆڕی گەورە پیاوان وزانایانی ئاینی و دنیایی بانگی دەکردم. هەڵبەتە بۆ ماوەیەکی کەم و بە گوێرەی توانای خۆم لەو کۆڕانەدا دەمامەوە، زۆرجار گوێم لێدەبوو کە ستایشی ئاباد وئەژدادیان دەکردم، هەڵوێستی جوامێرانەی ئەوانیان دەگێڕایەوە، بەجۆرێ باسیان دەکردن کە من لە ناخی خۆما گەزگەز باڵام دەکرد وشانازیم بەو پیاو چاکانەوە دەکرد کە هەموویان ئەهلی زانست و بەخشش و ئاکار وئەخلاقی بەرز و پەسند بوون، بەڵام تاقە شتێک کە سەرودڵی دەگرتم و پەستی دەکردم، ئەوە بوو لەم هەموو ستایش و پێدا هەڵدانانەدا کەس ناوی بابمی نەدەهێنا، دایکم ئەوە هیچ، نە ئەسڵی دیار بوو، نە فەسڵ، ناوی لە کولەکەی تەڕیشا نەبوو. تا تەمەنم زیاتر هەڵدەکشا، بە خەم و پەژارەیەکی قووڵترەوە بیرم لە دایکم دەکردەوە، دەگەییمە ئەو قەناعەتەی کە ئەم تراجیدیایەی داک و بابم، بوویەرێکی ناماقووڵ و پێچەوانەی ئەم ئاینەیە کە فێری دەبووم و مومارەسەم دەکرد و بابم هەندێجار وەکو پیاوێکی بێ دین ڕەفتاری دەکرد! دایکم ڕۆیی، بەڵام ئاین و بەدبەختیەکانی خۆی بۆ من بەجێهێشت، و ئەم دوو شتە بۆ ماوەیەکیدرێژ، لە گۆشەیەکی دەروونما بنیان دەنایەوە، بۆ ماوەیەکی درێژتر لەوەی وێنام کردبوو.

بابام، که پەیگیری سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانمی دەکرد بەوپەڕی خۆشەویستی و میهرەوە مامەڵەی لەگەڵما دەکرد ودەیگوت:

- جافر، تۆ شایستەگی ئەوەت هەیە کە شەجەرەی موبارەکی ماڵباتەکەمان تازە و زندوو بکەیتەوە!

- قۆڵ بکە بەقۆڵی حیکمەت و زانستا و هەرکارێ دەکەی بیکە.

هەروەها پێی گوتم:

- هەرکەسێک بۆ خوا وسروشی خوا بلوێ موبارەکە، موجتەهید دەتوانێ بگاتە عەرش!

بە دەم گەشبینییەوە گوتی:

- هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن موبارەکە، بەو زووانە دەچێتە ئەزهەری شەریف، ئەمەت پێ خۆش نییە؟

ڕاستگۆیانە وەڵامم دایەوە:

- زۆرم پێخۆشە باپیرە، حەزدەکەم دوای تەواو کردنی ئەزهەر سەفەری ئەوروپا بکەم..

پرشنگێکی تایبەتی کەوتە سەر چاوانی و لێی پرسیم:

- چی ئەو حەزەی لەلا دروست کردوویت؟

- دەمەوێ چاو لە بابم بکەم، هەمان ڕێگای ئەو بگرم!

دەستێکی بە ڕدێنە سپییەکەیدا هێنا و لەبن لێوانەوە گوتی:

- جارێ گیانت لە وەحی خوا پاراو بکە.. پاشان بە کەیفی دڵی خۆت بکە..

دوای دوو دڵییەکی کەم، لێم پرسی:

- باشە تاقە هەڵەی بابم ئەوە بوو کە دایکمی خواست؟

چارەی دا بە یەکا و بە تووڕەیی گوتی:

- ئەوەی چوو چوو، لە دوای چووان مەچۆ.

چاوەکانی نوقاندن، دەتگوت گەرەکیەتی خۆی کۆنترۆڵ بکات وتووڕەییەکەی دابمرکێنێتەوە، ئەوجا گوتی:

- زۆر جار ئەم بابەتەم بۆ شرۆڤە کردوویت، بەڵام وادیارە ناتەوێ تێبگەی!

***

پێمگوتیت چارەی گرژ بوو، بەڵام ئەوەی من دیتم لە چارە گرژی خراتر بوو، تووڕە بوونەکەی ئەمجارەی ساتێکی تیژتێپەڕی ڕەوتەنی نەبوو، زۆر تازە و ترسناک بوو، نیگای بووبە بەرد، ماسوولکەکانی گرژ بوون، ڕەنگی هەڵبزرکا، وام وێنا دەکرد کەسێک دەبینم، کە پێشتر نەمبینی بوو، دژمنێک بوو لە گڕکانێکەوە دەردەچوو و هەموو غەزەبی زەوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، دەتگوت هەورە بروسکە یان خودی مەرگە.. بەڵام ئەم حاڵەتە، تەنیا ساتێکی تیژتێپەڕ وڕەوتەنی بوو، ئیدی باپیرم گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی.. ئەمە یەکەمجار بوو بەم تووڕەیی و ترسناکی و توونديە بیبینم. بە ڕادەیەک میهرەبانی ومرۆڤدۆستی لێدەباری کە باوەڕم نەدەکرد ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵ بابمدا کردبێ، زۆرجار لە دڵی خۆدا دەمگوت لەوەیە چاوەڕوانی هەڵکەوتنی هەلێک بووبێ لە بابم خۆش بێ، بەڵام ئەجەل لە هەڕەتی گەنجیدا بەرۆکی بابمی گرت و ئەو دەرفەت ودەلیڤەیە نەڕەخسا. تەنانەت ئەو ساتەش کە چارەی دا بەیەکا و تووڕە بوو، وام هەست دەکرد

ئەو قسەیەی: " ئەوەی چوو، چوو " ئازار و ژانێکە و بەرۆکی یادگەی بەرنادات، پەشیمانیەکە ولێی نابێتەوە، ڕەنگە کول وکۆڤانەکەی زادەی ئایدیالیەتە بێ سنوورەکەی بێ. ئەو کەسێکی ئایدیالی بوو، داوای کەماڵ و بەرزی و پاکی لە ئینسان دەکرد، حەزی دەکرد هەمان نۆڕین و باوەڕی ئەوی دەربارەی بوون هەبێ، حەزی لە سستی و لاوازی نەدەکرد، ئەمەی بە داڕوخان و هەرەسی تەکامولی بەشەری دەزانی، ئیدی لێرەوە گەییە ئەو قەناعەتەی کە ڕێگەی گەیشتن بە میهرەبانی و مەحەبەتی ئەو، ئاشکرا و ڕاستەوخۆیە، بەڵام هەوڵ وکۆشش وڕەنج و ماندوو بوون وسەبر و هەداری دەوێ، توانا وپێشڤەچوون وبەرزبوونەوەی دەوێ، کە دەیگوت " مرۆڤی خوایی "ڕێک ئەوەی مەبەست بوو.

لە بۆنەو وەرزە جیاوازەکانا، میوانانێکی زۆر خڕ دەبوونەوە تا گوێ لە ئاواز و میوزیک بگرن، باخەکە پڕ دەبوو لە گۆرانی سۆفیانە، کە لە لایەن دەنگبێژان و سۆفیانی بەنێوبانگەوە دەگوتران و دەگوترانەوە، بابام لە ئاشقانی گۆرانی و ئاواز بوو، زەوقێکی تایبەتی لەو بوارەدا هەبوو، بایەخی بە ئاواز و گۆرانی دینی و دنیایی دەدا. من تا بەرەبەیان نەدەخەوتم و گوێم لە سروودەکانی دەگرت، بە شەوق و زەوقێکی ئاشقانەوە چاوەڕوانی ئەو جۆرە شەو بێریانەم دەکرد. جارێکیان کە خەریک بووم ئەم گۆرانیەم دەگوت:

ادرذکر من اهوی

بابام هات بەسەرا.

لە ژێر دار لیمۆیەکا حەسیرێکم ڕاخستبوو و، بە دەم لاسایی کردنی شێخەوە گۆرانیەکەم دەگوت، لە ناکاوا هەستم بە سێبەرەکەی کرد کە سەراپای

داپۆشیم، بەوپەڕی پەشۆکان وشەرمەوە دەستبەرداری گۆرانی گوتنەکە بووم، بە ڕێزو ئەدەبەوە لە بەردەمیا وەستام، بزەیەکی کرد ولە بن لێوانەوە گوتی:

- چ دەکەی؟.. دەنگت خراپ نییە جافر..

بە ڕەزامەندییەوە سەرم دانەواند، ئەوجا پرسی:

- کە تەنیا دەبی چ گۆرانیەک دەڵێی؟

بەرسڤم دایەوە:

- گۆرانی سەردەمانی کۆن.

- وەکو چی؟

کەمێک وەستام و ئەوجا گوتم:

- چۆلەکەکەم ، دایکە چۆلەکەکەم.

درێژەی بە بزەکەی دا و گوتی:

- تۆ خەریکی سروودە موبارەکەکانی ئێرەش ئەزبەر دەکەی.

ئیدی چوو بۆ بە سەرکردنەوەی دار ودرەختەکان. لە دوورەوە پیاوێکی بەهەیبەت و نورانی دیار بوو.

لەکاتی بێکاریدا، لەنک بەهجە دادەنیشتم، تا حیکایەتم بۆ بگێڕێتەوە. یان گۆرانیم دەگوت، یان لە باخەکەدا گەمەم لەگەڵ کەرەکەدا دەکرد، هەندێجاریش دەگەڵ مندالانی باخەوانەکە و ئاشپەزەکە وعەرەبانچیەکاندا کایەم دەکرد. زۆربەی کات خواخوای دەرفەتێک بووم کە بە ناو

گەڕەکەکانی دەوروبەر بکەوم، قەت ئەوەم لەبیر ناچێت کە دایکم دەستی دەگرتم وبەناو گەڕەکەکانی قاهیرەدا دەیگێڕام.. ڕێک و ڕەوان مەسەلەی چوونە دەرەوەم بە بابام گوت. پێی گوتم:

- بۆ پیاسەی ئێواران، لەگەڵ منا وەرە، بە سواری عەرەبانەکە دەڕۆین.

- دەمەوێ لە گەڕەک و کۆڵان وازی بکەم.

- باشە باخەکە لە کۆڵان و گەڕەک خۆشتر و جوانتر نییە؟

بەتاسەوە گوتم:

- دەمەوێ لەگەڵ منداڵانی گەڕەک و باندا کایە بکەم.

سەری ڕەزامەندی لەقاند و گوتی:

- بە مەرجێک.. نابێ لە چاوی بەهجە دوور بکەویتەوە و لە کاتی خۆیدا نوێژەکانت بکەی.

بەوجۆرە لە هەمان ڕێگاوە کە هاتبووم، چوومە دەرەوە.

بەهجە، لەبەر دەرگا، لە سەر کورسییەک دادەنیشت ولە دوورەوە چاودێری دەکردم، زۆری نەبرد لەگەڵ مناڵانی دراوسێکانا دۆستایەتی و ئاشنایەتیم پەیدا کرد، لەپێش هەمووانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ کوڕێکا پەیدا کرد بە نێوی محەمەد شکرون کە بابی عەرەبانچی بوو، هەرچەند کوڕێکی دفناک (لووت زل) و لەنگ بوو، بەڵام ڕوخساری جوان بوو، لە ڕۆژی یەکەما داوای پێشبڕکێی غاردانی لێکردم! بە شێوەیەکی کۆمیدیانە غاری دەدا، هەندێجار، بازێکی شەیتانانەی ئەوتۆی دەدا، کە مەودایەکی خەیاڵی دەبڕی وقەرەبووی نوقستانیە سروشتیەکەی خۆی دەکردەوە. کوڕێکی

ڕووخۆش و قسە لە ڕوو و بێ شێلە وبێلە بوو، دوای ئەوەی براوە دەرچوو، پێی گوتم:

- تۆ نەڤی شێخێکی گەورەیت، هەرکەسێک وەکو تۆ دەوڵەمەند بێ، دەبێ شەکرۆکە و شەربەتمان بۆ بکڕێت..

دوای خواردنی شیرینی و شەربەتەکە، گەشایەوە وهەڵیکردە گۆرانی:

لە داوێنی چیاوە، شەوان

گوێم لە گۆرانیەکە

ئەشقی کیژان

هێزی لەبەر بڕیوم

وێڵ وسەرگەردان

لە داوێنی چیاوە، شەوان

کەچی دەنگی زۆر خۆش بوو، دەنگێک بوو ناخی دادەلەرزان، هەرچەندە دەمزانی هەڤڕکی ئەوم پێناکرێ، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر گۆرانیەکم دەزانی، بۆم گوت، هەمان قسەکەی بابامی بە گوێدا دامەوە و گوتی:

- دەنگت خراپ نییە ها!

منیش بەوم گوت:

- بە ڕاستی تۆ دەنگێکی خۆشت هەیە شکرون.

بە کەش وفشەوە گوتی:

- دەبینی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبم بە سترانڤانێکی گەورە.

زۆر زوو پەیوەندی ودۆستایەتیمان قووڵ بووەوە، لەنێو هەموو ئەو پەیوەندیە سەرڤە سەرڤە و زۆرانەدا، پەیوەندی من و شکرون، پەیوەندییەکی قووڵ و دۆستانە بوو، گۆرانی و سروود کۆی دەکردینەوە، بە تایبەتی لە شەونشینیەکانی ڕەمەزاندا، منیش لە لای خۆمەوە بۆ دیتنی شەونشینی ئەو سروود و گۆرانیە ئاینیانەم دەعوەت دەکرد کەلە ماڵی ئێمەدا بەرپا دەکران، زۆر زۆری پێخۆش بوو، زۆر خۆشحاڵ بوو لە نزیکەوە گوێ لە گەورە سترانڤانان بگرێ وئاشنای توانای سترانڤانی و تایبەتمەندیەکانی دەنگیان بێ وئاستی کاریگەری دەنگیان بدینێ، هەر هەموو ئەم هەستانە، لەو سۆز و گودازەیدا، کە گەیی بووە ئاستی شەیدایی، بە ڕادەیەک ڕەنگی دابووەوە و تەجەلی کردبوو کە خۆی پێنەگیرا و، سنوور و ئەتەکێت و ویقار و سامی کۆڕەکەی، بەوپەڕی جورئەتەوەو بە شێوەیەکی باوەڕنەکردەنی بەزاند وهەرکە سترانڤانەکە لێی بووەوە، محەمەد شکرون کە لای منەوە دانیشتبوو، لە جێی خۆی هەستا و بە دەنگێکی خۆش هەڵیکردە گۆرانی:

بە خێر هاتی، لە خێران

ئەی مانگی چواردە

ئەی ڕوح و گیانی

هەموو جوانیان.

دەنگە خۆشەکەی و تەمەنە کەمەکەی سەرنجی ئامادەبووانی کۆڕەکەی ڕاکێشا، ئیدی بوو بە مایەی دڵبەندی هەموو ئامادەبووان، چ میوانان و چ سترانڤانان، تەنانەت باباشم دڵبەندی خۆی لێ نەشاردەوە، شێخێک لە کۆڕ و مەجلیسەکەدا بوو نێوی " طاهر البندقی " بوو، ئەمە پیاوێک بوو سۆفی و

ئاواز دانەرو وەستا وماموٚستای موزیکی ڕۆژهەڵاتی و یەکێک بوو لە دۆستە هەرە نزیکەکانی بابام، زۆر شیفتە و دڵبەندی شکرون بوو، ماوەیەکی زۆر دواندی، تا هەموو ئەسڵ و فەسڵی ناسی، هیوا و ئارەزووەکانی زانی، ئەمە جادووی گۆرانیە کە دەبێتە بایسی ئەوەی جنیان بۆ ئێمە بسترن وئێمە بۆ وان بسترین وکەیفمان بەیەک بێت..

هەندێک لە خەڵکی گەڕەکی مرجوش، دەیانگوت: بەیانیان، لەگەڵ سپێدەدا گوێیان لە ئاواز و گۆرانی جنیان دەبوو..

بە داوای بوردنەوە قسەکەم پێ بڕی:

- تکایە واز لە جنیان بێنە... ئێمە ئێستا لە ماڵی ڕاوی داین، خۆ من دڵنیام تۆ باوەڕت بەو شتانە نییە..

- بیرەوەریان وەکو باران دادەبارن.

- ڕاستە وەکو باران دادەکەن، ئەرکی تۆ ئەوەیە جۆگایەکی هەمواری بۆ هەڵبەستی..

ئاهێکی هەڵکێشا و لەسەری ڕۆیی:

- شێخ طاهر البندقی، پاش هەفتەیەک لە ڕیسکەکەی شکرون، هات بۆ ماڵی بابام، قسەیەک لێرە و قسەیەک لەوێ، طاهر البندقی بە بابامی گوت حەز دەکات محەمەد شکرون فێری موسیقای ڕۆژهەڵاتی بکات ومەشق وڕاهێنانی سترینی پێبکات، بابام بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بوو، خەرجی فێربوونی موسیقا وڕاهێنانی سترینەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەوەدا بۆم دەرکەوت کە بابام زۆر بە جدی ئاشقی گۆرانی و موسیقایە. ئەمەش سۆزێکی تایبەتی

وسەربەخۆ بوو وهیچ پەیوەندییەکی بە دینداریەکەیەوە نەبوو، کاتێ باسی ئەو بڕیارەی خۆی دەربارەی هاوڕێکەم، بۆ کردم، پێمگوت:

- باپیرە تۆ حەزت لە گۆرانیە!

بزەیەکی پرسیارئامێزی کرد وگوتی:

- بۆ نا؟.. مۆسیقا، هاوڕێی گیانی بەگیانی ڕۆحە..

- باپیرە، تۆ گوێت لە کەڵە سترانڤانان بووە؟

- بەڵێ، لە ماڵیدۆستانا، لە بۆنە و ئاهەنگێن خۆشیدا.

ئەو پارەیەی کە بۆ شکرونی تەرخان کردبوو، نموونەیەک بوو لەو خەرجیانەی، بۆ هەژاران و نەدارانی گەڕەکەکەمانی تەرخان دەکرد.

***

خۆبەخۆ گوتم:

- باشیکرد هەر بەو نەفەسەوە، هەموو موڵک و ماڵەکەی وەقفی کاری خێرخوازی کرد!

جافر هاواریکرد:

- نەخێر، خێرێک ئاقیبەتی شەڕ بێ، خێر نییە!

- داوای بوردن دەکەم کە قسەکەم پێ بڕیت..

- سەبارەت بەو بۆچوونە هەلەق و مەلەقەت داوای بوردن بکە، کە زۆر باشترە.

- بمبورە.

بە تووڕەییەوە لە سەر قسەکەی ڕۆیی:

- محەمەد شکرون بوو بە قوتابی شێخ طاهر البندقی، بەهۆی دۆستایەتی قووڵمانەوە، بەخت ڕووی تێکرد، ئەوەی ڕاستی بێ من ئەو دەروازەیە بووم کە دەرگای سەرکەوتنم بۆ کردەوە، هەڵبەتە زۆر بەو مەسەلەیە خۆشحاڵ بووم، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بووم کە لای بابام موبالەغە و زێدەڕۆییم پێوە دەکرد، لێ بابام بە گومانەوە سەیری کردم و لێی پرسیم:

- باشە ئەو خۆشحاڵییەت حەسوودی ئامێز نییە؟

بە تووندی نکۆڵیم لەو حاڵەتە کرد. بەڵام بابام بە ناڕەحەتی گوتی:

- حەسوودی وغیرە هەرچەندە کێماسی و شەرمە، بەڵام بۆ خەڵکانی هاوتەمەنی تۆ، هەنجەت و بیانووی خۆی هەیە. بەڵام درۆ هیچ هەنجەت و بیانوویەکی بۆ نییە، جافر درۆ مەکە، هەمیشە ڕاستگۆ بە، بابات تووڕە مەکە. بابات حەزی لە ڕاستگۆیی و دروستکارییە، خواوەند ئەقڵێکی گەورەو زەینێکی ڕۆشنی بە تۆ داوەو دەنگێکی خۆشی بە هاوڕێکەت داوە، کەواتە بەبەشی خۆت ڕازی بە، خەفەت بۆ شتێ مەخۆ کە نیتە، خۆ ئەگەر توانا و بەهرەی گۆرانی و میوزیکت هەبوایە، هیچ پێم ناخۆش نەدەبوو ببی بە سازڤان وسترانڤان، سترانڤانیش دکارێت ببێتە مرۆڤێکی خوایی، لە سایەی ڕەحمەتی خوادا هەموو کەسێک، تەنانەت کوچەماڵیش دەتوانێ ببێ بە مرۆڤی خوایی، بەڵام تۆ دەبێ لە ئێستاوە خۆت ئامادە بکەی کە بچیتە ئەزهەر..

ڕاستگۆیانە گوتم:

- باوە گەورە، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە لە ژیانی ئاینیمدا سەرکەوتوو بم..

نکۆڵی لەوە ناکەم کە سەبارەت بە شکرون، هەستم بە سووکە غیرە و حەسوودیەک کرد، لەوەش نارەحەت بووم کە بابام بەو توانا سەیرەی خۆی توانی ناخم بخوێنێتەوە، بەهەرحاڵ هەستم بە سووکە حەسوودیەک کردبوو. شکرون، بەهرەیەکی تیابوو، کە من بە هیچ هەوڵ وکۆششێک پێی ڕا نەدەگەییم، ئیدی بەهۆی هەڤدژی هەست وسۆزەکانمەوە، لە کانگای دڵمەوە هەستم بە عەزاب دەکرد. ئیدی خەون و خەیاڵم بە دەوری ئاین وژیانی ئاینییەوە دەخولایەوە. هەستێکی گۆنگم لەلا چێ بووبوو، کەلەم بوارە پیرۆزەدا پەیامێک چاوەڕوانمە و بە تاسەیەکی دەروونی قووڵەوە بەرەوپیری دەچووم. خەیاڵی ئەم میراتە گەورەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبووم بە خاوەنی، بەرۆکی هزروبیری بەر نەدەدام.. مێرگ و مەزرای جوان، کۆشک و باڵەخانەی بەشکۆ، ئەو هەموو پارە نەختە، ئەوەی بەلامەوە خەم نەبوو کار بوو، بەڵام خەوم بە نامەکەوە دەبینی، خەوم بەوەوە دەبینی، کەلەسەر کورسییەکەی بابام دانیشم وپێشوازی لە گەورە پیاوان بکەم، پیاوانی دینی ودنیایی، گەنگەشەو موناقەشەی کاروبارە گرینگەکانیان لەگەڵدا بکەم، لە کاتی بێکاریدا، لەگەڵ سترانڤان و سازڤاناندا، بسترین..

***

قسەکەم پێ بڕی و گوتم:

- من گۆرانی بێژە لەنگەکەم باش لەبیرە، هەروەها تۆشم بە جبەوە لەبیرە.

بە کەش و فشەوە لێی پرسیم:

- بەخۆت دەتبینیکە خواوەند چ قۆزییەکی پێدابووم؟

- ئەلهەقی سەر و سیمایەکی جوانت هەبوو.

- قۆز بووم، خۆش خوو بووم، نیاز پاک بووم، لەتەمەنی نۆلاویا چوومە ئەزهەر، بە توانا و بەهرەیەکی مرۆڤانی هێندە نورانیەوە چوومە ئەزهەر، وەکو ئەوەی میرێک بم و لە ئاسمانەوە هاتبم. خۆم لە ژینگەیەکی میللی ڕەسەندا بینییەوە کە هەژاری و ڕەنج و نائومێدی تەواو شەکەتی کردبوو.. مەگەر تەنیا بە هەوڵ وکۆششی زۆر وتێکۆشانی بەردەوام و خوێندنی جدی ئینسانیەتی خۆی بەدەست هێنابا. ژمارەیەکی زۆرم لە هاوپۆلانی خۆم ناسی، دۆستایەتیم لەگەڵ زۆریاندا گرت.. ئەوانە بە هەژاری و شەعبییەت وخورافاتی خۆیان، مەرجوش و دەستی داکم و ئەسڵ و فەسڵی تراجیدیی خۆمیان بیر دەخستمەوە، بەهەموو حاڵێکیانەوە خۆشم دەویستن، هەموو شەوانێکی هەینی بۆ شام دەعوەتی ماڵەوەم دەکردن وبە درێژایی مانگی ڕەمەزان دەستە بژێرێکیان لە گەڵ منا فتاریان دەکردەوە، لەگەڵ منا پارشێویان دەکرد و ماوەی نێوان فتار و پارشێومان بە سەعی کردن و گەنگەشەوە بەسەر دەبرد. ئیدی بەهۆی ئەوەوە پێگەیەکی دەگمەنم بەدەست هێنا کە بە ئاسانی بۆ بابایەکی خوێندکار مەیسەر نەدەبوو. بابام کە خۆشحاڵی منی بینی گوتی:

- ئاگادار بە لە خۆبایی نەبیت ها، دڵت پڕبکە لە خۆشەویستی ئەو هەژارە ئابڕوومەندانە، هەمیشە شوکرانەی خوا بکە کە ئەو هەموو نیعمەتەی داویتەتێ.. هەمیشە خوات لەبیر بێ.

بەڵام چونکە سەرکەوتوو و زیرەک بووم، هەمیشە هانی دەدام، مامۆستای تەوحید لەلای بابام تاریفی کردبووم، هەروەها مامۆستای فیقهو وڕێزمان ولۆژیکیش ستایشیان کردبووم، بابام بەوە خۆشحاڵ بوو و پێی گوتم:

-لە ئایندەدا دەبیت بە مامۆستا وشێخێکی زۆر چاک.

ئەوسا وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە گوتی:

- هەڵبەتە لەوەش گرینگتر ئەوەیە، کە بە هەنگاوی نەگۆڕەوە ڕێگەی پارسایی و پاکبوونەوە دەبڕیت..

بە بابام گوت:

- دەمەوێ ژیانم وەقفی ئاین بکەم، بەڵام نازانم چۆن، بەڵام هیچ زەوقم لەکاری وەکو وەعز و دەرسگوتنەوەو ئەو شتانە نییە..

- هەڵبەتە ئەمە گرینگ نییە، ئەوەی بەلای منەوە گرینگە ویستی جدی وباوەڕو خۆشەویستی تۆیە بۆ ئاین. پاشان بۆت دەردەکەوێ کە هەموو کتێبێک، کتێبی ئاینە، هەموو شوێنێک پەرستگەیە، ئیدی ئەو شوێنە چ میسر بێ و چ لە ئەوروپا بێ،خوا دەرگای حیکمەتت لێدەکاتەوە، تا بە حیکمەت کاری خێر ئەنجام بدەیت، ئیدی چ بە وشە چ بە کردار بێ، هەر ئەمەش ئەو ژیانە خواییەیە کە بۆم باس دەکردیت..

بابام، بەم کارە هێندەی دی هانی دام، تاسە و ئارەزووی گەیاندمە لوتکە، بە دڵێکی پاک و تەژی ئیمانەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پێشدەکەوتم و ئیدی ژیانی بابام کردبوو بە سەرمەشقی خۆم، ئەو ژیانە جوان و دەوڵەمەندەی کە لە کۆشکەکەیا، مومارەسەم کردو، بە کەماڵی ئارەزوو لەگەڵ دۆست وبنازۆکانیا تێکەڵاو بووم، بەشداری گەنگەشە و موناقەشەکانینام دەکرد، لەزەتم لە کۆڕ و مەجلیسی ستران و گۆرانیان بینی.

بەڵام هەندێجار، تووشی ڕەشبینی دەبووم، ڕەشبینی لە پەناوە بەرۆکی دەگرتم، تامی ژیانی لا تاڵ دەکردم، هەوری ڕەشی بیرەوەری باڵی بەسەرما

دەکێشا، بیرم لەو ژیانی دەربەدەریە دەکردەوە کە بابم پێوەی تلابووەوە، بیرم لە تراجیدیا و غەم و کول و کۆڤانی دایکم دەکردەوە، کە ئەسڵ و فەسڵ و مێژوویەکی گونگ و نادیاری هەبوو، ئەمانە دەبوونە بایسی ئەوە لە خەیاڵی خۆما لە بابام تووڕە ببم و لە خەیاڵی خۆما زۆر بە توندی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەم و دادگایی بکەم، لەبەرچاوی خەیاڵما دەبوو بە شەیتانێک لە پێستی فریشتەدا، لە دڵی خۆدا دەمگوت بابایەکی ئەرستوکراتە ولەهیچ لەزەتێکی ژیانا بێ دڵی خۆی ناکات، پاشان وا دەنوێنێ، کە پیاوێکی خوایی و پیرۆزە..

جگە لە محەمەد شکرون، هیچ کەسێکم شک نەدەبرد کە متمانەی پێبکەم و دەردە دڵی خۆمی بۆ بکەم. زۆر بە زەحمەت ڕێگەی خۆی لە دنیای جەنجاڵ و پڕ لە هەڤڕکی گەورە سترانڤان و سازڤانانی پیاو و ژنا دەبڕی. شکرون بابامی زۆر خۆشدەویست و هەمیشە چاکەی ئەوی لەبەرچاو بوو و دەربارەی ئەو دەیگوت:

- کەسێکی نەجیب و نەجیبزادەیە، لە نێو خەڵک و خوادا وێنەی نییە.

لێم پرسی:

- باشە ڕاتان دەربارەی هەڵوێستی بابام بەرانبەر بابم چیە؟

بەرسڤی دامەوە و گوتی:

- پەیوەندی باب وکوڕ، هەرچەندە بە ڕواڵەت ڕوون و دیارە، بەڵام لە ڕاستیدا گونگ و ئاڵۆزە، هەندێجار میهرەبانی لێ هەڵدەقوڵێ وهەندێجار زۆر توندە. ئەم لاقە لەنگەی من دەبینی؟ ئەمە دەستکردی بابمە، لە کاتی هەڵچوون و تووڕەییدا ئەمەی بەسەرما هێنا.. بەڵام ماهیەتی ئەخلاق و

ئاکاری ڕاستەقینەی پیاو، لە بەرخورد و هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکانی دیدا دەردەکەوێ.. ئەوەی ڕاستی بێ قەناعەتم بەو بۆچوونەی ئەو نەکرد و گوتم:

- ئەخلاق وئاکاری پیاو، جا هەر پیاوێک بێت، یەکەیەکی یەکپارچەیە ونایەتە دابەشکردن.

بەهەرحاڵ، ئەو حاڵە ناخۆشانەی کە سەرودڵیان دەگرتم وبەرۆکیان دەگرتم، هەمیشەیی نەبوون، حاڵەتی کاتی و ڕەوتەنی بوون، خێرا دەهاتن و زوو دەڕەوینەوە و یەکسەر سەفا دەروونی ونۆڕینە ڕۆشنەکەم بۆ دەهاتەوە. بەڵام ئەو قەیرانە ڕاستیەی لەو قۆناغەدا من گرفتاری بووبووم، قەیرانی سیکسی بوو، قەیرانی هەرزەکارێک، کە کەوتبووە سەر ڕێگای دینداری ودیانەت، کێشە وململانێی بەردەوامی دگەڵ ئارەزوو و غەریزە بەهێز و سێکسیەکاندا بوو، هەروەها بیرەوەریانی پارشێو وئەو کیژەی کە ئێستا ڕوخساریم بە تەواوەتی لەبەرچاو کاڵ بووەتەوە، زۆرجار یەخەیان دەگرتم. من سەرم لە بابام سووڕ مابوو، کە موناقەشەی، هەموو ئەو خەیاڵانەی کەبە مێشک و خەیاڵما دەهاتن، لەگەڵ دەکردم، کەچی سەبارەت بەم جەنگە ڕاستەقینەیەی لەناخما بەرپا بووبوو و حەوانەوەی لێ هەڵگرتبووم، خۆی لە گێلی دەدا و خۆی لێنەدەکرد بە ساحیب. جگە لە بەهجە سێ ژنی دیکەش لە ماڵەکەمانا هەبوون، ژنانێک بوون تەمەنیان هەبوو، پەنجا ساڵ دەبوون، جوان و بەرچاویش نەبوون، بەڵام بەشی ئەوەشیان پێوەبوو، ئارەزووی هەرزەکارێکی بێ تووتن بجووڵێنن، لەجادە و باناندا، ژنانی پۆشتە و پەرداخم دەبینین، زۆریان کار تێدەکردم. ئیدی ململانێی نێوان ویژدان و غەریزەم نە تەواو دەبوو و نە دەبڕایەوە، بەڵام

پیاوانە بەسەر وەسوەسەکانما زاڵ بووم و بەدڵ و بەگیان ڕووم کردە خوا و لەم شەڕەدا توانیم بۆڕ بە شەیتان لە هەموو سەنگەرەکانیا بدەم.

بەڵێ بەهجە، هەستی کرد کەبە چاوی تەماحەوە تەمەشای دەستە خۆشکەکانی دەکەم، ترسی لێنیشت، نیگایەکی دایکانەی کردم، لە ڕووی خەمخۆرییەوە، بە ئاشکرا و بێ پەردە ترسی خۆی دەربڕی وگوتی:

- خوت سووک مەکە، بابات هەرچیەک لەمماڵەدا هەیە، بە درێژەی شەخسی خۆی دەزانێ، دەستبردن بۆ هەر شتێک لەوانە، هاوتای دەستبردنە بۆ خودی خۆی، تا ئێستا باشت هێناوە و بابات لێت ڕازییە و ئەمەش نیعمەتێکە بۆ تۆ ڕەخساوەو شوکرانەی دەوێ، لەقەی لێ مەدە، هەڵبەتە بابات خەسڵەتێکی دیکەشی هەیە، ئەویش تووڕەییەکە لە ناخیا پەنهانە، جا ئاگات لەخۆ بێ و نەخەڵەتابی تووڕەی بکەی، تۆ خۆت ئەمە لە هەموو کەسێک باشتر دەزانی.

بە سەرسامیەوەو لەبن لێوانەوە گوتم:

- بابم!

- بەڵێ، تۆ مرۆڤێکی ئیمانداری، نوێژ و نزای تۆ عیبادەتێکی ڕاستەقینەیە، ئیدی بۆ بیر لە ژنهێنان ناکەیەوەو باپیرەت ژنێکت بۆ دێنێ کە هەموو خەونەکانت بە زیادەوە بهێنێتەدی.

بە حەپەساوی گوتم:

- بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوەو لاموایە هێشتا زووە و وەختی ژن هێنانم نەهاتووە، ئەمە جگە لەوەی حەزم لەوە نییە لە ترسی هەڵە و هەڵخزان ژن بێنم!

- من نازانم تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، بەڵام ئەگەر پێویستت بە کۆمەکە قسە بکە من لە خزمەتتام.

محەمەد شکرون، بەو گفتوگۆیەمانی زانی، دەیزانی لە چ قەیرانێکام و لە چ شەڕێکام لەگەڵ خۆما، پێی سەیر بوو. زۆر جار پێی دەگوتم:

- لەگەڵ منا وەرە بۆ ماڵی خەڵکی، دەرفەتی زۆر دەڕەخسێ، بەڵام دەبێ لە ماڵی ئێمە جلکە ئاینییەکانت بگۆڕی..

زۆر پێکەنیم.. لەبەر حورمەت وعیزەتی نەفسی خۆم هەموو دەرفەتێکم ڕەت کردەوە، زۆر بەوە دڵخۆش بووم کەلە پێناوی ئایندا سەختیم دەکێشا و بەسەر ئازارەکانمدا زاڵ دەبووم، بەخۆم دەگوت:

- خەنی لە خۆم، خۆش بەحاڵم کە هەموو ڕۆژێک بەلای کەمەوە جارێک بەسەر شەیتاندا سەر دەکەوم. کەبەڕاستی شایستەی ئایندەیەکی پاک و بێگەردم..

بۆ یەکەمجار بیرم لە هەندێ کاری تازە کردەوە لە بەهجەم پرسی:

- داپیرەم کەی مردووە؟

دوای ئەوەی ڕەحمەتی بۆنارد گوتی:

- نزیکەی بیستساڵێک لەمەپێش مردووە.

- باشە بەداخی بابمەوە مرد؟

- تەمەن، بەدەستی خوایە.

- بۆچی بابام، دوای ئەو ژنی نەهێنایەوە؟

- ئەمە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، خۆی دەیزانێ.

لە دڵی خۆدا دەمگوت ئاخۆ بابام ژیانی سێکسی تایبەتی خۆی هەیە، سووتلی و قەپاتمەی هەیە؟ کە ئەو بیرەم بە خەیاڵا هات، مووچوڕکەیەک بە سەراپاما هات و لە دڵی خۆما گوتم: بەچاوما ئەم بیرانەم دەخوێنێتەوەو وەکو هەمیشە گیرۆدەی بەدبەختیەکی دی دەبمەوە، لەدڵی خۆما گوتم بەشێکی دەروونم بە نیازی تۆڵە تاقیبی بابام دەکات، وادیارە بە دڵ وخالیسانە بابام خۆشناوێ و وادیارە نامەوێ تراجیدیاکەی بابم فەرامۆش بکەم و بەڵگەشم ئەوەیە ئەوەندەم سەر کردە سەر بەهجە و پێ داگریم لێکرد تا ئیعترافی کرد کە دایکم کیژی ژنێکی دەلاڵ بووە کە هاتوچۆی ماڵی ئێمەی کردووە، لێم پرسی باشە هیچ شتێکی مایەی گۆمانیان لەبەینا هەبووە، یان لێ دیوون، بەهجە بە ڕاشکاوی گوتی:

- بابات ئیعترافی بە خەڵکی گومناو نەدەکرد!

بەبێزاری و نارەزاییەوە گوتم:

- ئێ خۆ خەڵکانێکی کەم نەبێ، ئیدی هەموو خەڵکی هەر گومناون..

ئەو خەونی بە دنیایەک،خۆی گوتەنی، لە بەشەرانی خواییەوە دەبینی، باشە هەستی بە قورسی خەونەکەی نەدەکرد؟

ئیدی لێبڕام، هەموو ساڵێک سێ مانگەی ڕەجەب وشەعبان ورەمەزان بە ڕۆژوو بم، ژیان بە هەوڵ وکۆشش وپاکی دەروونی دەڕۆیی، بابام بە دڵنیایی وئارامی و خۆشحاڵییەوە پەیگیری دەکردم و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- ماشەڵڵا لە گەورەیی خوا.. !

من ومحەمەد شكرون لە دەوروبەری " دراسە " دا پیاسەمان دەكرد، لە دوورەوە مێگەلە پەزێک بەرەو ڕوومان دەهات كە دوو ژن سەرپەرشتیان دەكرد وپێشیان كەوتبوون. لە گۆشەیەكەوە وەستاین تا ڕێگەیان بۆ بكەینەوە، ژنەكانم بینی، زیاتر لە داک وكچ دەچوون، دەتگوت سێوێكن و كراون بە دوو لەتەوە. یەكێكیان گەلەبیەكی هاودامانی ڕەشی لەبەر بوو وپشتێنێكی لەسەر بەستبوو، پێی پەتی بوو، شاڵێكی لە خۆوە ئاڵاندبوو، پەچەیەكی دەڵبی لەسەر بوو، تەنیا هەردوو چاوی لێوە دیار بوو و تەشپیەكی (بادیە، كاسەی دارین) بە دەستەوە بوو.

***

بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو، تا لێم پرسی:

- ئێ دوای ئەوە چی ڕووی دا جافر؟

- منیش دەپرسم چی ڕوویدا..

- مەبەستت چییە؟

- زۆر بە كورتی كە چاوم بەچاوانی كیژەكە كەوت بە تەواوەتی شێت بووم.. بەڵام با گەنگەشەی ئەوە بۆ كاتی خۆی هەڵگرین، ئێستا ڕووداوەكەت بۆ دەگێڕمەوە، هەستم كرد مردم وكەسێكی تازە لە شوێن من دەژێتەوە، كەسێكی تازە بە هەموو مانای تازە، كەسێک كە هیچ پەیوەندییەكی بە كەسە مردووەكەوە نەبوو، كەسێكی تازەی مەست، پڕ لە ئەشق وقیان، پڕ لە توانای هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەک، گوێم لە محەمەد شكرون بوو، پێی دەگوتم:

- تاكەی ڕێ دەكەی؟

بە تووندی چاوی لێکردم و زەردە خەنەیەکی کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:

- ئەمە کیژێکی شوانە و تەواو!

بەدەم هەناسەبڕکێوە گوتم:

- نا قەدەر و چارەنووسە..

- ئەوە تۆ چ دەڵێی، بیر لە چی دەکەیتەوە؟

- چار نییە دەبێ ماڵیان بزانم..

- ئێ باشە، بەڵام لەبیرت نەچێ تۆ عەمامەت لە سەرە!

هێزێک جلەوی گرتبووم کە هێز و ئیرادەی من نەبوو، دوای مێگەلە پەزەکە کەوتین، لە مسگەرەکان وپاشان لە گەڕەکی حسەینیە ڕەت بووین، پاشان گەیینە گەڕەکی عەباسییە و وائیلیە. هەستم بە ماندوویەتی نەکرد، مدارای لەنگی هاوڕێکەشم نەکرد، بە توانایەکی شێتانە ومەستانەوە ڕێم دەکرد، سەرچاوەی سەرکێشی و ڕیسکێکی بێ سنوور لە دڵ و دەروونما تەقییەوە، گوێم لە گلەیی و خوتە وبۆڵەی محەمەد شکرون بوو کە دەیگوت:

- بێ قەزابی جافر..

- چییە، چی بووە؟

- کیژێ هەست دەکات کە دوای کەوتوویت..

- ئەمانە قەرەجن، لە شەیتان شەیتانترن...

- تۆ ئەو خوایە پێم بڵێ، بزانم تۆ چیت دەوێ؟

ئەنجام سەیرمان کرد، مێگەلەکە خۆی بە مۆڵگەی " عشش الترجمان " دا کرد، هەتاو بەرەبەرە ڕووەو خۆرنشین دەڕۆیی ومالاوایی لە کوختە تەنەکەکان ودانیشتوانە پاشکەوتوو و سارانشینەکەی دەکرد ولە شاری جیا دەکردەوە. محەمەد شکرون قۆڵی گرتم و گوتی:

- یەک هەنگاوی دی ناڕۆیی، ئێرە جێگای غەریبە نییە..

هەناسەیەکی هەڵکێشا ولە سەری ڕۆیی:

- پێمان بریندار بوو..

لە دنیای دوورە دەستی دەروونمەوە گوتم:

- بەرلەوەی لەبەرچاو ون بێ، بە نیگایەکی گەش مالاوایی لێکردم.

- دەی موبارەکە..

ئەوسا تکای لێکردم وگوتی:

- با لە گەڕانەوەدا بە گالیسکە بڕۆینەوە.

ئەو شەوە شکرون بە جێی نەهێشتم وتا نیوەشەو لەگەڵما مایەوە. بەجۆرێ تەمەشای دەکردم وەکو ئەوەی باوەڕ بە چاوی خۆی نەکات، پاشان لێی پرسیم:

- جافر چیتە؟

بە کەسەرەوە گوتم:

- ئەوەی کە بە چاوی خۆت دەیبینی.

- تێناگەم..

- شێت و شەیدای ئەو کیژە بووم و تەواو..

- شتی وا چۆن دەبێ! بەم خێراییە؟

- ئیدی وا ڕێکەوتووە.

- بەڵام ئەم شوانە وپەروەردەی ژینگەیەکی خەتەر وترسناکە.

- ئیدی قەدەر وچارەنووسە و لێت نابێتەوە.

ماوەیەک لە فکران ڕاچوو وگوتی:

- چۆن قەناعەتی پێ بکرێ؟..ئایا ئامادەگی ئەو کارەی هەیە؟.. چۆن خۆمان لە ڕیسوایی بە دوور بگرین؟.. ئەدی ئەگەر ڕووبەڕووی مەحاڵ بووینەوە، چ بکەین؟

بەوپەڕی ڕژدییەوە گوتم:

- هەرچۆنێک بووەو بە هەر نرخێ بووە دەمەوێ و تەواو..

دەمەو ئێواران دەچووم بۆ دەوروبەری " دراسە " ئیدی لەگەڵ هاوڕێکەما یان بە تەنیا، لە سەر بەردێک دادەنیشتم، مەڕ وبزن و کارژۆلان لە دەورم دەلەوەڕین، من کتێبی لۆژیکم لە باوەشما کردبووەوە وژێراوژێر وبە دزییەوە، تەمەشای ئەوم دەکرد کەلە پاڵ دایکیا دانیشتبوو و بە دوو قۆڵی تەشییان دەڕست، شوێنەکە نیمچە چۆڵ بوو، کەس هاتوچۆی پێدا نەدەکرد، تەنیا خەڵکانی وێڵ و سەرگەردان نەبێ کە بۆ " المقطم " دەگەڕانەوە. کاتێ خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، مێگەلەکە، ڕێڕەوی ڕۆژانەی خۆی دەگرت ودەڕۆیی، خەم و پەژارە و بۆشاییەکی ئەوتۆی لە دڵ و دەروونما بەجێ

دەهێشت کە بە هیچ شتێک پڕ نەدەبووەوە، ئیدی دەچووم بۆ مزگەوت تا نوێژی ئێوارێ بکەم و پاشان دەرس و وانەی لۆژیک ئامادە بکەم.

بڕیارم دا، کووپێک لە گیرفانی جبەکەمدا بشارمەوە.

کە دەورمان چۆڵ بوو و کەس دیار نەما، لە دایکەکە نزیک بوومەوە و کووپەکەم بۆ درێژکرد و داوای شیرم کرد، مەروانە ڕاپەڕی- دایکی وا بانگی دەکرد- خۆی گەیاندە بزنێک و کەوتە دۆشینی بزنەکە، ئەوسا کووپەکەی کە تەژی شیری سەر بەکەف بوو، بۆ هێنامەوە، لێم وەرگرت و گوتم:

- دەستەکانت خۆشبن مەروانە گیان..

بەچاو، بزەیەکی بۆ کردم، وەختایەک شیرەکەم دەخواردەوە، دایکی بە گومانەوە تەمەشایەکی کردم و لە بن لێوانەوە گوتی:

- نۆشی گیانت بێ!

سوپاسم کرد، بە زمانێکی بە ماناوە گوتی:

- ئێوەی شێخان پیاوی خوان.

بە منەتبارییەوە گوتم:

- لە خوا بەزیاد بێ، سوپاس بۆ خوا.

دروستبوونی ئەم پەیوەندییەم زۆر لەگیان خۆشبوو، گفتوگۆیەکە هەر مەپرسە، تا ئەو دەمە لێکدیش جیا بووینەوە، خەریک بوو لە خۆشیا باڵم دەگرت.

محەمەد شکرون، کەلە دوورەوە چاودێری دەکردم، گوتی:

- چوویته بنج و بناوانی مەسەلەکە، قوڕی بنیت دەرهێنا، بەڵام من دڵنیات دەکەم کە ئەمانە جێگەی متمانە نین، ئەمانە کە دەمت ئاویان بۆ دەکات، ئەوە نین کە تۆ وێنایان دەکەی، یەکپارچە شەڕ وخراپەن ها.

بە تەوسەوە گوتم:

- جاری وا هەیە، لە ژێر پەردەی دۆستایەتییەوە، دژمنێکی ئەوتۆت بۆ دەردەچێ کە هەرگیز باوەڕ نەکەیت.

شکرون، هەستی بە تووڕەیی قسەکانم نەکرد، نەیزانی من بووم بە شاهی شاهان و هەرچییەکم بوێ دەیکەم و حیساب بۆ کەس ناکەم، نەیدەزانی مەستی لاوەتیم و ئەقڵ و هۆش لەحەوت کێوان ئاوابوون.

کووپە شیرەکە، ئێمەی بە داوێکی ئاوریشمی کوشندە، پێکڤە بەستبوو. وەختایەک کووپە شیرەکەی دایە دەستم، بە دەم وەرگرتنی کووپەکەوە، سەری قامکە خرۆشاوەکانیم گرت و پێم گوت:

- تۆ کیژێکی دەلال ودڵاوای مەروانە.

سەرپێچەکەی لە دەوری سەری گرێدا و ، ژیراوژێر تەمەشایەکی بە ماناوەی کردم، لە کاتێکا لە وشەکانما دەتوامەوە، گوتم:

- چاوت چەند جوانن!

کە ڕۆیی دووبارە گوتم:

- من تەنیا لەبەر خاتری تۆ بۆ ئێرە دێم!

دایکەکە، دەستبەرداری تەشی ڕستن بوو وهەستا، چەند بەردێکی لە عاردی هەڵگرت و بەرەو شاخەکە هاویشتنی، کە بینی تەمەشای دەکەم، گوتی:

- ئەمە هۆیەکی باشە بۆ دوور خستنەوەو دەرکردنی خشۆک و مێرووان..

بە دوو دڵی وگومانەوە گوتم:

- خوا باشترین پارێزەرە..

بە توندی گوتی:

- بەڵام ئێمە لەسەرمانە شەڕ، بەزمانی خۆی بدوێنین..

***

جافر پێکەنی وگوتی:

- باوەڕم پێ بکە، چۆنت بۆ دەگێڕمەوە خیلافی تیا نییە، تەمەشای ڕواڵەتی ئێستام مەکە، هەرکەسێ بمدینێ، وا وێنا دەکات لە سەرانگوێلاکان لە دایک بووم و مایەی قیز هاتنەوەم.. ئەرێ بەڕاست تۆ ڕات دەربارەی ئەشق و ڤیان چییە؟

پرسیارێکی قورس بوو، غافڵگیری کردم، گوتم:

- ئەشق، ئەشقە، ناوی خۆی بە خۆیەوە، هەرچیەکی دەربارە بگوترێ باوەڕ دەکەم..

- باوەڕت وایە پەڕجوو عەجایب دروست دەکات؟

- بەڵێ، ئەوەندەش ساویلکە نیم، بەڵام جافر تۆ باسی عەشق وجۆرەکانیم بۆ بکە، باسی ئەو کیژە شوانە پێ خاوسەم بۆ بکە کە خوێنی هێناویتە جۆش..

- بەڵێ وایە، بانگەوازی خوێن بوو، بانگەوازێک کە ئازای هێناومەتە جۆش، بانگەوازێک بوو بەرەو تالووکان وشێت بوون. هێرشی بۆ دەرگا و پەنجەران دێنا، کۆی لە هیچ تاوانێک نەدەکردەوە و خۆی دەکوشت..

بەسەرسامی پرسیم:

- بەڵام تۆ لە وەلیان و بەندەێن ساڵحی خوا بووی.

- بۆ ئەوەی بتوانی ئەو ژیانەی من بجەڕبێنی، وا وینا بکە کە لە ناکاوا هۆش وگۆش و یادگەت لە دەست دەدەیت و دەبیت بە کەسێکی تازە.

- بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم وا وێنا دەکەم، کە ئینسان بەرەبەرە دەگۆڕێت و دەبێ بە کەسێکی دی.

- نا.. نا.. من لە ناکاوا، گۆڕام، گۆڕان ئەمما گۆڕان..!

- بێگومان لە تاریکیا زۆرشت ڕوو دەدەن، شتانێکی دوور لە هەست وئاگایی تۆ.

- ئینسان لۆژیک دروست دەکات، بەڵام لە ژیانی خۆیا دەیبەزێنێ، تەبیعەتیش وەکو چۆن گۆڕان و پەرەسەندنی تیایە بەو ئاوایەش بازرەقەی هەیە!

- چیت پێیە هەڵیرێژە جافر.

ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- ڕۆژێک بابام بۆ ژوورەکەی خۆی بانگی کردم، خوڵکی دانیشتنی کردم و ئەوسا لێی پرسیم:

- لەگەڵ خوێندنەکەتدا چۆنی؟

یەکسەر دڵم خەبەریدا کە بۆ شتێکی دی بانگی کردم، چونکە سەبارەت بە دەرس و خوێندنەکەم مامۆستا وشێخەکانم، ڕۆژ بەڕۆژ لە سەرکەوتن وپێشکەوتنەکانم ئاگاداریان دەکردەوە. بەهەرحاڵ وەڵامم دایەوە کە بە دڵی ئەوم. گوتی:

- بەڵام دەبێ ئاگادار بی، چونکە ڕێگەیەی دوور ودرێژ وپڕ هەوراز ونشێوت لە پێشە..

بەجۆش وخرۆشێکی دەستکرد و ڕواڵەتیەوە گوتم:

- خەڵکی ئیماندار لە ڕێگای سەخت ناترسێت..

- قسەیەکی باشە، بەڵام قسە هەزارە ودووانی بەکارە، کرداری باش باشترە لە قسەی باش.

- بەڵێ، هەق بەتۆیە.

هەڵوێستەیەکی کورتی کرد و ئەوجا درێژەی بە قسەکانی دا:

- زۆر کار هەن پێویستیان بە بیرکردنەوەو ڕامان هەیە، خۆ ناکرێ هەر خەوێکت بینی و هەرکە بێدار بوویەوە، بڕیاری لێ بدەی..

- خەونی چی باوەگەورە؟

- گرینگ نییە، خەون زوو لەبیر دەچنەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە بڕیاردانە لەسەر ئەنجامدانی کارەکە.

- مەبەستت لەم خەوە منە باپیرە؟

- بەڵێ، ئەم مەسەلەیە خۆشحاڵت دەکات..

- بەڕاست؟!

- بڕیارم داوە، کیژێکی نەجیب وحەڵاڵزادەت بۆ بێنم.

حەپەسام، بێدەنگ بووم، لە دڵی خۆدا گوتم، ئەم پیاوە ئاگای لە هەموو شتێکە، ئاخر من لە کوێ بزانم ئێوارە پیاسەیەکی سەیری نەوەی ڕاوی، دەبێتە مایەی سەرنجی خەڵکی و دەبێت بە وێردی سەر زاری خەڵکی و هەزار و یەک لێکدانەوە و ڕاڤەی بۆ دەکرێت و پاشان خێرەومەندێک پەیدا دەبێ و بە خوت و خۆڕایی وەکو هێلکەی پاک کراو دەینێتە قولی مستی بابامەوە، ئەم پیرەمێردە هەموو شتێک دەزانێ و دەیەوێ تا کار لە کار نەترازاوە فریام بکەوێ و ئەگەر شتەکە بە بەریەوە مابێ ڕزگارم بکات.

- چییە، بۆ بێدەنگی کوڕم؟

- بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوە. شتی وام بە بیرا نەهاتووە.

- کەواتە بیری لێبکەوە. با بە بیرتا بێت..

- بەڵام..

- گەنج لەبەر هەندێک هۆی ناچاری ژن نایەنێ، خوا ژن هێنانی حەڵال کردووە، ئیدی بۆ نیعمەتێ ڕەتدەکەیەوە کە خوا پێی حەڵاڵ کردوویت، ژن هێنان نیوەی دینە؟

- بڕێکم مۆڵەت بدەیە با بیرێکی لێبکەمەوە!

- من بووکێکی نایابت بۆ هەڵدەبژێرم، ئیدی بۆ خۆت سەرپشک بە!

بە نیگەرانییەوە بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە، تاکو بانگی بەیانی خەو لە چاوانم نەکەوت، بە ڕادەیەک خرۆشابووم، دەمویست بەر ببمە دیوارەکان و

هەر هەموویان بەسەر یەکا بڕوخێنم. نەخێر دێوەکەی ناخم بەر بووبوو، لێبڕابوو، ئەگەر هەر چییەک بووە، کیژەکەی دڵخوازی خۆی بە دەست بێنێ، خوای دەکرد نەک هەر کۆشکەکە وێران دەبوو، بەڵکو هەموو گەڕەکەکەش وێران دەبوو، بە خەیاڵ ماوەیەکی زۆر دەردەدڵم لەگەڵ داک و بابما کرد، لە ڕادەبەدەر لە بابام پەست و تووڕە بووم، چونکە نەیدەویست دان بە زۆرداریەکانی خۆیدا بنێ، ئیش وکاری ئەمر کردن و خۆسەپاندن بوو، حیسابی بۆ کەس نەدەکرد، ئەم گفتوگۆیەی نێوان من و بابام، نازانم لە خەوا یان لە وڕینەی شەوا یان لە نێوان خەو وبێداریدا ڕووی دا، زادەی بیرکردنەوە هەلەق و مەلەق و هەڤدژەکان بوو.

- باوەگەورە من ڕازی نیم.

- یانی چاکە و پیاوەتی من ڕەتدەکەیتەوە؟

- من چەوساندنەوەو زۆرداری ڕەت دەکەمەوە.

- ئەگەر لە لایەن منیشەوە بێ؟

- بەڵێ، ئەگەر لەلایەن تۆشەوە بێ!

- تۆ کەللەڕەقی، ناشوکر وسپڵەو پێنەزانی، لە پای چیا ئەم هەموو جوانی وپاکییە ڕەت دەکەیتەوە؟

- لەپای ئازادیدا!

- بڵێ لە پای کیژێکی شوانە وێڵەدا.

- خوێنگەرمی و ئاوارەیی و هەوای پاک.

- ئەمە ئەو شێتایەتیەیە، کە هەمیشە شێتەکان لە ماڵە کۆنەکەم دەتارێنێ.

- نیعمەتی ڕاستەقینە لە شێتاتیدایە.

- بە ڕاستی توخم و تۆی دایک وباوکی خۆتی، نەتدۆڕاندووە.

- من هەتاهەتایە شانازی بەوەوە دەکەم.

- نیوەت، دەیەوێ تۆڵە لەمن بسەنێ.

- نامەوێ بیر بکەمەوە، ئیدی لێمگەڕێ، کردار بکەم.

- ئەدی جبە و عەمامەکەت؟

- لە ئێستا زووتر نییە فڕێی دەدەم.

- ئەمە کوفرە کوڕۆ، یانی هەڵگەڕایتەوە؟

- نامەوێ ئاین بکەم بە کار وپیشە..

- دەتەوێ چ بکەی؟

- دەمەوێ ڤیان و شێتاتی وکوشتن بجەڕبێنم!

پێموایە، من بەم دیالۆگە، بە تەواوەتی گوزارشتم لەو حاڵەتە کرد کە پێوەی دەتلامەوە، کاتێ گرێی دڵم بۆ محەمەد شکرون کردەوە و ڕازەکانی خۆمم بۆ درکاند، بە ڕادەیەک حایر وسەرسام بوو کە باوەڕی بە گوێیەکانی خۆی نەدەکرد، کە زانی زۆر بە جدیمە، لێی پرسیم:

- یانی تۆ بە ڕاستی لەبەرخاتری مروانە، قسەی بابات دەشکێنی و دەست بە ڕوویەوە دەنەیت؟

سەرم بۆ لەقاند کە بەڵێ.

- یانی لەبەر خاتری کیژێکی شوانە وێڵە، سەری خۆت هەڵدەگری و ماڵ بەجێدێڵی؟

- بەڵێ.

- باشە، ئەمە دەکاتە چی؟

- ئەگەر حەز دەکەی بە شێتم بزانە.

- باشە ناترسیت بابات لەبەشە میرات بێبەشت بکات و هەژار و نەدار، ئاوارەی کوچە و کۆڵانان ببیت؟

- ئەگەری ئەمە هەیە.

- ئافرەتێک ئەم هەموو قوربانیە گەورەیە نایەنێ.

بە تەوسەوە شانەکانم هەڵتەکاندن. شکرون گوتی:

- بەڕاستی من تێت ناگەم.

- ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە تێگەیشتنەوە نییە، ئەمە حەقیقەت و واقیعە.

- باشە شرۆڤەت بۆ ئەم کارە چییە؟.. ئایا سرێکی تیایە؟

- ئەمە شێتایەتیەکی نا ئاشکرایە و من ئەفسوونی بووم.

- پەلە مەکە، بەڵکو سازشێکی لەسەر بێتە کردن.

- من ڕقم لە سازشە.

- دەتوانی لە سایە و لە ژێر ڕکێفی باباتدا وەمێنی و درێژە بە خوێندنەکەت بدەیت و مومارەسەی ڤیانە شێتانەکەشت بکەی..

- نا.. نا.. ئەمانە کۆمەڵێک شتی ناکۆک و هەڤدژن، من ڕێگەی خۆم هەڵبژاردووە..

- چ ڕێگایەکت هەڵبژاردووە؟

- هەمماڵەکە بەجێدێڵم و هەم ئەزهەریش تەرک دەکەم..

- پێویست بەو کارە ناکات.

- با، زۆریش پێویستە، دەبێ ژیانێکی تازە دەست پێبکەم.. ئەگەر ئەم کارە نەکەم دوانەکەی دیکەش لە دەست دەدەم..

- بێگومان ئەم گەنجە بە چاوەوە بووە!

- جگە لە مرۆڤی خوایی، چ کەسێکی دی لە ماڵی بابامدا هەڵناکات وجێی نابێتەوە.. سەبارەت بە ئەزهەریش من هیچ کاتێک حەزم لە کار و پیشەی ئاینی نەبووە.. ئیمان و دینداری پێویستی بەو هەموو ئاڵۆزییە نییە..

- خۆزگە، هەموو ئەم کارانەت لە پێناوی شتێکی باشتردا بکردایە..

- نا، سەرکێشی و ڕیسکان باشترە.. شێتاتی باشترە..

شکرون، بە پێ داگرییەوە گوتی:

- بە ڕاستی، هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم، لێت تێناگەم.

بە تەوسەوە گوتم:

- وێڕای هەموو گەوجاتیەکانت، تۆ هێشتا مانای شێتاتیت نەزانیوە شکرون گیان..

- یانی دەتەوێ بڵێی، لە پێناوی ڤیاندا، هەموو ڕابردووی خۆت دەسڕیتەوە؟

- من، بەهۆی ڤیانەوە، لە شێتاتی و ڕیسکان حاڵی بووم!

محەمەد شکرون، ملی بۆ واقیع دا، هەستم کرد، بە ڕاستی باوەڕی وایە هیچ تراجیدیا و کارەساتێک لە شێتاتی ڕاستەقینە بەدەر نییە.. جا بەو حەساوەی کە ئاشقیش وەکو سترانڤان پێویستی بە کۆمەکە، بەڵێنی دامێ کە دەمی مەروانە و دایکیم بۆ تاقی بکاتەوە، دوای سوراخ و تاقیبکردن، دڵنیا بوو کە ئەگەر خەڵکی وەکو مەروانە، هەر پەیوەندییەکی ناشەرعی بگرێ، دێتە کوشتن. مەحاڵە بە پەیوەندی ناشەرعی قابیل ببێت. ئەوجا بە پەستییەوە گوتی:

- باشە بیرت لە ئایندەی خۆت کردووەتەوە؟ تەنانەت ڕیسک کاران و سەرکێشانی ئازادیش پێوستیان، بە خواردن هەیە، دەبێ نانێ پەیدا بکەن؟..

سەیر ئەوە بوو من هیچ کاتێک، وەکو پێویست وبەجدی بیرم لەو مەسەلەیە نەکردبووەوە، بۆ ساتێک ئەوەم بە بیر و بە خەیاڵدا هات کە لە قوتابخانەیەکی ئەهلیدا، دەرسی زمانی عەرەبی و وانەی ئاین بڵێمەوە. بەڵام بەو حەساوەی کە ئەم بیرە لەگەڵ کەش وهەوای ڕیسک وسەرکێشیانی جادووییدا تێکی نەدەکردەوە، دەستبەرداری بووم و بیرێکی دیکە جێگای گرتەوەو گوتم:

- تیپێکی سروودی ئاینی و ستایشی پێغەمبەر دادەنەم.

- ئەم کارە وەختێکی زۆری دەوێ، پاشان کێ دەڵێ سەرکەوتوو دەبیت. باشترین ڕێگە ئەوەیە وەکو ئەندام لەگەڵ گروپێکدا کار بکەی کە ئەمە بۆ تۆ ناگونجێ!

ماوەیەک لە فکران ڕا چووم و پاشان گوتم:

- پێم باشە لەگەڵ گروپەکەی تۆدا کار بکەم..

- گروپی من؟!

- بۆ نا؟.. خۆ دەنگم لە هەر یەکێکی کۆرسەکەی تۆ خۆشترە..

- تۆ وەلی نیعمەتی منی، چاکەت بە سەرمەوە هەیە، بەڵام..

- تکایە، بەڵامی تێ مەخە، تۆ مانگانە ئاهەنگی زۆر دەگێڕیت، بەلای کەمەوە سێ یەکی مانگەکە ئاهەنگت هەن، و لەسەرکەوتن و پێشڤەچوونی بەردەوامای..

محەمەد شکرون بێدەنگ بوو، بەجۆش و خرۆشەوە گوتم:

- لە هەمان کاتا، کار بۆ دامەزراندنی تیپە ئاینیە تایبەتیەکەش دەکەم.

- ئەمە زەرووریە، منیش بە حوکمی دۆستایەتیم دەگەڵ دەڵاڵانی ئاهەنگە ئاینیەکان یارمەتیت دەدەم، خەمت نەبێ مشتەریت بۆ پەیدا دەکەم، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە هەندێک خەیاڵی دێتە بەرچاو.. بەڵام من هێشتا سوورم لەسەر ئەوەی کە دەکرێ بابەتەکە بەجۆرێکی دی چارەسەر بکرێ.

دووبارە و بەپێ داگرییەوە گوتم:

- تەواو من لەم کارە ژێوان نابمەوە، تاقە یەک هەنگاو ناکشێمەوە، دوو جلکم هەن، چاکەت و پانتۆڵ بۆ گرووپەکەی تۆ و جبە و عەمامە بۆ گروپە ئاینییەکە، واباش نییە؟!

لە بێدەنگی شەوەکەدا تەمەشایەکی کردم و لێی پرسیم:

- تا چ ڕادەیەک باوەڕت بە من هەیە؟

- ئەوەندەم تەمەن هەیە کە بزانم باوەڕ بە چی دەکەم و بەچی ناکەم.

- حەزدەکەم زیاتر باوەڕ ومتمانەت بە من هەبێ، زۆرکەس باوەڕیان پێم نەبووە، منیش بەو حاڵە هەم ناڕەحەت بووم وهەم خۆشحاڵ. ناڕەحەت بووم چونکە کارەکەی من کارێکی دەگمەنە وکاری دەگمەن پێویستی بە شایەدە، خۆشحاڵیەکەشم لەبەر ئەوە بوو کەبە جورئەتەوە ڕووم کردە کارەکەم.. ئیدی من هەقی خۆمە چاوم لە شۆرەت و نێوبانگ بێ و خەڵکی دان بەوەدا بنەن کە من مرۆڤێکی ئاسایی نیم. مرۆڤ، هەموو مرۆڤێک ناتوانێ بە ئاسانی دەست بەرداری ئەو هەموو ناز و نیعمەتە ببێ کە تۆ تیای بووی..

- تەنیا لەبەر ڤیان وخۆشەویستی؟

- ڤیان بەس نییە؟!.. ڤیان، شێتایەتیەکی ئەزەلییە!

- باشە مەروانە ئەوەندە جوانە؟

- جوانی چییە؟ بانگەوازێکە، وەکو تەزوویەکی کارەبایی لە ناخی مرۆڤ دەدات..

- ئایا نەتدەویست بابات لە تاقە میراتگرەکەی مەحرووم بکەیت؟

- هیچ کاتێک تراجیدیا و کارەساتەکەی بابم بەری نەداوم، بەڵام ئەم ڕەفتارەی من، ڕەفتارێکی فریشتانە بوو، هیچ نیازێکی پەنهان وئاشکرای تۆڵەئەستێنی لەگەڵدا نەبووە.

- ئەدی پەرچەکرداری ئەو چەپاندنە توونده‌ی، بەو حەساوەی کە مرۆڤی خواییت، بەسەر خۆتدا سەپاندبوو؟!

- نا، ئەم ڕاڤەیەشم قەبووڵ نییە، پێمگوتیت، ڕەفتارەکە، ڕەفتارێکی فریشتانە بوو، رێک وەکو گۆرانی و ئاوازی بەرەبەیانان، ئیدی چەخماخەی ڤیان هەرکە لێی دا، دنیا ڕوناک دەکاتەوە، دەتخاتە سەربالًی خەونێکی ڕاپەڕیو، دەیەوێ دیواری کۆشکان بڕوخێنێ، کۆت وبەند، شۆرەت ونێوبانگ بن پێ بنێ و لە خاک وخۆڵی نەمری دایکا خۆی وەربدات. وەکو چۆن بودا، ڕۆژێک لە ناکاوا، بەبێ هیچ هۆیەکی قەناعەتبەخش، کۆشکەکەی بەجێهێشت. ئەم کارانە لە ناکاوا ڕوو دەدەن، ئەو خەیاڵانەی میشکت پڕ دەکەن، جگە لە زەمینەسازی بۆ کارێن لە ناکاوی داهێنانی، هیچی دی نین. من نموونەیەکی زندووت بۆ دێنمەوە، نموونەیەک کە ئێستاو لە ناکاوا ڕووی دا. من ئێستا بڕیارم دا کە عەرزوحاڵ نەنووسم..

- مەبەستت چییە؟

- عەرزوحاڵی ئەوەی کە هاوکارییەکی مانگانەم لە وەقفەکەی بابام بۆ ببڕنەوە!

- هەست ناکەی ئەمە گەڕانەوەیە بۆ مەسەلەیەکی بێهودە و نەزۆک؟

- نە مەسەلەیە و نە عەرزوحاڵ! هیچیان لە ئارادا نین!

- بەڵام..

- بەڵامی ناوێ!

- باشە، ئەم بابەتە هەڵدەگرین بۆ دوایی، تکایە، سەر گوزەشتەکەت تەواو بکە.

وەکو عادەتی هەمیشەیی قاقایەکی لێدا وگوتی:

- ئێوارەیەک محەمەد شکرون بە شەلەشەل، بەرەولای پیرەژنە عەرەبەکە کەوتە ڕێ و منیش بە دوایا، پیرەژن تەشپیەکەی لە سووچێکەوە دانا و بە ترس ولەرزەوە هەستا، شکرون پێی گوت:

- دۆستێکم هەیە، گەرەکییە، بە گوێرەی سونەتی خواو پێغەمبەر، داوای کچەکەت بکات!

پیرەژن حەپەسا، مەروانە بە هەڵەداوان دوور کەوتەوە، شکرون لەسەر قسەکەی ڕۆیی و گوتی:

- جا ئێمە لە خزمەتوداین و چاوەڕوانی ئەمری تۆین.

پیرەژن، خۆی کۆنترۆڵ کرد وگوتی:

- ئێمە کەس و کارمان هەن، دەبێ پرس و ڕایان پێبکەین.

مەروانە و دایکی، خزمێکی دووریان هەبوو، بۆرە خزم بوون، کە دەبوایە بچنە دیدەنی.

ڕۆژێکی سەیر بوو.

ئێمە دوو غەریبەبووین کە بە بێئەوەی ڕێگریمان لێبکرێ یان بکوژرێین، بە ڕۆژی ڕوناک بە گەڕەکی " عشش الترجمان " دا ڕێمان دەکرد، خەڵکانێکی شەڕفرۆش بە تەوس و تەوانجەوە مۆڕەیان لێدەکردین، بۆ ماوەی خولەکێک

سەرانسەری گەڕەکەکە لە جووڵە وەستا، جووڵەی ڕاهێنان ومەشقدادانی مەیموونان و بڕینەوەی مەڕ و پەزان و کێشانی مادەی هۆشبەر و گواستنەوەی شتومەکی دزیاری و تەپڵ لێدان.

چەند کوڕیژگەیەکمان لێ خڕبوونەوە، بە هورا کێشانەوە پێشوازیان لە شێخ جافر دەکرد و دەیانگوت:

- عەمامەکەت توند بکە، مەیموونێکی لەژێردایە.

پیرەمێردێک لەبەردەم کوختەکەیدا دانیشتبوو، دایکی مەروانە بە ڕێزەوە لەبەردەمیا وەستابوو، چووین بۆ لای ئەو پیرەمێردە.. تەوقەمان لەگەڵی کرد، زۆر پیر بوو، پێی بە لێواری قەبرەوە بوو. دایکی مەروانە لە جیاتی ئەو گوتی:

- بەخێر هاتنتان دەکات.

پیرەمێرد، بە توندی کێشای بە پشتی پیرەژندا و گوتی:

- وادیارە لەگەڵ ئەمانەدا ڕێک کەوتووی، نەفرەتت لێ بێ..

محەمەد شکرون گوتی:

- ئەم هاوڕێییەم لە بنەماڵەیەکی نەجیب و بە ئەسڵ و فەسڵە.

پیرەمێرد تفێکی کرد وگوتی:

- تڕحێو.

محەمەد شکرون، کەوتە مینگەمینگ:

- کارش دەکات..

لێ پیرەمێردەکە قسەکەی پێ بڕی وگوتی:

- ئێمە کارمان بەلاوە گرینگ نییە!

- ئەخلاقی.. ئەخلاقی..

پیرەمێرد، دووبارە قسەکەی پێ بڕی وگوتی:

- ئەخلاقشمان بەلاوە گرینگ نییە!

شکرون، بەوپەڕی سەبر و حەوسەڵەوە گوتی:

- بە کورتی و کرمانجی ئێمە بە گوێرەی سوننەتی خوا و پێغەمبەرەکەی هاتووینەتە خوازگاری کیژەکەتان.

کابرای پیرەمێرد دەستی بە پێکەنین کرد. تاقە ددانێکی لە زاردا نەبوو، گوتی:

- بەخێر و خۆشی.. باسی مارەیی و جیازی بکە.

- تۆ قسە بکە، تۆ گەورەی ئێمەی.

پیرەمێرد، بەر خەبەبەی پڕ لە باکرد وگوتی:

- جارێ دە جونەی بخە ئەم دەستەمەوە.

دەستی پان کردەوە، جووڵەیەکی گۆنگی کرد، پیرەمێرد بڕۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

- با فاتیحا وەخوێنین..

دەنگی هەلهەلە لە دەورمان بەرز بووەوە.

محەمەد شکرون، لەبەر خاتری من، وەکو ڕێز وحورمەت بۆ من هیچی نەگوت، ئیدی منیش لە لای خۆمەوە لێبڕام وەکو گەنجێک کە قۆناغێکی باشی خوێندنی تەواو کردووە، بە ڕاشکاوی قسە لەگەڵ باباما بکەم، چوومە ژوورەکەی ولە نزیک کورسییەکەیەوە دانیشتم، تەزبیحەکەی بە دەستەوە بوو ولەبن لێوانەوە وێردی دەخوێند، پشیلە ڕومیەکەی لە دەستە چەپییەوە وەرکەوتبوو و دەی پرخاند. هەستم کرد خەریک بوو جۆرە هاماجێکی چاوەڕوانی و ئامادەگی لە نێوانماندا دروست دەبوو، من بەوەی لە دڵما بوو و ئەویش بەوەی کە بە زیرەکی و مەزەنەی خۆی دەیتوانی، خولیا پەنهانەکانی ناخ و دەروون بخوێنێتەوە. هەمان پرسیاری ئاسایی کرد:

- حاڵت چۆنە؟

بە پەرێشانیەوە بەرسڤم دایەوە:

- لە خوا بەزیاد بێ زۆر باشم

بەکاوەخۆ گوتی:

- خوازگارییەکە دوای سێ مانگی دی واتە دوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان ڕادەگەیەنین!

لێبڕام توانا وهێزە تازەکەی خۆم بجەڕبێنم و بێ هیچ دوودڵییەک گوتم:

- ببورە باوە گەورە، من ژنێکی دیکەم هەڵبژاردووە.

پێدەچوو قسەکەی من هیچ کارێکی تێ نەکردبێ، بۆیەپرسی:

- بەڕاست؟

- ئیدی ئەمە قسمەت و نسیبە.

- کەواتە ئەو قسانەی پێم گەیی بوون، ڕاستن؟

من متەقم لێوە نەهات. بابام دووبارە پرسی:

- کیژە شوانەکەیە؟!

بەکاوەخۆ بەرسڤم دایەوە:

- بەڵێ باوەگەورە.

بەدەم سووکە ئاهێکەوە گوتی:

- تۆ ئیدی گەورە بوویت، خێروشەڕی خۆت باشتر دەزانی.

بەجدی لێم پرسی:

- باشە تۆ ڕازی دەبیت؟ لێم زویر نابیت؟

بە کاوەخۆ لە سەر وێرد وسەلاواتەکەی بەردەوام بوو. دیسان لێم پرسی:

- دەتەوێ بڵێی دەبێ ئەمماڵە بەجێ بێڵم؟

ئاوڕی لێنەدامەوە:- بۆ هەتاهەتایە.

لە جێی خۆم هەستام، دەستم ماچ کرد وڕۆیشتم.

دوعاخوازییەکەم لە بەهجە زۆر بە سوێ و کول وکۆڤان و گریاناوی بوو، پێشنیازی کرد داوای پارەم بۆ بکات، قەبووڵم نەکرد، گوتم پارەم پێیە، لە سەد جونەیهێ زیاترم پێیە، بەدەم گریانەوە گوتی:

- لەم ماڵەدا، هەموو خەمەکان لەگەڵ ژن هێناندا دەست پێدەکەن.

سەری نایە پەنا گوێم و لەبن لێوانەوە گوتی:

- باوەڕم پێبکە، بابات نەگبەت وبەدبەختە.. بەدرێژایی شەو تەنیا یەک سەعات خەوی لێدەکەوێ..

ڕاستگۆیانە پێمگوت:

- من بابامم خۆش دەوێ، بەڵام بیرکردنەوەیم بەدڵ نییە!

ئیدی ناچار ئەوماڵەم بەجێهێشت کە چواردە ساڵی پاک و پێگەردم تیا بەسەر برد.

لەگەڵ بووکەکەما چووم بۆ شوقەیەکی دیکە لە گەڕەکی خرنفش، کە محەمەد شکرون بۆی بە کرێ گرتم و لە ئاواکردنەوە وموبێلە کردنیشیا یارمەتی دام، شوقەکە بریتی بوو لە دوو ژوور وهۆڵێک، مەروانە بە جل و بەرگی تازە و بوکێنییەوە، یەجگار جوان وبەدەووبەرچاوی بوو، دوای ئەوەی لە حەمامی بوکێنی هاتەدەرێ، ڕەنگ و ڕوویەکی تازەی هەڵێنابوو ویەکەمجار بوو ڕەنگی ئاسایی ئەوم دەبینی، ناڵێم بەمە خۆشحاڵ بووم، بەڵام دان بەوەدا دەنەم کە ئەم ڕەنگە برۆنزیە تۆخە، بوو بە بەشێک لەو وێنەیەی کە پایە وکۆڵەکەکانی ژیانمی لە بناغەوە لەقاند. وێڕای هەموو ئەمەش ژنێک بوو دەنگ بەرز و زاڵ، بەتەواوەتی کۆنترۆڵی کردبووم، تەنانەت وام هەست دەکرد، بووم بە دیلی دەستی کەسێک نە بەزەیی هەبوو ونە لێبووردەیی، ئیدی بە تەبیعەت و خۆڕسک یەجگار خشیک ولەبەردڵان بوو، دەتگوت کڵپەی ئاگرە، زۆر بە خۆی وڕەگ وڕەچەڵەک و قەوم و قەبیلەی خۆیەوە دەنازی، خەریک بوو جۆرە پیرۆزاندنێکی بەو خاک وخۆڵە دەبەخشی کە وەکو گوڵێکی کێوی سەری لێوە دەرهانی بوو، تەنانەت ڕەفتار وهەڵسووکەوتی مێیانەشی شەفاف و ڕەسەن بوو، زۆری متمانە بەخۆی هەبوو، هیچ لاوازییەکی نەدەنواند، لەیەکەم ساتەوە هەستم کرد،

لە هەنبەر ژنێكی زۆر بەهێز و سەركێش دام. ملكەچی لە مەزەبا نەبوو، ژنێكی پڕ لە نەشم وكەشم و ئەفسوونی ژنانە و متمانە بەخۆ و بێباك و، ژنێك كەلە هەنبەریا دەسەوەستان و زۆر لاواز بووم. ئیدی وەكو كەسێكی تاقیبكراو یان شتێكی بێ هۆش و گۆش دەهاتم ودەچووم، ئیدی لە ناو دۆست وبرادەرەكانما بە " پیاوە بەختەوەرەكە " و " پیاوە لاوازە بەختەوەرەكە " ناوبانگم دەركرد، كەبەو حاڵ و حیكایەتەیان زانیم، هەر یەكەیان بە جۆرێ هەم ئاگاداری دەكردمەوە وهەم ئاموچیاری دەكردم.

مانگی هەنگوین و تازە زاوایەتی نەبووە بایسی ئەوەی كە كارە تازەكەم فەرامۆش بكەم، بەڵكو بە ورە وهیمەتێكی بەرزەوە دەستبەكار بووم. بە جۆرە ترس ودڵە ڕاوكێیەكەوە خۆم بەو ژینگە تازەیە و بەناو ئەو خەڵكانەدا دەكرد، كە هەموو خەم و خولیایەكیان سەرگەرمی و ڕابواردن بوون، بە گەرمی پێشوازییان دەكردم و بەدەنگی بەرز هاواریان دەكرد:

- خێرهاتی نەوەی ڕاوی!

ئەو بانگە، مانای خۆی هەبوو، تەشەرێك بوو، وەكو سێبەر بۆ هەركوێ چووبام لە دووم بوو، ئەو تەوسە لە گەڕەكی خرنفش، لە گروپەكەی محەمەد شكرون، لەو تیپەدا، كە ڕێكەوتبووین، لە كاتی پێویست كارم لەگەڵدا بكات بڵاو بووبووەوە. بە كورتی ئەم دەنگە لە هەموو شوێنێكا لە گوێمدا دەزرینگایەوە. ئیدی دەستم كرد بە ئەزبەركردنی سروودەكان وڕاهێنان وخۆ ئامادەكردن بۆ كار كردن لەگەڵ تیپەكە ولەگەڵ گروپەكەدا، تەنانەت لە كاتی تازە زاوایشمدا، لەگەڵ تیپەكەی محەمەد شكروندا، لە ئاهەنگێكی زەماوەندا، لە " درب الاحمر " بەشداریم كرد، بۆ یەكەمجار چاكەت و پانتۆڵم لەبەر كرد و تەڕبۆشم لەسەر نا، تەنانەت محەمەد شكرون هاواریكرد:

- قوربانی خوابم بۆ خۆی و خەڵقەندەی!

کەبەناو شەپۆلی دەعوەتکراوان و تەمەشاڤاناندا دەڕۆیشتم هەستم بە پەشۆکان دەکرد، لەناو هەموو گروپەکەدا تەنیا من و یەکێکی دی ئامێرمان بەدەستەوە نەبوو، ئامێری مە قوڕگ و دەنگمان بوو. محەمەد شکرون، پێکێ شەرابی دامێ و گوتی:

- بیخۆرەوە، تا دەنگت نەگیرێ.

لەماوەی یەک هەفتەدا، لەگەڵ شەراب و کۆڕ و ئاهەنگاندا ڕاهاتم. بە دەنگێکی بەرز و کۆنترۆڵ کری گۆرانیم دەگوت، دەنگی دووەمی گروپەکە بووم، بێ چەند و چوون گیانێکی تازەم بە گروپەکە بەخشی، تیپەکە بە جۆش و خرۆشەوە ئەم گۆرانیەی دەگوت:

ئەی ئەو کەسەی ڕۆحم لە تۆدایە، بیرت دەکەم.

جەماوەرەکە هاتبووە خرۆش وهانیان دەدایـن، کابرایەکی مەست، لەنێو هاندەرەکانەوە، تەشەرێکی لێدام و هاواری کرد؛ " لە زانایان، گەندەڵان دەکەونەوە " جەماوەرەکە کە گوێیان لە تەشەرەکەی کابرا بوو، لە قاقای پێکەنینی دا، ئیدی محەمەد شکرون، دانەوییەوە، دەمی لە پەنا گوێم نا ولەبن لێوانەوە گوتی:

- تۆش لە گەڵ جەماوەرەکەدا پێبکەنە.

پاشان زۆرم بیر لە قسەکەی ئەو کابرایە کردەوە. خەڵکی وا وێنا دەکەن کە من شێخ و مامۆستایەکی باش بووم و پاشان هەڵگەڕاومەتەوە وبووم بە سترانڤان ولە گروپێکی سازڤانیدا گۆرانی دەچڕم و شەراب دەخۆمەوەو.. نا، مەسەلەکە وا نییە تەنیا پیشەکەم گۆڕیوە، پیشەی وانە گوتنەوەو وەعزم

گۆڕیوە بە پیشەیەکی دی، کە پیشەی گۆرانی چڕینە، بەڵام ڕوحم چەند پلەیەک بەرز بووەتەوە، دڵم هەر دڵەکەی جاران بوو، بە هیچ جۆرێ باوەڕ وئیمانم لەق نەبووبوو، مەگەر بابام خۆی نەیدەگوت، کوچەماڵیش دەتوانێ ببێت بە مرۆڤێکی خوایی، لەوەیە ئەو کاتە شەپۆلی هەست و سۆز ڕای ماڵیبم وڕەهەندی ئەزموونەکەمم وەکو ئێستا درکی دەکەم، درک نەکردبێ،بەڵام وێڕای ئەوەش لە قسەکانی ئەو کابرا مەستە پەست بووم وبە شۆخییەکی نابەجێ وزاڵمانەم لێکدایەوە. بە هەرحاڵ، زۆر بە متمانەوەو سەرکەوتوانە دەستم بە کارە تازەکەم کرد، بەڵام دەبوایە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەم، تا سروودێن ستایشی پێغەمبەر، وەکو خاوەن گروپێکی بە سەنگ وئیحتوبار بخوێنم، بەڵام شادمانیم، باڵی بەسەر هەموو شتێکما و بەسەر سەرکەوتنەکانیشما کێشا، شادمانی زەماوەند و ژن هێنانەکەم، من شانازیم بەم زەماوەندەوە دەکرد، لە هەموو بۆنەیەکدا، باسی ڕاز ونهێنی یەکانی ژیانی خێزانداری خۆمم بۆ هاوڕێ و دۆستەکانم دەکرد، ئیدی بووبووم بە وێردی سەر زاری هەمووان. منیان بە نموونە دێنایەوە. بەڵام من لە گەرمەی شادمانیا، بە چاوی ڕەخنەوە نەمدەڕوانییە ژیان و ماڵە چکۆلانەکەم، تەنانەت بێ لایانانەش نەمدەڕوانیە ژیان و گوزەرانی خۆم. کە یەکەمین نیشانەی بە دایکبوونی ژنەکەم بەدیارکەوت، زۆر خۆشحاڵ بووم، وەکو ئەوە بوو جەزمەیەکی ئاینی گرتبیمی..

بەڕاستی لە ڕۆژانی شایشدا، هەندێ ساتی خیانەت ئامێز هەیە.. بەڵام ئەو ساتە خیانەت ئامێزانە چین؟

ئەو ساتانەن، کە تۆ لە ڕەوتی ژیان دادەبڕن.. لە کەنارێکا و لە بەرزاییەکی بەرزەوە دەوەستی و بە سەرسامی و حەپەساوی تەمەشای ڕەوتی شەپۆلەکان دەکەیت.

لەو ساتەدا هەستم دەکرد، کەسێک پێم پێدەکەنێ و دەیەوێ بە کەڕەتێ هەڵم لوشێ..

لەخۆ دەپرسم چی قەوماوە، یان بە سەرسامی تەمەشای مەروانە دەکەم و ئارەزوویەکی کوت وپڕ لە ناخما سەر هەڵدەدات، ئارەزووی تۆڵە سەندنەوە لەو...

ئەمە چیە، مانای چیە؟

دەڵیی لە ناکاواو بێ هیچ هۆیەک ڕقم لێی هەڵدەستێ. بەڵام ئەمە تەنیا ساتێکی ڕەوتەنی بوو، وەکو گرژ بوونی کوت وپڕی ماسولکەیەک بوو، پاشان ژیان ئاوەڕۆی شادمانی پاراو بە هەناسەی ئەشقی ئاگرین وەر دەگرێتەوە.

سەرم لە تەحەموولی خۆم سووڕدەمێنێ، چۆن لەگەڵ ئەو هەموو بێ سەروبەرەییەدا هەڵدەکەم. بۆ نموونە کە دەمبینی مەروانە شوقەکە پاک ناکاتەوە، خواردن لێنانێ، بە پێی پەتی وبە نیوە ڕووتی وبە قژی بژەوە، لە ماڵەکەدا دەسووڕێتەوە، نەک هەر تووڕە نەدەبووم، بەڵکو خۆیشم شلوێ نەدەکرد، ئیدی بە گژ دار ودیوارا دەچوو، لەسەر چز بوو، بەگژ هەواشا دەچوو.. کە بۆ سەردانی دایکی و پیرەمێردە جیقنەکەی خزمیانی دەبردم، لەو ئۆردوگای شەیتانیشینەدا، توووند دەستی ڕادەکێشام، تا خزمە جیقنە خەڵەفاوەکەی پێم ڕابوێرێ و بە پێکەنینەوە بڵێت:

- هەر مەلا و پێشنوێژی مزگەوتان بوایەی باشتر نەبوو؟

یان پیرۆزبایی زگەکەی ژنەکەمی دەکرد و بە کۆرپەلەکەی ناو سکی دەگوت:

- سەرفرازمان بکە، وەرەو ببە بە جەنگاوەر، لە دز وڕێگر و قاچاخچیان بێزار بووین!

یان گاڵتەی بە ئەسڵ و فەسڵی نەجیب و خانەدانی من دەکرد و دەیگوت:

- ڕاوی باپیرت کێیە؟ من بابای ڕاستەقینەتم، من ئەم ژنە شۆخ و شەنگوڵەم دایتێ، کە هەموو ئارەزووە شەڕانیەکانت هەڵدەمژێ و دادەمرکێنێتەوە..

بەرسڤم دەدایەوە:

- بابام لە پیاوانی خوایە..

بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

- ئێمە پیاوانی ڕاستەقینەی خواین، خوای تۆڵەئەستێن و زاڵ.. دروستکەری دۆزەخ و بوومەلەرزان. تەمەشای ئەوانە بکە ( ئاماژە بۆ ئوردوگای ئاوارەکان دەکات ) ئەوانە پیاوانی خوان، وێنەیەکی جەبەرووت و تۆڵەئەستێنی ئەون..

هەر لەو ڕۆژانە لە" بين السورين " دا تووشی ژنە دراوسێ کۆنەکەمان، دۆستەکەی دایکم بووم. من ئەوم ناسییەوە، بەڵام ئەو منی نەناسییەوە. ڕێم پێگرت و خۆمم پێ ناساندەوە، سەری سوڕما.. دوعایەکی زۆری بۆ کردم. بیرم کەوتەوە کە ناوی دایکمم نەدەزانی، هەروەها بەهجەش ناوی نەدەزانی، هەمیشە " بە دایکە " بانگم دەکرد، ئەویش وەڵامی دەدامەوە، تا ئەوە بوو مەرگ لە زمانی خست. ئیدی پرسیاری ناویم لە ژنە دراوسێکەمان کرد، گوتی:

- خودا لێی خۆش بێ. ناوی سەکینە بوو.

خولیای ئەوەم کەوتەسەر کە پرسیاری زیاتر دەربارەی دایکم بکەم، پرسیار دەربارەی ئەسڵ وفەسڵی، ڕەگ وڕەچەڵەکی، ساڵی لە دایک بوونی، بەڵام، دەستبەردار بووم، دەستیم گوشی و بەڕێی خۆما ڕۆیشتم، بەو جۆرە خوابەختەکی و بەڕێکەوت ناوی داکم زانی..

چوار کوڕ دەخەمەوە، ژیانی، دوای کوژاندنەوەی گڕ و تینەکەی بەردەوام دەبێ، ئیدی ڕۆژانی قات وقڕی و ساردوسڕی و دوور کەوتنەوە و جەور وجەفا دێن..

کە دەمبیست دەیانگوت ئەم گەنجە لەبەر خاتری ڤیان و ئازادی، کۆشک و تەلاری پڕ ناز ونیعمەتی بە جێهێشتووە تا گۆرانی بۆ ئەشق و ئازادی بڵێ، لە خۆشیا گەزگەز باڵام دەکرد..

هەروەها زۆرم لەزەت لە هەڵوێستی ئەرێنی مەروانە وەردەگرت دەربارەی ئەو گۆرانیانەی بۆ گروپەکەی محەمەد شکرون ئەزبەرم دەکردن، بەڵام زۆری ڕق لەو قەسیدە و ستایشە ئاینیانە بوو کە بۆ گروپە تایبەتیەکەی خۆمم ئامادە دەکرد..

بە درێژایی ژیانی خێزانداریم، بەکار وکۆشش و بادەنۆشی و مادەی هۆشبەر بەربەرەکانی هەژاری ونەبوونیم دەکرد، هەستم دەکرد ئەم شەڕە نابەرانبەرە، سەراپای ژیانی غەرق کردووم.

ئاهێکم هەڵکێشا و گوتم:

- ئەمە چ کۆیلایەتیەکە!

ئیدی ڕۆژانی جەور وجەفا و تەنیایی و سارد وسڕی و ترس هات. ئیدی مەروانە، شەڕفرۆش وبێباک، زمان درێژ، هەمیشە لەسەرپێ، دەتگوت بۆ شەڕ و فەڕتەنە خولٚقاوە.

جارێک پێمگوت:

- پیاو ڕێز وهەیبەتی خۆی هەیە.

بەرسڤی دامەوە:

- ژنیش ڕێزی خۆی هەیە.

ئەوجا بە تووڕەیی گوتی:

- لە دەرێی "عشش الترجمان" دا پیاو نییە..

بە خەمینییەوە گوتم:

- ئاوا چاکەی ئەو کەسە دەدەیەوە کە ماڵ و ماوا و ناوماڵی بۆ دابین کردوویت؟

هاواری بەسەرما کرد:

- من ڕقم لە بۆنی ماڵە!

بەهەرحاڵ، بەوحاڵە، بێحاڵ و پڕ جەفایە درێژەم بە کاری خۆم دەدا، محەمەد شکرون کە بە کەسەرەوە پەیگیری دەکردم گوتی:

- من لە ڤیانی شێتانە دەترسم و میانڕەویم پێ پەسندە.

بە خەم و پەژارەیەکی بێ سنوورەوە گوتم:

- من قوربانیی هەوەسێکی کوێرانەم.

- ژیانی خێزانداری، بە هەندێ قەیرانی نەخۆشانەدا دەڕوات، کە پێویستی بە حیکمەتی پزیشکانە.

بە پەستییەوە گوتم:

- من لە نائومێدی تەواودا دەژیم!

دەمبینی ژیانی هاوبەشمان، چ بە پەنهانی و چ بە ئاشکرا دەبێ بە مەیدانی شەڕ، مەروانە کە لایەنە سێکسیەکەت لێ دەرکردبا، نەیدەکردە هیچ، یان دەبوو بە گورگێک لەو گۆڕە.

کە تووڕە بوایە هەرچێکەی لەبەر دەستبوایە، دەیشکاند، جلەکانمی دەدڕی، نامیلکەی گۆرانی وقەسیدە ئاینییەکانمی، لوول دەدا و لە پەنجەرەکەوە تووڕی دەدانە دەرەوە، شەڕێکی دەنایەوە ئەو سەری دیار نەبێت، هاوارم دەکرد:

- تۆ لە مەرگ پیستری.

ئەویش هاواری بەسەر منا دەکرد:

- تۆش، لە کێم و زوخ پیستری.

هەندێجار ئەم شەڕ و تۆران و بەعز کردنە درێژەی دەکێشا.. و هەندێجار بەهۆی منداڵەکانەوە، ئاگربەس ڕادەگەیەنرا، ئەوسا، دووبارە ئاگری هەڵچوون وسۆز وگودازی ئارەزوو هەڵدایساوە، هەڵایسانەوەی کوت وپڕ، لە دووری دوورەوە بیرەوەری خەونەکانی زندوو دەکردەوە، بەڵێ دووراودوور و لە دوورەوە.

***

بە پەرۆشەوە لێم پرسی:

- باشە، چ شتێک ژیانی خێزانداریتانی شێواند؟

- باشە بە دەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەوە ئەمەم بۆ ڕوون نەکردیتەوە؟

- وا بزانم نا، هێشتا پێویستم بە دیاریکردنی هۆیە زەقەکانیەتی..

- ئەوەی بەوەوەی دەبەستمەوە حاڵەتێکی شێتانە بوو، کە ئەو حاڵەتە بەسەرچوو، خۆم لەگەڵ ژنێکا بینییەوە کە نەمدەناسی و هیچ پاکانەیەک نەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵیا بژیم، لەگەڵما بژی، دیاربوو ئەم ڕەفتارەی من گوزارشتی لە هەستە پەنهانەکانم دەکرد، ئەمە هاڕوژاندی.

گوتم:

- حاڵەتە شێتانەکە بەسەر دەچێ، بەڵام منداڵەکان دەمێنن..

منداڵەکانی، تەمەنی خێزانداریيان درێژ کرد، بەڵام نەیان توانی دژی نەداری و نەبوونی زامنی بکەن، مەروانە، تەنیا هەڵچوون بوو، نە ژن بوو، نە کەیبانوو، نە دایک، نە خانمێکی خانمانە، سیفەتە جەوهەرییەکانی هی ئەوە بوون کە پیاو بووایە، نەک هەر پیاو، بەڵکو چەتە وڕێگر بوایە..

- باشە، خۆشی نەدەویستی؟

- باوەڕ ناکەم، پێدەچوو، تەنیا هەستێکی شێتانەی ڕەوتەنی بووبێ. یان سەرکێشی یەکی ڕیسک ئامێز بووبێ، چونکە من ئەو پیاوە نەبووم کە ئەو خەونی پێوە دەبینی. زەماوەندی ئێمە ڕیسک وسەرکێشییەکی دوو قۆڵی بوو، دەبوایە لەگەڵ سارد بوونەوە و دامرکاندنەوەی ڕیسکەکەدا بمرێت.. پێموایە مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایە؟

- بەڵێ، سوپاس..

- بۆ خۆم هەندێک خەونی پەنهانم هەبوون، خەونم بەوەوە دەبینی لە ماڵ هەڵێم، لە واقیع هەڵێم، خەونم بە تەنیاییەوە دەبینی.. تەنانەت منداڵەکانیشم لەم خەون و خەیاڵانەدا ون دەبوون. بەڵام بۆ کوێ؟ کارەکەم دەرفەتی نەدەدام سەر بەرزبکەمەوە، سەیرێکی سەرەوە بکەم، ناوەندی سرووودبێژان و ستایش خوێنان لوتکەیەکیان نەبوو بە ئومێدی ئەوە بن بیگەنێ، ئەمە جگە لەوەی خواوەند ئەو قەناعەتەی پێنەدابووم بە نیعمەتی خوا و بەشی خۆم ڕازی بم.

هەڵبەتە هەر من بەتەنیا خەوم نەدەبینی، مەروانەش خەونی خۆی هەبوو، لە یەکێک لە شەڕەکانماندا زۆر تووڕە بوو، بەشی ئاشتی نەهێڵایەوە، دەرگای لە ڕووی هەر ئاشتییەک داخست، نیگایەکی سارد وشەڕەنگێزی کردم و گوتی:

- دەبێ چاوێک بە ژیانی خۆمانا بخشێنینەوە..

بڕیارێکی جدیم لە دەنگ وهاوارەکەیا بەدی کرد، دڵم گوشرا، لەبن لێوانەوە گوتم:

- ژیانی خۆمان؟

- بە ڕاشکاوی دەیلێم، بەڕاستی زوڵمە، کارێکی وا بکەین ئەم ماڵە لەوەی پتر کۆمان بکاتەوەو بمانگرێتە خۆ.

بە بەزەییەوە پەیگیری دەنگی لە پەستا و بێ بڕانەوەی منداڵەکانم کرد وگوتم:

- هەموو ژن و مێردێک هەروا دەژین.

بە ئارامییەکی ترسناکەوە گوتی:

- بەڵام من دەمەوێ بڕۆم..

بە گەوجاتیەکی تایبەتیەوە لێم پرسی:

- دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟

- بۆلای کەس و کارەکەم!

هەرچەندە زۆر تووڕە بووم، بەڵام خۆم کۆنترۆڵ کرد و پرسیم:

- ژیانی ئەمماڵەت بەدڵ نییە؟

بەتووندی بەرسڤی دایەوە:

- نەخێر، تۆ پێت وایە، زۆر جوامێر و بەخشندە و خاوەن فەزڵی، ئەوە عەیبەکەتە!

- پێموایە قوربانیەکی زۆرم داوە.

- من قوربانی یەکەمم!

- گوێ بگرە..

بەڵام بۆ ئەوەی خۆم لەشەڕ ببوێرم، هیچم نەگوت، بەڵام ئەو هاواری بە سەرمدا کرد:

- من لەم ژیانە بێزارم، خۆزگە بە مردن دەخوازم!

ئاهێکم هەڵکێشا وگوتم:

- ئەدی منداڵەکان.. منداڵەکان..

- مافی منه لەگەڵ خۆمیاندا ببەم.

- تا لە گەڕەکی عششالترجمان گەورە ببن؟

- بەڵێ، تا ببن بە پیاو!

- تۆ شێتی ژنەکە!

- نا، تۆ شێتی، ئامادەم سوێند بخۆم کە شێتی، ئاخر کام پیاوی بە ئاوەز وەکو ژنان، بە قورگ ژیانی خۆی دابین دەکات..!

- قسە و گەنگەشە لەگەڵ تۆدا بێ سوودە.

- کەواتە وازم لێ بێنە با بڕۆم.

- دەڕۆی بڕۆ، بەڵام دەبێ منداڵەکان بۆ من بەجێ بێڵی.

- چییان لێدەکەی؟ تۆ پێش عەسر لەخەو ڕادەبیت، لە ماڵ دەردەچیت و دەمەوبەیانی یان درەنگتر دەگەڕێیتەوە، جا چ گەڕانەوەیەک، مەگەر هەر خوا بزانێ بە چ حاڵێک دەگەڕێیتەوە، ئیدی منداڵی چی و چۆن بژین؟ تۆ دەزانی چ دەڵێیت؟

بە تووڕەیی گوتم:

- کەواتە دەبێ ئەم ماڵە لەبەر خاتری وان بەم دەقەوە بمێنێ..

- من بەوە قابیل نیم..

مشت ومڕ و گەنگەشەکەمان هیچی لێ شین نەبوو.

زۆرم بیر لە منداڵەکان کردەوە، گەییمە ئەو قەناعەتەی کەلە گەڵ مندا ناژین، بۆیە دەبێ بەهەر نرخێ بووە لە پێناوی ئەوانا، تەحەمولی هەموو

شتێک بکەم، بەڵام مەروانە، بە سەرسەختی و بەشێوازی تایبەتی خۆی مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە، بەرە بەیانیەک گەڕامەوە، سەیرم کرد ماڵ چۆڵ وهۆڵە، ورتە لەهیچ شوێنێکەوە نایەت، یەکسەر بۆ عشش الترجمان ڕۆیشتم، بەیانی زوو گەییمە ئەوێندەر..

دایکی مەروانە، بەڕوو گرژی و پەستی هات بە دەممەوە وگوتی:

- تۆ بەخێر و ئێمە بە سەلامەت، پیاو بەو تاقە جارێک لە ژیانتا، پیاوانە ڕەفتار بکە!

پێمگوت: - ئەدی منداڵەکان..

بە تەشەرەوە گوتی: - منداڵی ئێمەن!

پیرەمێردە مردەلۆخەکەی خزمی مەروانە بە خۆ و ژمارەیەک زەلامی دڕندە و کێوییەوە هات وگوتی:

- تۆ کەسێکی ناکام و توڕەهاتی.. تا زووە لە کوێوە هاتوویت بۆ ئەوێندەر بڕۆ.

زەلامەکان، سەریان کرد بە یەکا، هەندێک ورتە ورتی نامەفهوومیان کرد، بە قسەکانیاندا دیاربوو، کە نیازیان خراپە و هەڕوگیڤ دەکەن، پیرەمێردەکە ڕووی تێکردم وگوتی:

- تەڵاقی بدە، دەبێ هەرچی هەق و هقوقی هەیە بە تەواوەتی بیدەیتێ. ئەگەر شەرع و قانوون ئێستا یان لە ئایندەدا هەندێک هەق و هقوق بەتۆ بدات، ئەوا من ئامۆژگاریت دەکەم، بۆ ئەوەی تیا نەچیت وازی لێ بێنە، تا زووە و خۆر هەڵنەهاتووە گوم بە لێرە بڕۆ، ئەگەر بە ڕۆژی ڕوناک لێرە بتبینم، خوێنێ دەکەم ها.. ئیدی ئۆباڵت لە ئەستۆی خۆت..

لەوێوە یەکڕاست چووم بۆ مەحزەر تا مەروانە تەڵاق بدەم..

ئیدی بڕیارم دا، تا کوڕە نۆبەرەکەم باڵق دەبێ، باسی هیچ هەق و هقۆقێکی خۆم نەکەم، ئیدی باسی ئەو مەسەلەیەم هەڵپەسارد، ئیدی هەڵپەساردن یان خۆ دزینەوە، هەر ناوێکی لێ دەنەی بینە، من دڵنیا بووم، کە بە جدیم نییە، بە جدی داوای منداڵەکانم ناکەمەوە، چۆنکە ئەم کارە مانای وابوو، دەبوو بە گژ قەومێکا بچم، دژمنایەتی خەڵکانێک بکەم، کە زۆربەیان چەقۆکێش و شەقاوە و پیاوکوژە دەرەجە یەکەکانی قاهیرە بوون، لە لایەکی ترەوە مانای وابوو بیانگێڕمەوە بۆ ژیانێک کە نەمدەتوانی کەمترین مداراو سەرپەرشتیان بکەم، ئیدی ئەمانە نەوەو نەقی ڕاوی بوون و، لە هەر شوێنێکا بوایەن، دەربەدەری وسەرگەردانی وگومڕاییان لەچارە نووسرابوو. نەجات بوونیان نەبوو، مەگەر هەموو کۆمەڵگە وبەشێوەیەکی بنجبڕ نەجاتی بوایە. بەوجۆرە مەروانە ڕۆییو، چیرۆکی ڤیان و شێتاتی و ناکامی و کینە و جەفای لە گەڵ خۆیدا پێچایەوە وهیچی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت جگە لە بیرەوەری شەهوەت ئەنگێزی وشەڕفرۆشی و لەخۆبایی بوون و غروور. مەروانە وەکو باهۆز و گەرداوان ترسناک و زیانمەند و مایەی سەرسامی بوو، بە ڕۆیشتنی منداڵەکان خەم و پەژارە لەسەراپام نیشت، خەمەکە بەرەبەرە لە دڵ و دەروونما، لە ناخما ڕەگ و ڕیشەی دادەکوتا وخەریک بوو ئاوێتەی یادگاری وبیرەوەرییەکانی داک و بابم دەبوو.

مەحاڵ بوو، بەجۆرێ درێژە بەژیان بدەم وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ. محەمەد شکرون، لە نزیکەوەو زۆر بە پارێز و دڵسۆزییەوە چاودێری دەکردم، ڕۆژێک لێی پرسیم:

- تاکەی لە سەر گۆرانی وتن و بادەنۆشی و مادەی هۆشبەر بەردەوام دەبیت؟

لەگەڵ مەروانە ومنداڵەکاندا، هەرچۆنی بوو ژیانێکی تەواوم هەبوو، بەڵام بۆ ئێستا ئەو پرسیارە ماقووڵ بوو، هەندێ قسەم بۆکرد کە خۆیشم باوەڕم پێیان نەبوو:

- تا مردن!

زۆر بە جدیگوتی:

- وەختی ئەوە هاتووە بۆلای بابات بگەڕێیتەوە..

گوتم:

- نا، شێخ جافر ڕاوی تەواو، مردووە..

- دەکرێ لە نوێ دەست پێ بکرێتەوە، دەبێ هەوڵی خۆمان بدەین.

- نا، من لەگەڵ هیچ هەوڵدانێکا نیم.

- ئەمەت لە غروورەوەیە؟

- نا، بە پێچەوانەوە، بەڵکو ملدانە بۆ واقیعی ڕاستەقینە.

- کام واقیعە کوڕی باش؟

- من لە گەڵ باباما هەڵناکەم، ئەمە بەجێی خۆی، بەڵام من پیشەی ئاینیم وەلا ناوە، بە یەکجارەکی دەستبەرداری بووم. من ئەو ژیانەم پێ قەبووڵ نیە کە بابام بۆی داناوم، هەرگیز ئەو ژیانەم قەبووڵ نییە، هەڵبەتە ئەویش من وەرناگرێتەوە، ئەگەر وەریشم بگرێتەوە بەو مەرجە وەرم دەگرێتەوە کە دووبارە جل وبەرگی ڕۆحانیەت لەبەر بکەمەوە..

- لەوەیە ئازادی ئەوەت بداتێ، کە بەخۆت ژیانی خۆت هەڵبژێریت؟

- نەخێر، تۆ وەکو من نایناسیت، هەرگیز ڕێگە بەخۆم نادەم، خۆم بخە ئەزموونێکی زەلیلانەوە.

شکرون، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوتی:

- تۆ دۆستێکی ئازیزی منیت، بە ئەرکی خۆمی دەزانم بە ڕاشکاوی پێت بڵێم، ئەم ژیانەی تۆ هەڵتبژاردووە، شایستەی تۆ نییە، تۆ نە گۆرانی بێژیت و نە ئاواز دانەر، دەبێ بە جدیەتێکی زیاتر بیر لە ئایندەی خۆت بکەیەوە..

- ڕەنگە، لە دووری بابام بتوانم ئەو کارە بکەم!

- ئێستا بە کەسێکی بەختەوەرت نازانم..

- ڕەنگە وابێ، بەڵام من ڕیسکێکی شێتانەم کردووەو تا ماوم شانازی پێوە دەکەم، شانازی بەوەوە دەکەم، کەبە کەماڵی ئارەزوو، بێ هیچ بێزارییەک لەگەڵ هەموو جۆرە ژیانێکا ڕادێم. من هەمیشە کەسێکی شاد وچالاکم، چ وەکو شاهان بژیم، چ وەکو گەدا وگەجەر و گوجەران بژیم. بە هەرحاڵ ئامادەم بە دزی وجەردەیی و سالوک ئاسا بژیم، بەڵام نەگەڕێمەوە بۆ کۆشکەکەی بابام. من نامەوێ لەبەر خاتری بابام و بەتەماحی بەشە میرات، ببم بە شیخ ومامۆستایەکی بەڕێز ومێردێکی خانەدان و، سرووتی ئاینی ئەنجام بدەم و پابەندی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بم، ئەمە چییە بابام وای دەوێ.. دەمەوێ خۆم بم.. حوڕی خۆم بم..

- ئەدی ئایندەت؟

- زۆر بەجدی بیر لە خوێندنی موزیک وئاوازدانان دەکەمەوە، دەمەوێ شاگردی طاهر البندقی بکەم، چونکە ژیان بەبێ هیوا و ئاوات ناچێتەسەر..

مەروانە، ڕەمزی ژیانی ڕابردوو بوو، هەروەها بیانوویەک بوو بۆ قەبوولکردنی ژیانێکی سادە و ئاسایی، کە ئەو ڕۆیی لە هەموو شتێک بەتاڵ بوومەوە. دەبوا چاوێک بە ژیانی خۆما بگێڕمەوە. لەو سەروبەندە پڕ نیگەرانییەی ژیان، ئاشنایەتیم لەگەڵ " هدی صدیق " دا پەیدا کرد..

(( ٦ ))

محەمەد شکرون، لە باخی " لبتون " دا کۆنسێرتێکی دەگێڕا، لەکاتی پشوودا، بە خۆی و گروپەکەیەوە، بۆ ژوورە تایبەتیەکەی خا هدی صدیق دەعوەت کرا. بەدەم بزەیەکی ئارامبەخشی پڕمتمانەوە، لە ژوورەکەی خۆیدا چاوەڕوانی دەکردین، خانمێکی زۆر ڕەش لە لایەوە دانیشتبوو، بە ڕەفتاریا لە کارەکەر وهاودەم دەچوو.

یەکەم شتێک کە سەرنەجی ڕاکێشام، ڕواڵەتی جوان و پوشتە و پەرداخیەکەی بوو، لە ڕادەیەکی ماقوولا بە خۆیەوە دەنازی، ویقار وشکۆیەکی ڕەسەنی پێوە دیاربوو، جوانیەکی ژنانەی پڕ لە مێیاتی لە چاوەڕەش ودەموچاوە خڕەکەیدا سەرتاتکێی دەکرد، بە هەموو مەزندەیەک لەناو تەمەنی چلساڵیدا بوو. ڕواڵەتی لە هەموو ئەمانە زیاتر کاری تێکردم. بە خۆ وچاکەت و پانتۆڵە تازەکەمەوە، بە باڵای بەرزمەوە، شەنگوڵ و بەدەماخ لەنێو هاوکارە پیرەکانما وەستابووم و لەهەموویان گەنجتر بووم. خوڵکی دانیشتنی کردین، داوای شەربەت وساردەمەنی بۆ کردین، ڕووی کردە محەمەد شکرون و گوتی:

- دەنگت زۆر خۆش و نەرمە، گرووپەکەشت زۆر باشە.. من لە بنەماڵەیەکم، حەزمان لە دەنگی جوان و مەخمەلییە.

محەمەد شکرون، بە گەرمی سوپاسی کرد و باسی بابی ڕەحمەتی " هدی "ی کرد، کە چەند پیاوێکی گەورە بووە وچۆن هەموو هونەرمەندان یادی بە خێری دەکەنەوە. گوتی:

- من زۆرجار گوێم لە مامۆستای گەورەم شێخ طاهر البندقی بووە، باسی شادڕەوانی کردووە وگوتوویەتی کۆشکەکەی مەڵبەند ومەکۆی موزیک وموزیکڤانانی ڕۆژهەڵاتی بووە.

خا هدی، بزەیەکی ڕەزامەندانەی بۆکرد.. چەند جارێک نیگامان لێکدی هەڵەنگوت. محەمەد شکرون، ئاماژەی بۆلای من کرد وبە شانازییەوە گوتی:

- دۆست و هاوکارم جافر، نەوەی سەید ڕاوی.

بە بایەخەوە پرسی:

- بەڕاست؟!

- لە خۆشەویستییەوە بۆ هونەر بە گەڵمان کەوتووە..

- جوانە.. بەڵام جەنابی ڕاوی گەورە بەم شتە ڕازییە؟

من خێرا هەڵمدایە:

- بە دەگمەن ڕێکدەکەوێ باپیرەیەک لە نەوەکەی ڕازی بێ!

خا هدی تەمەشایەکی محەمەد شکرونی کرد وگوتی:

- بەم زووانە یەکدی دەبینین.

بە خۆشحاڵی لێکدی هەڵبڕاین، محەمەد شکرون قسەکەی " هدی " ی بۆ شرۆڤە کردم و گوتی:

- مەبەستی ئەمەیە کە بەو زووانە بۆ ماڵی خۆی دەعوەتمان دەکات تا ئاهەنگێکی بۆ بگێڕین..

ئەوسا ڕوویکردە من وگوتی:

- لە بنەماڵەی " صدیق " ە، کیژی پیاوێکی مەزن و خانەدانە.. بێوەژنێکی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیرە..

وەکو ئەوەی بیەوێ کاریگەری قسەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، هەڵوەستەیەکی کرد و ئەوجا گوتی:

- وا بزانم تۆی بە دڵ بوو..

جۆش و خرۆشێکم لە دڵ و دەروونگەڕا و بە تاسەوە پرسیم:؛

- تۆ ئەزموونی خوێندنەوەی نیگای ژنانت هەیە؟

- بەڵێ، لە کاتی گۆرانییەکەدا چەند جارێک ژێراوژێر تەمەشام کرد تەنانەت پێش ئەوەی بشزانێ نەقی " ڕاوی " ت بەردەوام نیگای تۆی دەکرد..

- خۆزگە مەزەنەکەت ڕاست دەر دەچووهاوڕێ..

بە هۆشیارییەوە گوتی:

- بەڵام ئەوە بزانە کە خانمێکی بەڕێز و لە بنەماڵەیەکی خانەدانە.

بە ناڕەزاییەوە گوتم:

- بەلێ.. مخابن!

زۆرم بیر لە هدی کردەوە. بێگومان توحفەیەکی بەنرخە، با لە منیش گەورەتر بێ، بەلای کەمەوە دە ساڵێک لەمن گەورەتر دەبێت، بەڵام ئەمە لە بایەخی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەر چاوم جوانتری کردووە، بەڵام ئەو شێتاتیەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان غەرقی کردبووم، باوەڕ ناکەم لەگەڵ " هدی " دا دووبارە ببێتەوە.

محەمەد شکرون گوتی:

- هەلێکی باشە، ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە!..

- مەبەستت چییە؟

- ژنێکی نازدارە، کەرەیە کەرە..

- ئەگەر حەزی لێنەکەم چی؟

- شتی واهی دەبێ؟.. باشە هەستت بەو هەموو بۆنە خۆش و نەشئەبەخشە نەکردووە کە لەو ژنەوە بەرز دەبێتەوە؟

بەدەنگی بەرز پێکەنیم، محەمەد شکرون، حەزی لە ژنێکی سەماکار کرد و خواستی و ژیانێکی خێزانداری زۆر سەرکەوتوویان پێکەوەنا.

***

بەبۆنەی خەتەنە سوورانی منداڵێکی ماڵباتی " صدیق " وە چووین بۆ ماڵی وان لە گەڕەکی "حلمیە " ، باخ وکۆشک وقاڵدرمەکان، کۆشک و سەراکەی باوە گەورەی وەبیر هێنامەوە، بەڵام باخەکەیان لە باخەکەی بابام بچووکتر بوو، هەروەها حەسار و شوورەی ماڵەکە نزم بوو و ماڵەکە لە دەرێ ڕا دەبینرا و لە ناو حەوشەکەوە، ماڵی دەر ودراوسێکان دەبینران، لە

باخەکەدا خێوەتێکیان بۆ ئێمە هەڵدابوو، باخ چی باخ، لە بۆنی گوڵی پرتەقاڵا غەرق بووبوو، مژدەی بەهاری بە هەموو لایەکا بڵاودەکردەوە.

محەمەد شکرون، بەکاوەخۆ، بەوپەڕی گوڕاح خۆشی گۆرانی دەگوت و ئێمەش بەوپەڕی جۆش وخرۆشەوە بۆمان دەسەندەوەو من بە دەنگی بەرز دووبارەم دەکردەوە:

بۆ تۆیە دڵم بۆ تۆیە

دوای پشووی دووەم، هەستم کرد شەراب کاری تێکردم و مادەی هۆشبەر مەستی کردم و نەشئە گرتمی. شەکەت و ماندوو لە ژێر دار پرتەقاڵێکا دانیشتم..

خا " هدی " بە مەبەستی هەواڵپرسی و بە سەرکردنەوە، هات بە لامانەوە، بەدەم چاک و خۆشی ومجامەلەوە لەبەری هەستام، بە زەحمەت خۆم بەپێوە دەگرت، لەبن لێوانەوە گوتی:

- پێدەچێ حاڵت باش نەبێ!

بە منەتبارییەوە گوتم:

- لە خۆشیا وام بەسەر هاتووە.

ئەمری کرد، پەرداخێ لیموی بە سۆدایان بۆ هێنام و ئەوجا گوتی:

- من حەزم لە گیانی ڕیسککارییە! گیانی ڕیسککاریم پێخۆشە!

لە فیکەی خۆم حاڵی بووم، یەکسەر زانیم مەبەستی ئەو حاڵە نالەبارەیە کە لە گروپەکەی محەمەد شکروندا هەمە، گوتم:

- من به حوسن وڕەزای خۆم، به ویستی ئازادانەی خۆم چارەنووسی خۆم هەڵدەبژێرم.

بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

- هەموو مرۆڤێک جۆرە سەرکێشی و خولیایەکی ڕیسککاری لە گەڵدایە!

- ببووره خانم. مەبەستتان چییە؟

خۆی لە گێلی دا وگوتی:

- هەواڵی سەیرم دەربارەی ناکۆکیەکانیتۆ و بابات بیستووە.

بەجۆره لاره ملی وملکەچیەکەوە گوتم:

- قسە کەوتە زاران دەیلێنەوە هەزارن.

ناسکە بزەیەک لەسەر لێوی نەخش بوو و ڕیی.

هەستم کرد بەرەبەرە دەرگای ژیانێکی تازەم لێ ڤەدەبێ. دوای تەواوبوونی ئاهەنگ و شەونشینییەکە، محەمەد شکرون بۆ قاوەخانەی " باب الخلق " ی بردم. لەناکاوا ڕووی تێکردم و بەجدی گوتی:

- دەبێ سەبارەت بەم کارە تەگبیری خۆمان بکەین.

بە زۆڵیەتیەوە پرسیم:

- سەبارەت بە کام کارجەنابی بولبول؟

- خۆت لە گێلی مەدە، من لە ڕێگەی کارەکەرەکەیەوە زانیومە، کە هەموو شتێکیان دەربارەی تۆ زانیوە..

- هەموو شتێک؟!

- ئەم پرسیارە مانایەکی گەورەی هەیە.

- هەڵبەتە وەڵامدانەوەشی ئاقیبەتێکی خراپی دەبێ!

- وێڕای هەموو ئەم شتانەش..

بە بایەخەوە چاوی تێبڕیم و ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- وێڕای هەموو شتێک، تۆ دەعوەتی بۆ باخی لبتون تا یەکدی بدینن ومن ڕاسپێردراوم ئەو پەیامەت پێ ڕابگەیەنم..

حەپەسام، لەبن لێوانەوە گوتم:

- ئەمە لە سەرووی وێنا وتەسەوری منەوەیە!

- بەڵام ڕاست و دروستە، بێ کەم و بێ زیاد.

- بەڵێ.

- کەواتە دەبێ بەرنامەیەک دابنەین.

- بەڵام تۆ هیچت لە مەڕ هەست و سۆزی من نەپرسی؟

- باوەڕ ناکەم ناڕازی بی!

- هەڵبەتە.

- دەیسا ئەوەندە بەسە، وای بۆ دەچم خانم کەوتووەتە هەمان داوەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆ تێی کەوتبوویت.

- زێدەڕۆیی مەکە.

- تۆ پێم بڵێ، حەز ناکەی بیخوازی؟

- تۆ لات وایە ئەم خانمە لەدووی شوکردن و زەماوەند بێ؟

- ئەو تەنیا پەیوەندی حەرامی پێ قەبووڵ نییە..

- یانی ئامادەیە شوو بە خانە بەکۆڵێکی وەکو من بکات؟

- من چیرۆک و بەسەرهاتی میرێک دەزانم، کەلەبەر خواستنی کیژێکی هەژاری لات، سەری خۆی هەڵگرت و کۆشک وسەراکەی بابی بەجێهێشت.

پێکەنیم، دووبارە لێی پرسیم:

- پرس بە دڵی خۆت بکە، بزانە چ دەڵێت؟

- من دڵبەندی ئەو ژنەم، چبەخۆی و چ بە جوانیەکەی، هەڵبەتە بە خواستنی ئەو خوشحاڵ دەبم.

- دەیسا ئەوە خودی خۆشەویستیە، یان جۆرە خۆشەویستیەکە، یان ئامادەگیەکی باشە بۆ خۆشەویستی.

- بەڵام.

- کەواتە لەسەرتە حورمەتی کەسایەتی و نەجابەتی بگریت..

- بێ زەحمەت، ڕوونکردنەوەی زیاترم بدەیە.

- خانم، دەست پێشکەری کردووەو هاتۆتە پێشەوەو بۆ گفتوگۆ دەعوەتی کردوویت. ئایا دەڕۆیت و وەکو کچ چاوەڕوان دەکەیت ئەو باسی ئەشق و ئاشقێنیت لە گەڵدا بکاتەوە؟.. نەخێر دەبێ تۆ دەست پێشکەری بکەی، هەر هیچ نەبێ وەکو ڕێزێک بۆ کەسایەتی و نەجابەتی..

- تۆ وای بە باش دەزانی؟

- مەسەلە، هەوەڵ وئاخیر، وەستاوەتە سەر زەوق وسەلیقەی خۆت. ئەو فیداکاریانەش لەبیر مەکە کە لەگینە لە لایەن ئەوەوە پێشکەش بکرێ، بەڕاستی خانمێکی سەنگینە، لە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندە، هەڵبەتە کە شوو بە تۆ بکات، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەس وکار وخزمانیدا، دەپچڕێ، ئەگەر ژنێکی ئازاد نەبێت، ناتوانێ ئەو پەیوەندیانە بکات بە قوربانی شووکردن بە تۆ..

- ئەگەر خۆم بە ئەزموونێکی وادا نەڕۆیشتبام باوەڕم نەدەکرد..

- بەڵێ تۆ بە ئەزموونێکی وادا ڕۆیشتوویت، بەڵام ئەوەت لەبیر نەچێ ئەو تۆی بە هەموو ئەو کێشە وئاریشانەوە دەوێ.. ئاریشەی وەکو دابڕانت لە باوەگەورەت، وەکو ئەوەی مەروانەت خواستووە و لێی جیا بوویتەوە، وەکو ئەوەی باوکی چوار کوڕی کە لە " عشش الترجمان " دەژین.. باوەڕ بکە، ئەمە کارێکی نەکردەنیە وخەریکە دێتە دی..

بیرم لە هەموو لایەنێکی کارەکە کردەوە، دوای ئەوەی ئەقڵ و دڵم گرتی، گوتم:

- ئەگەر ئەم زەماوەندە سەیرە سەر بگرێت، ناچار دەبم دەستبەرداری کارکردن لەگەڵ گرووپەکەی تۆدا ببم، وانییە؟

- گومانی تیا نییە.

- باشە چۆن دەتوانم هیچ کارێکم نەبێ تەنیا ئەوە نەبێ کە مێردی خانم بم؟

بە متمانەوە گوتی:

- کارت دەبێت، بەڵام ئێستا نازانم چۆن کارێکت دەبێت، بەڵام کاری زۆر هەن، چاوەڕوانی سەرمایە و هەوڵی بەشەڕین، تۆ هەردوو مەرجەکەت تیایە.

ئەوجا وەکو ئەوەی بیەوێ زیاترم هانبدات، لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- ئەمە ڕیسکێکی تازەیە و بەرەو پیری ڕیسککاری گەورە هاتووە.

بە ساردییەوە گوتم:

- ڕیسکی ڕاستەقینە، ئەوەیە بە پیری بانگەوازی شێتێکەوە بچیت.. بەڵام ئەم هەنگاوە، لە مەیدانی دید ونۆڕین وبیرکردنەوەی لۆژیکیدا، دێتەدێ و لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی دیکەم دەگوازێتەوە..

- بۆ حالێکی باشتر!

بەڵام، خۆ من بە تەبیعەت لە دووی سەکێشیانی نوێم، توانایەکی سەیری ڕاهاتنم دەگەڵ هەر ژینگە وکێشەیەکدا هەیە، باشە ئەوە نییە، بەجۆرێ دەژیم وەکو ئەوەی چوار منداڵەکەم فەراموش کردبێ، هەرچەندە زامی دڵ سارێژ نابێ؟

لە کاتە دیاریکراوەکەدا، چووم بۆ دیدەنی هدی لە باخی لبتون. بە متمانەو جورئەتێکی تایبەتیەوە بەرەولای ئەو چووم، ئیدی هیچ جیاوازییەک نەماو، دیدارەکەمان، بوو بە دیداری نێوان پیاوێک و ژنێک.

لە ژێر کەپرێکا، لە دەوری مێزێک دانیشتین، " داکی حسەین "، کارەکەرەکەی هدی، تۆزێ دوورتر لە ئێمە دانیشت، وێڕای هەیبەت و ویقاری، سووکە پەشۆکانێکی پێوە دیار بوو، گوتی:

- هیوادارم، بەم دەعوەتەی من، بێزار نەبووبی؟

بە متمانەوە گوتم:

- باوەڕ بکە، نەک بێزار نیم، بەڵکو زۆریشخۆشحاڵم، خەونم پێوە دەبینی.

بەناز وعیشوەیەکی مێیانەوە پرسی:

- بەڕاست؟

- باوەڕ بکە خەوم بەم دیدارەوە دەبینی، بەڵام نەمدەزانی چۆن بیهێنمەدی.

- بەڕاست؟.. بەڵام.. بەڵام بۆچی؟

- ئەمە چیرۆکێکی درێژە، وا بزانم چاکتر وایە گوێ لە تۆ بگرم..

بە کەسەرەوە گوتی:

- گرینگ نییە.. بۆچی خەوت بەم دیدارەوە دەبینی؟

بە دەنگێکی گەرم و تاسەمەندەوە گوتم:

- ئەمە ئارەزووی هەر پیاوێکە کە تۆی لە کانگای دڵییەوە خۆش بوێ..

چاوی داخست، گۆناکانی سوور هەڵگەڕان.. بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشاین، کەش و هەواکەم بەدڵ بوو، بەخۆشی و ڕەزامەندییەوە گوتم:

- بەڵێ، لە کانگای دڵمەوە..

پاشان، ڕەفتار وشێوەی ئاخافتنی خۆم لەگەڵ" هدی " دا بیر هێنایەوە، هیچ شتێکی نائاساییم، کە مایەی شەرمەزاری بێ تیادا بەدی نەکرد، ئەقڵ ودڵم پێی ڕازی بوون. بەبێ هیچ تەماحێک لە ماڵ وسەروەت وسامانی، حەزم بە خزمایەتی هەبوو، لەلایەکی ترەوە دڵنیابووم لەوەی کە خۆشی

دەویستم، ئەمە وای لێدەکردم ڕێزی خۆی و خانەدانی، کەس وکارەکەی بگرم. لەهەموو ئەمانەش گرینگتر ئەوە بوو کە درۆم لەگەڵی نەکردبوو، یان ئەوەندەم پێوە نەنابوو کە بە درۆزن حیساب بکرێم.

بە ڕاشکاوی و بێ هیچ پێچ وپەنایەک، بێ هیچ شەرمێک، قسەمان دەربارەی ئایندەی خۆمان کرد.. ئەوجا گوتم:

- هەرگیز، پەیوەندیم لەگەڵ باباما تازە ناکەمەوە..

پاشان لە سەر ئاخاوتنی خۆ بەردەوام بووم و گوتم:

- ڕەنگە لەهەموو بەشە میراتەکەم بێبەشم نەکات..

ئەوجا بە ڕاشکاوی گوتم:

- باوەڕ ناکەم بەبێ کار هەڵبکەم..

بزەیەکی کرد وبە ئارامی گوتی:

- ئەم وردە خەم ونیگەرانیانە، ئاستەنگی حەقیقی و ڕاستەقینە لە بەردەم خۆشەویستیدا چێناکەن.. سەبارەت بە بابات ومیراتی وئەو شتانە، بەلامەوە گرینگ نییە وهەر بیریشی لێناکەمەوە، بەڵام سەبارەت بەکار، من دەزانم پیاو بەبێکار هەڵناکات..

ئەوسا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- بەڵام، تۆ کار و چالاکی خۆت لە گروپی میوزیکدا، بە کاری ڕاستی دەزانی؟

- ئەوە ڕەفتارێکی سەرکێشیانە بوو، ڕەنگە لە سەرکێشیش گەورەتر بووبێ..

- سەدی سەد وایە.

زۆر بیرم لە خۆشەویستیەکەمان کردەوە، لە لایەکەوە بەڕێکەوت تووشی خانمێک بووو‌بووم، جوان، خانەدان، ڕۆشنبیر، ئاقڵ وبە ویقار، ئومێدی بەختەوەری لێدەکرا، حەزم لێی کردبوو و حەزم دەکرد لەگەڵی تێکەڵ ببم، یانی پێی ڕازی بووم. بەڵام لە لایەکی ترەوە، شتەکە وەستابووە سەر ئەو، چ پاکانەیەکی بۆ ئەم ڤیان و خۆشەویستییە هەبوو؟ من بابایەک بووم، سەرگەردان، دەربەدەر، خانە بەکۆڵ، نیمچە بێکار، نیمچە خوێنەوار وهیچ ئایندەیەکم نەبوو، ئیدی چ ئومێدێک لەسەر ئەم ڤیانە ڕۆدەبرا؟

بەڵام، ئاشقە ڕاستەقینەکە هدی بوو، بە ڕاستی ئاشق بوو، ئەۨقێکی ڕووت. بێ هیچ پاکانەیەک، ئەشقێک هێوەتر لە هەر جۆرە هزرین و وێنایەک، ئەشقێک پێدەچوو، من لە هەر کەوتن وگومڕاییەک هەستێنێتەوەو دەربێنێتەوە، سەر لەنوێ ژیانم وەبەردا بکاتەوە، جا لە ڤیانا وەکو چۆن سادیزم ومازوخیزم هەیە، بەو ئاوایە هەندێجار دایکایەتی و ئارەزووی ڕاستەقینەی ڕزگارکردنی بەرانبەریش هەیە.

ئەم هزر وبیرانە دەربارەی ئەشق وڤیان، لە ئەنجاما من و " هدی " ی پێک گەیاند، و" هدی " و کەس وکارەکەی لێکدی دابڕاند.

ئەوسا، نەمدەتوانی ئەم شتانە بەو ڕوونییە بدینم کە ئەمڕۆ دەی بینم و تێی دەگەم، ئەو کاتانە، من هەموو ئەو شتانەم بەو بارەدا لێکدەدایەوە، کە گەنجایەتی و غروورم ڕازی بکات، کە قەرەبووی ئەم سوکایەتیەم بۆ بکاتەوە، کە مەروانە پێی کردبووم و بەپیاوی نەزانی بووم، بە دیارمەوە دانەنیشتبوو.

ئیدی دوعا خوازیم لە محەمەد شکرون وهاوڕێیانی دیکەی تیپەکەی و هاوڕێیانی گروپە ئاینی یەکەی خۆم کرد کە گروپێکی خۆبەخش بوو و بە

گوێرەی هەلی کارەکە، کاریان لەگەڵ هەر دەنگبێژێکی دەرەجە دووشدا دەکرد. هەڵبەتە هەموویانم بۆ ئاهەنگی زەماوەندەکەم، کە محەمەد شکرون دەیگێڕا، بانگهێشت کرد، هەڵبەتە زۆرمان پێخۆش بوو، لەتۆ وایە مالاوایی لە سەردەمی گەنجیەتی و گەوجیەتی دەکەین.

بە "محەمەد شکرون "م گوت:

- هیچ شتێک ناتوانێ لێکمان جیابکاتەوە.

ڕوندک لە چاوی قەتیس مان وگوتی:

- نە ئیشەڵڵا، ئەی ئازیزترین ئازیز..

زەماوەندەکە لە ماڵەکەی هدی، لە گەڕەکی حلمیە بەرپا کرا، هیچ کەسێک لە خزم و خوێشانی لەم ئاهەنگەدا بەشدارییان نەکرد، تەنیا ژنانی دراوسێ بۆ زەماوەندەکە هاتبوون. محەمەد شکرون، هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو کە بابام بە هەر شێوەیەک بووە ڕەزامەندی خۆی دەرببڕێت، بۆ نموونە نامەیەک، دیارییەک یان چەپکە گوڵێک بنێرێ، بەلام لە بێدەنگی زیاتر هیچی دیکەمان لێ نەبینی.

محەمەد شکرون، بە بۆنەی جەژنی هیجرەتی پێغەمبەرەوە چووبوو بۆ لای، بەدەم دەست ماچکردنەوە، پێی گوتبوو:

- حەز دەکەم، هەندێ هواڵی باش دەربارەی جافربە جەنابت بگەیەنم.

لێ بابام خۆی لە گێلی دەدات. محەمەد شکرون پێی دەڵێت:

- ژیانێکی تازە لەگەڵ خا هدی صدیق، کە لە بنەماڵەیەکی نەجیب وخانەدانە، پێکدەهێنێت.

بەڵام بابام، گوێی خۆی دەخەوێنێ و باسێکی تازە دەکاتەوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبێت.

محەمەد شکرون، بۆی گێڕامەوە وگوتی:

- وێڕای هەموو ئەمەش، کە ناوی تۆ هات، خەمێکی سەیرم لە چاوانیا خوێندەوە.. خەمینی پێوە دیاربوو، بۆ نموونە دەستی بە تەزبیحەکەیەوە وشک بوو.

بەڵام من ڕەزامەندی باوەگەورەم بەلاوە گرینگ نەبوو و لە دڵی خۆشما ڕقم لێی بوو. بەهەرحاڵ، دووەمین مانگی هەنگوینی ژیانی خۆم بەڕێ دەکرد، ئەو ڕۆژە خۆشانەی کە بەدەم سۆزی خالیسە وڤیانی تەواوەوە دەگوزەرێ، بووک وزاوا، بەر لەوەی بۆ ژیان بگەڕێنەوە و بە قوڵایی ژیانا ڕۆبچن، مەستی ڕۆژە خۆشەکانن..

بەدەست خۆم نەبوو لە گەرمەی ئەو خۆشیانەدا، " هدی "م لەگەڵ مەروانەدا بەراورد دەکرد. دوو ژنی یەجگار جیاواز بوون. مەروانە لە گەمەی جەستەییدا، بێ وێنە بوو، پیاوی بۆ سەردەمی فیترەتی خودی و قوڵایی لەزەت دەبردەوە، بەڵام هدی جەستە ودڵی دەگەیاندە یەک ئاست، هەرچەندە لە پەیوەندی سێکسیدا لەگەڵ ئەوانە دەگەییمە ئاستی سووتان، بەڵاملەگەڵئەودا هەستم بە دڵنیایی و ئارامی دەکرد، وێڕای هەستی هەڵچوو و خەمینم، لە دۆزەخی ئەبەدی مەروانە ڕزگار بووبووم.

لە کاتێکی زۆر جوانا هدی پێی گوتم:

- حەزدەکەم، بۆ تاقە یەک ڕۆژیش بەبێ کار دانەنیشیت،

لەجیاتی سوپاس ماچێکم کرد، ئەو بەجدی گوتی:

- تەنانەت سەرپەرشتی وبەڕێوەبردنیمولّکەکانی منیش لەلای من بە کار نایەتە ژماردن، یانی کارێکی قەناعەتبەخش نییە، خەون و خولیاکانی من تێر ناکات..

بە میهرەبانی پرسیم:

- کەواتە خەون و خولیات هەن؟

- باشە حەز ناکەیبگەڕێیتەوە بۆ ئەزهەر و خوێندنەکەت تەواو بکەی؟

- نەخێر.

- باشە بابات بۆچی بۆ ئەزهەری ناردیت؟

- ئەو بیرکردنەوەیەکی تایبەتی هەیە، ڕۆژێک ئەگەر هەلمان بۆ ڕەخسا، باسی بیر وبۆچوونی ئەوت سەبارەت بە مرۆڤی خوایی بۆ دەکەم.

- سەبارەت بە خوێندنەکەت، باڕێک وڕەوان پێت بڵێم دەبێ لەماڵەوە بخوێنی.

- خوێندنی تەواو و بەردەوام؟

- بەڵێ، تا بەکالوریا تەواو دەکەی، پاشان خوێندنی باڵا تەواو دەکەیت، بۆ نموونە مافناسی و، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبی بە مافناس و کاری پارێزەری دەکەیت!

- ئەم کارە دەدانە ساڵی دەوێ.

- چ قەیدیە؟.. خوێندن و فێربوون بۆ خۆی کارە. تۆ ئێستا تەمەنت بیست و پێنج ساڵە، ئەمە باشترین تەمەنە بۆ خوێندن وفێربوون.

بیرۆکەکەیم بەدڵ بوو، گوتم:

- من خوێندنم پێخۆشە، تەمەن کێشە نییە. من دەمەوێ کاربکەم، کارێکی بەڕاستی کار، نەک وەزیفەیەکی تەقلیدی و فۆرمالی..

خێرا وبە عەزمێکی تازەوە دەست بەکار بووم. ئیدی بۆ خۆم لە بێکاری پەنهان و ڕاستەقینە ڕزگار بووم، ئیدی خوێندن ئەو هەستەی لا سڕیمەوە کە من مێردێکی بێ کارم، بە تایبەتی کە من سەرپەرشتی وبەڕێوەبردنی موڵکەکانم، بەکاری ڕاستەقینە نەدەزانی، کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی کرێ وسەرپەرشتی کردنی هەندێ کاروباری نۆژەن کردنەوەو یان بە کرێ گرتنی چەند پارێزەرێک لەکاتی زەروریدا.

پێشکەوتنێکی سەیرم بەدەست هێنا، هەندێجار پەنام وەبەر هەندێک مامۆستا دەبرد.

من وهدی، لەکاتی دەست بەتاڵی و بێکاریدا، دەچووین بۆ شانۆ یان هۆڵێن موسیقا و گۆرانی کە هدی زۆری حەز لەو شوێنانە بوو.

هەرچەندە ئەو لە شەراب ومەی بێزار بوو، بەڵام من زۆرم دەخواردەوە تا جارێکیان زۆر بە نەزاکەتەوە گوتی:

- دەخۆیتەوە بخۆوە، بەڵام خۆت سەرخۆش مەکە..

بەڵام سەبارەت بە مادەی هۆشبەر، بەڵێنی لێوەرگرتم کە توخنی نەکەوم. هەرکاتێ بیدیبا لەگەڵ محەمەد شکروندا دانیشتووم، بەڵێنەکەی وەبیر دێنامەوە. هەڵبەتە من بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە دەستبەرداری مادەی هۆشبەر بووم، بە ورەیەکی زۆرەوە، قۆناغە سەختەکەم بڕی، تەنانەت محەمەد شکرون، بە سوعبەت وپێکەنینەوە پێی گوتم:

- لە بەد مەستی عەربەدە کێشیا، لە شەیتان دەچی و لە ڕاستگۆیی و سەرڕاستی و بەڵێنداریا لە فریشتان دەچیت.

پێمگوت: - بڕیارم داوە، ببم بە شتێک.

ژیانێکی جوانم هەبوو، لە لایەکەوەبۆ سەردەمی شادمانی و ئەفسانەکانی دایکمی گێڕابووەوە و لە ئالییەکی دیکەوە پاکی و ناز و نیعمەت و ئارامی ماڵەکەی بابامی بۆم گێڕابووەوە. بەڵام نیگەرانیەک باڵی بەسەر ئەو ژیانەمدا کێشابوو کە زادەی ئەو خولیا تووندە بوو کە دەمویست بۆ خۆم ببم بە شتێک، خودی خۆم بەدی بێنم.

دەمەوێ خودی خۆم بم، بۆ خۆم ببم بە شتێک. بەڵام دەبێ ئەم شتە چی بێ؟ ببم بە چ شتێک؟ مافەوانێکی لە زەبر؟ یان پارێزەرێکی سەرکەوتوو؟

ئەلهەقی شیفتە ودڵبەندی کتێب و دەرسێن جۆراوجۆر بووبووم. زۆر بەچاکی لێیان تێدەگەیشتم، لە کتێبە ئاینییەکان پتر ڕموودەی ئەو کتێبانە بووم، یانی مەیلم بەلای ئەم کتێبانەدا زیاتر بوو. بابەتی دەرسەکەم ئەزبەر دەکرد و بەدووی سەرچاوەی زانیاری زیاتریشا دەگەڕام. ئیدی خووم دایە خوێندنەوەی سەرچاوە ئەپستمولوجیەکانی وەک مێژوو وفەلسەفە ودەروونناسی وکۆمەڵناسی وئیدی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بە ڤیانی حەقیقەت و حەقیقەتدۆزی بارگاوی دەبووم.

***

بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

- تەسەور بکە، سەفەرێک لە دنیای خەونی دێو وجنۆکانەوە بۆ دنیای ڤیان و حەقیقەت!.. تۆ دەڵێی چی؟

گوتم: - سەفەرێکی گەورەیە..

تایبەتمەندی پەیڕەو و پرۆگرامی زانستی کە ئەوپەڕیپاکی و وردی و بابەتگەرایی تیا ڕەچاو دەکرا، زیاتر بەلای خۆیا ڕایدەکێشام. ئاخۆ دەتوانین بەهەمان شێواز بیر لە هەموو کاروبارەکانی دیکەی ژیان بکەینەوە؟ تا کۆمەڵگە ونیشتمان وئاین و سیاسەت بە هەمان وردی و پاکی و بابەتگەرایی بناسین؟..

هدی، یارمەتی دەدام، ژنێکی ڕۆشنبیر و دەرچووی قوتابخانەیەکی هەندەران بوو. سەرەتاکانی زانست وبیرکاری و ئەدەبیاتی خوێندبوو، زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی تایبەتی خوێندبوو، ژنێکی زۆر زیرەک و فاما بوو. لەهەر مامۆستایەکی تایبەتی پتر یارمەتی دەدام و سوودم لێوەردەگرت.

پێی دەگوتم:

- شادەتنامە بۆخۆی هیچ نییە، بەڵام ڕێگەیەکە، تەنیا ڕێگەیە بۆ دۆزینەوەی کار، ئەمە جگە لەوەی جدیەتێکی زیاتر بە خوێندنەکە دەدات..

هدی، تەنانەت دوای سک پڕ بوون و مەگیرانیش (بێزوو)، لە یارمەتی دانم سارد نەبووەوە.

وێڕای جیاوازی تەمەن و ئاستی زانستی و خوێندەواریمان ڕۆژبەڕۆژ خۆشەویستی نێوانمان زیاتر دەبوو، هیچ هەڵچوون وکار وکاردانەوەیەک، کاری تێنەدەکرد..

من لە ژیانی پڕ هەرا وهەنگامە ومەی نۆشی وئالوودە بوونەوە، چووبوومە ناو ژیانێکی خێزانداری ئەوتۆوە کە پڕ بوو لە پاکی وڤیان وخوێندن

وخوێندەواری، هەڵبەتە بە گوێرەی بەرنامەیەکی وردی ئەوتۆ کە لەهەر دیاردەیەکی ئازادی سەرڤەسەرڤەی دوور خستمەوە، دەرگای ئازادییەکی پرشنگداری ئەوتۆی لێکردمەوە، کە خۆبەخۆ مرۆڤی بەرەو هۆشمەندی دەبرد، هۆشمەندییەک کە مرۆڤی ئازاد پێی بەختەوەر دەبێت، با زیاتریش کارەساتە پەنهانەکانی ژیان بدینی.

***

لێرە قسەکەم پێی بڕی وگوتم:

- باسی ئەزموونی خۆتم دەربارەی حەقیقەت و ئازادی و نەگبەتی بۆبکە.

بە پێکەنینەوە گوتی:

- ئەوە تۆ قسە بۆ کێ دەکەی؟ لە ڕاستیا تۆ قسە بۆ کەسێک دەکەی بوونی نییە، هیچی لێ نەماوەتەوە، تەنیا ئەو وێرانە و دار وپەردووە نەبێ کە ئێستا لە قاوەخانەی ودود لە باب الاخضر، لەگەڵتدا دانیشتووە. من هەموو ئەو مرۆڤانەم، کەدوابەدوای یەک لە جەستەمدا ژیاون، ناشتوون و تەنیا ئەم دارو پەردوو وخەرابەیەیان لێ ماوەتەوە.

دووبارە بە دەنگی بەرز پێکەنی و لەسەر قسەکانی ڕۆیی:

- بەڵام خەرابەیەکە بە دنیایەک شوێنەواری بەهادارەوە.

کۆکەیەکی بۆ کرد، قوڕگی پاک کردەوەو پاشان گوتی:

- من ئاشقی ئەقڵ و پیرۆزییەکانی ئەقڵ بووم، ئیدی لەو پێودانگەوە حەزم لە حەقیقەت کرد، بێگومان ئەقڵ بە لۆژیک ودیقەت وئەزموون کار دەکات،

تا بگاتە حوکمێکی پاکی ئەوتۆ کە بە موو لە لۆژیک و دیقەت و ئەزموون دوور نەکەوێتەوە، ئەمە ئەو شتە بوو کە ناوم نابوو حەقیقەت.

هەڵبەتە ئەم ئەقڵە، ئەگەر دەگەڵ ئارەزوو وهەست وسۆزدا بەراورد بکرێ، لە چاوانی ئەوانا تا ڕادەیەک ئافەریدەیەکی تازەیە، ئەوەی مرۆڤ بە ژیانەوە دەبەستێتەوە غەریزە و ئارەزووە، ئەوەی بە مانی دەبەستێتەوە، ئارەزووە، ئەوەی بە زاوزێ و زۆر بوونیەوە دەبەستێتەوە هەر غەریزە و ئارەزووە، دەور و ڕۆڵی ئەقڵ لە هەموو ئەو وارانە، دەوری خزمەتکارێکی هۆشن و زیرەکە..

دەی باشە، ڕەوشەکە چۆن دەگۆڕێت؟ چۆن دەگوزەرێ؟

یانی ئەقڵ لە پێشا بڕیار دەدات وپاشان غەریزە و ئارەزووەکان دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. باشە دەکرێت کەسێک قەناعەت بە زەروورەتێک بکات و بڕیاری کوشتنی خۆی بدات؟ ئەوانەی لە ژێر کاریگەری غەریزە و ئارەزوودا خۆ دەکوژن، ژمارەیان زۆرە، لە ژمارە نایەن، بەڵام هیچ کەسێک لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوە و هزرینێکی خالیسەی پاکی بێگەردا خۆی نەکوشتووە. ئیدی من شیفتەی ئەقڵ بووم، و بەردەوام خۆزیام بە زاڵبوونی ڕەهایەوە خواستووە بەو حەساوەی کە شەریف ترین و بەرزترین دیاری خواییە بۆ تیرەی بەشەر. خەو بەوەوە دەبینم کە تاقە ئەنگیزەمان تەنیا ئەقڵ بێ، هیچ ئامانجێک لە دەرێی ئەقڵدا نەبێ، هیچ ڕەفتار و هەڵس و کەوتێک لە دەرێی سروشی ئەقڵ نەبێ، خەونم بە ژیانێکی ئەقڵانی خالیسەوە دەبینی کە ئەقڵ لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشێتو غەریزە و ئارەزووەکان، گوێڕایەڵ و گەردەن کەچ و لارەمل، دەستەونەزەر لە خزمەتیا وەستابان. حەزم دەکرد، ڕستە و دەستەواژەێن وەک: " بە دڵ دەزانم، هەستم وام پێدەڵێ، گوزارشتی ویژدانی بۆ ژیان " لە فەرهەنگەکانماندا

بسڕینەوە، هەرچی تووڕەییم هەیە بە سەر قەوارەی ئاگایی و نائاگایی دا، بەسەر کێوی تا نزیکی لووتکە بن ئاو کەوتووی فرۆیدا بڕێژم، چونکە مەسەلەکە، مەسەلەی بارست و قەوارە نییە، بەڵکو مەسەلەکە هەوەڵ وئاخیر تەنیا بەهایە، حەزم کردووە لووتکەی مرۆڤ –واتە ئەقڵی– حوکم بکات وتەنانەت کاروباری خۆراکیو سێکسیش کۆنترۆڵ بکات. ئاخر خودی خۆشەویستیش ئەگەر ئەقڵ قەناعەتی پێی نەبێت چ بایەخێکی هەیە؟ خۆشەویستی کوێرانە، هەمیشە بە کوێری دەمێنێتەوەو هەڵبەتە دوای تێربوون لێی، هەمان کارەساتەکەی من ومەروانەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە خۆزیا دەخوازم ئەقڵ دەورێکی تەواو لە ژیانماندا بگێڕێ، هەمان دەوری کار لە کارخانەدا بگێڕێ، بەهەمان بێداری و پاکی و بابەتگەرایییەوە، ئیدی دەبێ گۆرانی وخولیا و ئاواتەکانمان بگۆڕین.

من لافی ئەوە لێنادەم گەییبمە ئەم ئاستە، ڕەنگە بێ توانایییم یەکێک لە سەددەمە هەرە گرینگەکانی ئەم کارەساتە بووبێ، هەروەها من داوای ئەوە ناکەم غەریزەو ئارەزووەکان فەرامۆش بکرێن یان بە هەند وەرنەگیرێن، بەڵام خۆزی دەخوازم، خۆمان لە کاریگەرییە وێرانکەرەکانیان بەسەر حەقیقەتەوە، دوورە پەرێز بگرین، بەدەر لە هەر خۆپەرستیەک، هەڵسەنگاندن بۆ خۆمان بکەین، بەدەر لە هەر لاف و گەزافێکی نیشتمانپەروەری، نیشتمانی خۆمان هەڵسەنگێنین، بە شێوەیەکی گشتی، مرۆڤی ئاقڵ بوو بە خولیام، وەکو چۆن جاران، مرۆڤی خوایی خولیام بوو..

پێمگوت:

- ئەمە وێنە ووێنایەکی ئەقڵانی جیهانە کە خەڵکانێک لە کتێبەکانی خۆیاندا، بە شێوەیەکی ترسناک نەخشاندوویانە و وێنایان کردووە..

- ئەوە دەزانم، چونکە بە دڵێکی ڕۆمانتیکی نەخۆش و دزێوەوە مالیجەیان کردووە، بەڵام من باوەڕم وایە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەقڵ کارێک دەکات کە مرۆڤ پێویستی بە غەریزە وسۆزەکانی نەمێنێ و، وەکو ڕێخۆڵە کوێرە هیچ دەورێکیان نەمێنێ.

- بەڵام چۆن ئەم گۆڕانە گەورەیە، ئەم گۆڕانە ناکۆکە ترسناکە لە تۆدا چێبوو..؟

- وەکو پێشتر پێمگوتیت، من لە ژیانا، بە بازدان دەڕۆم. بۆ نموونە بەڕێکەوت و لە ناکاوا دنیای ئەقڵ و ئاوەزم کەشف کرد، ئیدی شیفتەی بووم، دڵنیابووم، کە لە بۆشاییدا سەکێشیم دەکرد، وئێستا کاتی ئەوە هاتبوو، لە دنیای هزر و ئەندیشاندا سەرکێشی و ڕیسک بکەم، و ئەمە سەرکێشی وڕیسکی ڕاستەقینەیە..

بە تاسەمەندییەوە لێم پرسی:

- ئەدی ڕاوبۆچوونت لە مەڕ ئازادی چییە؟

- وەکو ڕیسک وایە، هەندێجار وەکو لەزەتێکی غەریزی مومارەسەی دەکەیت، وەکو چۆن لەزەتم لە مەروانە وشەراب ومادەی هۆشبەر دەبینی، ئەمەش بۆ خۆی کۆیلایەتیە، لە پێستی ئازادیدا، ئازادی ڕاستەقینە وەعیە بە ئەقڵ و پەیامەکانی و ئامانجەکانی، و دیاریکردنی ئەوزارەکان بە ئازادی و ڕێکخستنیەتی بە گوێرەی کۆت وبەندی تایبەتی کە ئەمە ئازادیە لە قاڵبی کۆیلایەتیدا، من بەوجۆرە لەگەڵ هدی دا و لە ماڵە تازەکەمدا ژیانم بەسەر دەبرد، چەند سەعاتێ بۆ گفتوگۆ، چەند سەعاتێک بۆ خوێندنەوەی ئازاد، چەند سەعاتێک بۆ گەنگەشە و پیاسە و گەڕان و

ئاشقێنی، هەموو کارێکم بە بەرنامە بوو، ئیدی لەم ڕێگا دوور و درێژەدا بەیداخی ئەقڵم هەڵکردبوو..

لێرەدا پێمگوت:

- دەکرێ ئێستا باسی تراجیدیام بۆ بکەی؟

هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:

- کەمێک سەبرم لێبکە، تراجیدیای تایبەتی خۆم هەیە، بەڵام حەز دەکەم جارێ باسی تراجیدیای گشتیت بۆ بکەم، ئەویش تراجیدیای مرۆڤی ئاقڵە. بەرلەوەی ئەقڵ درست ببێ، مرۆڤ زۆر بە تەبایی لەگەڵ خودی خۆی و ژیانی خۆیدا دەژیا، ژیان کێشماکێش و ململانێیەکی دژوارە، لە دەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە، بۆ خۆی وەکو هەر ئاژەڵێکی دی دەژیا، بەڵام کە ئەقڵی درایە، کەوتە ئافراندنی شارستانیەت، ئیدی شانی دایەبەر ئەمانەتێکی تازە، بەرپرسیاریەتێک، کە نەیدەتوانی خۆی لێ بدزێتەوەو لەهەمان کاتیشدا باری نەدەبرد، لە عۆیەی نەدەهات. ئیدی کەبە شێوەیەکی گشتی دەیڕوانیە جیهان، دەیبینی ژیانی بەشەر لە سەر ڕووی زەوی، وێڕای ناکۆکییە ڕواڵەتییەکانی، هەمووی وەکو یەکە، بەڵام وێڕای ئەوەش بە قۆناغێکی ڕاگوازی و ڕەوتەنی ئەوتۆدا ڕەت دەبوو کە ئەقڵ و غەریزە شان بە شانی یەک و بەهەڤڕا پێشڤە دەچوون، ئەوەی ئەقڵ دەیڵێت، غەریزە ڕەتی دەکاتەوە، تاکو ئەمڕۆش هەر غەریزە و ئارەزوو زاڵە، بەلای کەمەوە لە ژیانی گشتیدا وایە، ئەقڵ هیچ سەروەرییەکی ڕەهای بەدەست نەهێناوە، مەگەر تەنیا لەواری زانستدا، لەو بوارە بترازێ ئیدی ملکەچی غەریزەکانە. غەریزە بە ڕادەیەک زاڵە، زۆرجار بەرەنجامەکانی زانستیش بۆخۆی دەبات و دەخوات. ئیدی زانست لەم حاڵەدا و لەواری توێژینەوەدا، زمانی تایبەتی

خۆی بەکار دەبات. لە کاتێکا ئەو زمانەی کە ملیونەها مرۆڤ بەکاری دەبەن و پێشوازی لێدەکەن، زمانی سۆز وغەریزەیە، گۆرانی سێکسی و نیشتمان و نیشتمانی ونەژادپەرستی و خەون و خەیاڵێن دزیوو پڕ گومڕایی، ئەمانە هەموو تراجیدیای گشتین، کە هەوری سووری سەریان نارەوێتەوە، تا دەنگی ئەقڵ بەرز نەبێتەوەو غەریزە نەداتە پاش و بەرەو ژاکان و سیس بوونەوە و هەڵوەرین و نەمان نەڕوات.

بەڵام تراجیدیای من، کە تراجیدیا تایبەتیەکەیە، زادەی ململانێی نێوان ئەقڵم و ئیمانی پتەومە بەخوا. لێرەدا ئەم پرسیارە بەرۆکی گرتم، ئەگەر بتەوێ ئەقڵ بکەی بە ڕێنوێن و ڕابەری خۆت، چۆن پارێزگاری لە ئیمانت دەکەیت؟!

لێرەدا متمانەم بە ئیمانی خالیسەی خۆم لەق بوو، هەروەها زمانی دڵیشم لەلا لەق بوو. ئیدی دەبوایە ئەقڵبێتە مەیدان و ئەم کێشە و ئاریشەیەی چارەسەر بکردایە.

هەڵبەتە ئەم قسەیەی کە ئەقڵ بۆ ئەم شتانە دروست نەبووە، خۆی لە خۆیدا، دان نانە بە بێ تواناییدا، پێشنیازێکە بۆ ئەوەی دڵ بکرێ بە ئەڵتەرناتیڤی ئەقڵ، دان نانە بە شکست وناکامی و نەگبەتیدا.

***

- ئەقڵت چی پێگوتی؟

- توانای درک و تەسەوری ئەوەی نەبوو، هیچ چارێکی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێ، کە شتی وا لەگینە، ئەمەش بۆخۆی تراجیدیایە، خۆ ئەگەر خەڵکی بڕیار بدەن کە ئەم کێشەیە دەستکرد ودروستکراوەو دەتوانین بەبێ ئەوەی

بیری لێبکەینەوە بژین، ئەوا ئیدی هەموو شتێک مانای خۆی لەدەست دەدات، چەند بە خەیاڵ و بێباکیش مانای بۆ دروست بکەین، من بەغیلی بەو کەسانە دەبەم کە بە کامی دڵ دەژین و بێ خەم و خەیاڵ و بێ خوا دەمرن..

ڕۆژێک باسی کێشە وخەمەکانی خۆم بۆ هدی کرد. ئیمان و باوەڕێکی ئەوەندە بەهێزی هەبوو، کە قەت گویی بە نوێژ و ڕۆژی نەدابوو، گوتی:

- ناکرێ، بەبێ باوەڕ بەخوا، تەسەوری ئەم گەردوونە بکرێ.. مەگەر پرۆسەی ئەم هەموو ئافراندنە لە دنیای ڕووەک وئاژەڵ وگیانلەبەران ومرۆڤاندا نابینی کە بە بەرچاومانەوە ڕوو دەدەن؟.. مەحاڵە بتوانی گومان لە هیزی ئەفراندن بکەیت..

بە " هدی " م گوت:

- من بەڵگەم دەوێ، بەڵگەیەکی بنجبڕی قەناعەتبەخشی وەک: ١+١=٢.

هدی گوتی:

- ئیمە باسی دڵ وەکو سەرچاوەی ئیمان دەکەین، بەڵام ئەوە بزانە کە تەنیا مرۆڤی ئاقڵ خوایان پەرستووە. ئەقڵ و ئاوەز، لە ڕاستیا بنەما و سەرچاوەی ئیمانە، بەڵام بێ توانایی درک کردنی - هەرچەندە سوورە لەسەر درک کردنی- وای لێکردووە، بۆ ئەوەی خۆی لە هەر هەڤدژییەک دوور بخاتەوە، سەرچاوەی باوەڕبوون بە خوا بداتە پاڵ ئەندامێکی دی.

بە " هدی "م گوت:

- مرۆڤ، ژیان و مەرگ و ترسی درک کردووە، بۆیە ئەقڵ پەنای بۆ گریمانە بردووە، تا ئومێد و هیوا ڕزگار بکات. تەنانەت موساش وا بووە و دەیویست خودا ببینێ.

***

هەنگێ لە جافرم پرسی:

- جافر، ئەمڕۆ ئیمانت چۆنە؟

سەری بردە دواوە، چاوە کزەکانی بڕییە، ئەو پۆلە ئەستێرەیەی نێوان منارەکەی حسەین و سەربانی ماڵە کۆنەکان و لەبن لێوانەوە گوتی:

- ناتوانم نکۆڵی لە بوونی خوا بکەم و باوەڕم پێی نەبێ!

***

ئەوسا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- لە خوێندنەکەما زۆر باش بووم، سەرکەوتن لە سەر سەرکەوتنم بەدەست دەهێنا، لە ڕووی فام و ڕۆشنبیرییەوە گەیی بوومە ئاستێکی بەرز، بووبووم بە باوکی چوا کوڕ، خۆشترین و دەوڵەمەندترین قۆناغی ژیانم بەڕێ کرد.

محەمەد شکرون، لەبەینی من وکوڕەکانما بوو، ئەو خەرجی و نەفەقەی شەرعی منی دەگەیاند بە دایکی مەروانە، کە کوڕە گەورەکەم گەییە ئەو تەمەنەی کە لە رووی قانوونییەوە بۆم هەبێ بیهێنمە لای خۆم، لێبڕام بیهێنمەوە، لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ " هدی "دا کرد، ئەلهەقی لاری نەبوو، بەدەم مامەڵەی گێڕانەوەی کوڕەکەمەوە بۆم دەرکەوت کە مەروانە شووی کردووە، ڕۆییوە بۆ سەوزەزارێکی بیابانەدوورەکان و منداڵەکانیشی

لەگەڵ خۆیدا بردووە، هەندێک دەیانگوت بۆ لیبیا چووە، بەم هەواڵە زۆر خەمبار بووم..

دۆستایەتیم لەگەڵ محەمەد شکروندا هەر بەردەوام بوو، بە هەڤڕا، بۆ نوێژی هەینی دەچووینە مزگەوتی حسەین وپاشان لە حلمیە نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، هەموو موسوڵمانیەتیەکەی محەمەد شکرون بریتی بوو لە کردنی نوێژی هەینی و نەخواردنەوەی مەی وشەراب لە هەیڤی ڕەمەزاندا، هەمیشە لەلای من تاکیدی لەوە دەکردەوە کە هونەرمەندانی وەکو ئەو، بەهۆی هەلومەرجی کارەکەیانەوە مدارا دەکرێن و هەر سووکە لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵدا دەکرێت، وەکو سترانڤانێکی دەرەجە دوو ناوبانگی دەرکردبوو، بەڵام گۆرانییە میللییەکانی بڵاوبووبوونەوە و لەسەر بەکرە تۆمار کرابوون وسەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، دوایی بە ماڵ وخێزانەوە بۆ گەڕەکی " روض الفرج " باری کرد، بەڵام هیچ زوڕیەتێکی نەخستەوە.

شکرون تاقە هاوڕێی دڵسۆزم بوو، تا لە " خان جعفر " ئاشنایەتیم لەگەڵ هەندێکان پەیدا کرد کە لە پێش مندا خوێندنیان تەواو کردبوو و خەریکی کارێن پارێزەری و مامۆستایەتی بوون، لە خوێندنەکەما سوودم لێ بینی بوون، کە دواتر بۆتی باس دەکەم..

لەهەموو شتێک زیاتر دڵم بە منداڵەکانم خۆش بوو، نموونەی جوانی وساغڵەمی بوون، نۆبەرەکەم کۆپیەکی کوت و متی ڕاوی بابام بوو.

هیچم دەربارەی بابام نەدەزانی تەنیا ئەو سووکە هەواڵانە نەبێ کە لە ڕێگای محەمەد شکرونەوە ناوبەناو پێم دەگەیین. بابام تەواو پیر بوو بوو، بەشێوەیەکی نیمچە هەمیشەیی کونجی ماڵەوەی گرتبوو، تەنیا بۆ نوێژی

هەینی لە ماڵ وەدەر دەکەوت، هەفتەی شەوێکی بۆ پێشوازی دۆست وبنازۆ ومووریدەکانی تەرخان کردبوو، بەڕادەیەک پیر بوو، ئەوانەی هاتوچۆیان دەکرد، قەناعەتیان وابوو کە یادگەی وەکو جاران نەماوە، ئیدی باوەڕم نەدەکرد، منی هەر لەبیریش مابێ.

لە خوێندنەکەما ئەوەندەم کۆشش کرد، کە زانستگەم تەواو کرد تا بەکالۆریوسم لەماف وەرگرت.

هدی،لە مەیدانی " باب الخلق " دا نووسینگەی پارێزەری بۆ کردمەوە، کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی تیا دانا، ژوورێکی پێشوازی یەجگار پۆشتەی بۆ میوانان ڕازاندەوە، ژوورێک مەگەر تەنیا لە نووسینگەی گەورە پارێزەراندا، هەبووبێ!

بەوجۆرە قۆناغێکی تازەی ژیانم دەست پێکرد.

(( ٧ ))

بەڕێوەبەری نووسینگەکە، تەوەری هەموو چالاکییەک بوو، هەروەها دەلاڵی ئەو دۆز و پرسە بچووکانە بوو کەلە پارێزەرێکی تازەکار بوەشێتەوە، من لە ڕاستیا، وەکو پاشکۆی ئەو و لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ئەودا کارم دەکرد.

بەهەرحاڵ نووسینگەکەم بوو بە مەکۆ وپاتۆقی ئەو برادەرانەی کە زۆربەیان لە خوێندنی قانووندا، ڕابەر وڕێنیشاندەرم بوون، ئەمانە لە بنەڕەتدا، هاوڕێی دووربەدوور بوون، ئیدی لەم دیدارە هەمیشەییانەدا، سیاسەت ڕۆحی غەزوو کردم..

حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم، ئەوەندەش لە سیاسەت دوور نەبووم وەکو تۆ وێنای دەکەی، وەختێک لە ماڵی بابام بووم، میوانی زۆری دەهاتن، هەندێک لەو میوانانە سیاسەتوان و ئەهلی سیاسەت بوون، ئەمانە هەموویان یەک بۆچوونیان هەبوو، لەگەڵ ئەوەدا بوون دەبێ بژاردە حوکم بکات، بژاردەیەک کە بە قازانجی بژاردە و رەمەکی مەردم و نیشتمان حوکمڕانی بکات.

لە قسە و گفتوگۆیەکاندا زۆر باسی دەستوور دەکرا، نەک بەو ئیحتوبارەی ببێ بە بنەمای حوکمڕانی گەل، بەڵکو بەو حیسابەی بەڵگەنامەیەکە، شەرعیەت ورەوایی حوکمیان پێدەبەخشیت وخودی خۆیانی لەهەنبەر حاکمدا پێ دەسەلمێنن، وەکو ئەوەی مەیدان جگەلە حاکم و بژاردە کەسی دی تیا نەبێ. بە ڕاستی من دڵبەندی دیمەن و ڕواڵەتی پڕ شکۆ و سمێڵە پڕ و ڕدێنە قەڵەمکراوەکانیان بووم، بە هێمنی و کاوەخۆ باس وگفتوگۆیان دەکرد، بە زۆری باسی زانست وخوێندن وزەماڵەو نوێکردنەوەی ئەندیشەی ئاینیان دەکرد. بە ئاشکرا دژی خەڵکی ڕەش ورووت و حوکمڕانی ڕەشۆکییان بوون، پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە گەل پێویستی بە پەروەردەی درێژخایەن و هۆشیار کردنەوەی بەردەوامە، بۆ ئەوەی بتوانێ سووکە بەشدارییەک لە ژیانی سیاسیدا بکات.

جارێکیان گوێم لە بابام بوو پرسی:

- کەواتە سیاسەت بە بۆچوونی ئێوە وەکو سۆفیگەری، بۆ هەموو کەس نابێت؟

کەبە ئەرێ بەرسڤیان دایەوە، بابام دیسان پرسی:

- ئەدی کێ بەرژەوەندی رەمەکیان ( ڕەش و ڕووت، عەوام، گەل، خەڵکی ) دەپارێزێ؟

لە وەڵامیا گوتیان:

- ئێمە خاوەنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەین. ئێمەمانان ئەهلی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازین، بەڵام خەڵکی عەوام، تەنیا پیشەیەکی بچووکیان پێویستە پێی بژین، لەگەڵ هەندێک خزمەتگوزاریدا..

لەو کاتانەدا، زیاتر بەلای ئەو بۆچوونەدا دام دەکێشا وباوەڕم بەوە هەبوو کە ئەوزارێکی باشە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباران، هەڵبەتە لە ئەنجاما شوکری خوام کرد کەسەربە بژاردەی میللەتم نەک سەر بە عەوامی خەڵک.

ڕۆژانێکی پڕ هەوراز ونشێومان بەسەر برد، ناوی گەل بوو بە وێردی سەر زاران، دنیای پڕ کرد، ئیدی خۆپیشاندانی خەڵکی وەکو لەهی و لافاو هەستا. لە سەربانەوە، بە سەرسامی و شادییەوە تەمەشام دەکرد.

بەڵام، هەرگیز بە تۆخی ئاوێتەی سیاسەت نەبووم، خۆم بە قووڵایی سیاسەتدا نەکردووە. قەناعەتم وابوو، دەشێت ژیان بە هەموو شیرینی وتاڵییەکانیەوە بجەڕبێنم، بێ ئەوەی لە هیچ دەرگایەکی سیاسەت بدەم یان سیاسەت بکەم.

***

لە نووسینگەکەی خۆما، لە مەیدانی " باب الخلق "دا، بۆ یەکەمجار سیاسەت بە توندی وبەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، باڵی بە سەرمدا کێشا. ئیدی لە ژووری نووسینگەکەما، جۆرەها بیری هەڤڕک وهەڤدژی وەکو

لیبرالیزم وسۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و ئەنارشیزم و سەلەفیەتی ئاینی و فاشیستی تاوتوێ و باس دەکرا. ئیدی کەوتبوومە گێژاوێکی بێ سەروبنەوەو سەرم بەگێژەوە دەچوو. ئیدی بە حوکمی ئەوەی باوەڕم بە ئەقڵ و ئەقڵانیەت بوو، پەنام بۆ ئەقڵ برد تا لەو گێژەنگ و گێژاوە دەربازبم.

ڕۆژێک لەگەرمەی باسی مەزەباندا، مامۆستا " سەعد کەبیر " کە بۆیە لێرەدا ناوی دینم، چونکە ڕۆڵێکی یەجگار گەورەی لە ژیانما هەبوو، یەجگار گەورە لەچاو ڕۆڵ و کاریگەریی هیچی ئەوانی دیدا، لێی پرسیم:

- تۆ چیت؟

دوای دوو دڵییەکی کەم گوتم: - هیچ.

هەرچەندە پیاوێکی زیرەک و ڕۆشنبیرێکی گەورە بوو، بەڵام زۆر هەستیار و تووڕە و تڕۆ بوو، بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئەمە دەکاتە مەرگ..

وەڵامم دایەوەو گوتم:

- بەڵام من یەکێکم لەو خوێندکارە کۆشا وخوێنەوارانەی کە ئەقڵ وئەقڵانیەتیان بەلاوە پیرۆزە..

- باشە، ناوەڕۆکی ئەقڵ، بەبێ ئەوەی بۆچوونی خۆی دەربارەی سیستەمی حوکمی بەشەری دەرببڕێ، دێتەدی؟

- بەڵام.. سیاسەت بەرژەوەندییە.

- بەرژەوەندی، ڕێنوێنی هەر کەسێکی ئاسایی، بەرەو حیزبەکەی دەکات، بەڵام ئەقڵ دەتوانێ بە ڕوناکی خۆی، هەق و نەهەق لێکدی جیابکاتەوە..

بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتم:

- بە نۆڕینی تۆ، بەرژەوەندی من بەرەو کوێم دەبات؟

- بەڵام تۆ دەتوانی بە ئەقڵ و لە ڕێگەی ئەقڵەوە، پێگە و هەڵوێستی خۆت ببەزێنی..

- بەهەرحاڵ، پێویستم بە کاتێکی زۆرتر هەیە بۆ بیرکردنەوە.

ئیدی خەم وخولیاکانم، بۆ هدی، بەو ئیحتوبارەی هەوەڵین دۆستمە وهیچی لێناشارمەوە، گێڕایەوە، یەکسەر و بێ هیچ دوو دڵییەک گوتی:

- بە نۆڕینی من سیاسەت ئەقڵ دەلەوتێنێ.

وەکو ئەوەی خولیای ناخمی بۆ هەڵڕێژم، پێمگوت:

- هەڵبەتە ئەوە وەستاوەتە سەر خودی ئەقڵەکە..

بەوپەڕی متمانەوە گوتی:

- لە دنیای سیاسەتدا، ئەقڵ دەکەوێتە مەینەتەوە..

- ڕەنگە وابێ، بەڵام چارەش لە هەڵاتندا نییە.

ئەلهەقی بیرکردنەوە بووبوو بە بەشێک لە ژیانم، ئەوەی لە نووسینگەکەما بەر گوێم دەکەوێ، جۆرە تەحەدایەکی تووندی من بوو، زۆرجار هۆی ئەمەم لە خۆم دەپرسی، وێڕای هەست وسۆزی دۆستانەی نێوانمانیش، گومانم لەوە نەبووکە هەندێکیان بە چاوی دژمنایەتیەکی قووڵەوە، تەمەشای " پێگەی چینایەتی " منیان دەکرد، ئیدی منیش بۆ یەکەمجار ئەنگیزەی ئەم مەسەلەیەم بۆ ململانێ سیاسی- کۆمەڵایەتیەکە گێڕایەوە. وەکو ئەوە بوو، لە ناکاوا لە خەو ڕابووبم و خۆم بەسەر گڕکانێکەوە بدینم.

بەڵێ، بە حوکمی ئەوەی نەوەی ڕاوی بووم وسەر بە چینی فیوداڵ بووم، کەواتە بەرژەوەندی من لەگەڵ حوکمی بژاردەدا تێکی دەکردەوە، کە پێدەچوو ئەم مەسەلەیە هیچ هەڤدژییەکی لەگەڵ ڕابردووی سەلەفیانەی مندا نەبێت. لەگەڵ لیبرالیزمی میللی دا نەبووم، بەڵام کۆمۆنیست وسۆسیالیستەکان، دژمنی ئاسایی من بوون، وەکو دژمنایەتی پشیلە و مشک. ئاوام بیر دەکردەوە. پاشان لەخۆم پرسی، ئایا دەتوانم لە نێو ئەم هەموو ڕێبازەدا، ئەقڵ بکەم بە محەک و وەکو داوەرێکی پاک و بێلایەن پەنای بەرمە بەر؟ یان هەست وسۆز خیانەتم لێدەکەن و ئەقڵ وەکو کۆیلەیەکی زیرەک بەکار دەبەم؟

دەمتوانی دەست بە کڵاوی خۆمەوە بگرم و خۆم لە سیاسەت دوورەپەرێز بگرم، بەڵام باوەڕم وابوو، کە ئەمە لەگەڵ ئەقڵ وئەقڵانیەتدا تێک ناکاتەوە، بێ ڕێزییە دەرهەق بە ئەقڵ و پیرۆزی ئەقڵ.

سیاسەت خودی ژیانە.

گفتوگۆی نێوان من و " سەعد کەبیر " لە تەواوبوون نەدەهات، هەڵوێستەکانی ئەوم بە جۆرە تەحەدیەکی ڕاستەقینەی خۆم دەزانی. جارێکیان پێمگوت:

- سیاسەت دنیایەکی بەرفراوانە، کاریگەری بەسەر هەموو ڕێبازەکانەوە هەیە!

ڕوخسارە ئەسمەر و جوانەکەی گرژ بوو و گوتی:

- نە هەقت نییە بە گومان و دوودڵ بی، ئەمەت لێناگیرێ، چونکە بیر پێویستی بەکاتە تا دەخەملێ.

- پەلە مەکە، من لەنێو بژاردەدا، جۆرێک جوامێری وخانەدانی ورۆشنبیری و ڕەسەنایەتی مێژوویی دەبینم.

- بەڵێ لە سایەی سیستەمێکی کۆیلایەتی دادپەروەرانەدا، دەشێت هەموو کەسێک بگاتە ئاستی بژاردە..

بە قووڵی لە فکران ڕاچووم و ئەوسا گوتم:

- ئایا لە لیبرالیزمدا، ئازادی وبەها ومافە مرۆڤانیەکانی مرۆڤ مسۆگەرە، بەو جوانیە هەیە کەباس دەکرێ؟

- بەڵێ، هەموو ئەوانە خراوەتە خزمەتی چینێکی دیاری کراوەوە.

بە هەمان دڵسۆزی خۆمەوە گوتم:

- لە کۆمۆنیزمدا، ئەوپەڕی دادپەروەری هەیە، کە هەموو ڕێبازە بەشەرییەکان، لە سایەیدا دەکرێنەوە و گەشە دەکەن..

- ڕەنگە ئەمە کەمترین شت بێ کە دەربارەی بگوترێ!

- لە ئاینیشدا، ئەوەندە تایبەتمەندی باش هەیە کە لە ژمارە نایەت.

بەو قسەیەم، بەڕادەیەک کەللەیی بوو کە هاواریکرد:

- شەیتان بە نەعلەت بی!

بێئەوەی گوێ بە تووڕە بوونەکەی بدەم، گوتم:

- حەقیقەت ناشاردرێتەوە، درەنگ یان زوو هەر دەبێ دەربکەوێ..

هدی، لە ڕاستیا، ژنێکی لیبڕاڵی ڕەسەن بوو، سیستەمی ئینگلیزی بە نموونەی بەرز و سەرمەشقی خۆی دەزانی، بە وردی و نیگەرانیەوە پەیگیری هزرین و خەمەکانی دەکردم، جارێک لێم پرسی:

- هدی، بۆچی ئەوەندە نیگەرانی؟

ڕێک و ڕەوان گوتی:

- بیرکردنەوە لە سیاسەت، لەوەیە چالاکی وکاری سیاسی بەدوودا بێ، کەئەمە خۆی لە خۆیدا لەمەترسی بەدەر نییە.

ئاهێکم هەڵکێشا وگوتم:

- ئەمان و تەناهی شتێکی جوانە، بەڵام هەندێک شت لە ژیاندا هەن کە لە ئەمن و ئەمان گرینگترن..

- ئاخر لەبەر ئەوەیە هەندێجار وا هەست دەکەم شتێک خەریکە هەڕەشە لە شادمانی ماڵەکەم دەکات..

ماچێکم کرد و گوتم: - ورەت بەرزبێ.

- ئەم زەمانە کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستی بووە بە مۆد..

- بەڵام من بیر دەکەمەوە گیانەکەم، ئەوەی کە بەلامەوە گرینگ نییەو بیری لێناکەمەوە، مۆد و مۆدبازییە.

ئیدی لەپاڵ خوێندنەکەما، بیریشم دەکردەوە.

***

لێرەدا جافر لە قاقای پێکەنینی دا، پێکەنینێک نووستوان و بێدارانی ئەم گەڕەکە مێژووییەی ڕاچڵەکاند. لێم پرسی: - بەچی پێدەکەنی؟

- نهێنییەکت بۆ دەدرکێنم کە تا ئێستا بە عەبدەل بەشەرم نەگوتووە، تەنانەت بە ژنە ئازیزەکەشم نەگوتووە.

- بەڕاست!

- جارێکیان وام بە مێشکا هات کە هەندێک لێکچوون لە نێوان ژیانی پێغەمبەر و ژیانی مندا هەیە!

هەڵوەستەیەکی کرد، بێئەوەی من هیچ شتێک بڵێم، لەسەر قسەکەی ڕۆیی:

- هێشتا منداڵ بووم کە بابم مرد، هێشتا پێنج ساڵم تەواو نەکردبوو دایکم مرد، بابام گرتمیە ژێر باڵی خۆی، پاشان کە ماڵی بابام بە جێهێشت، لە دڵی خۆمدا ئەمەم بە جۆرە هیجرەتێک زانی.

- بەڵام پێغەمبەر، لەپێناوی سەرکێشی و ڕیسکاندا هیجرەتی نەکرد.

- نا..نا، ئەمە تەنیا لێکچوونە و تەواو.. پاشان لە گەڵ خانمێکی خانەداندا زەماوەندم کرد کەبە تەمەن لەمن گەورەتر بوو، ژنێک کە هەلومەرجێکی لەباری بۆ فەراهەم کردم تا درێژە بە خوێندن بدەم و بیربکەمەوە، کەبە وردی بیرم لەو مەسەلەیە کردەوە، وام هات بە خەیاڵدا کە منیش پەیامێکم دەبێت..

بەدەم پێکەنینەوە پرسیم: - پەیامێکی ئاینی؟

- پەیامێکی تازە، بەڵام زۆری پێنەچوو شیفتەی بیرۆکەکە بووم و بوو بە خەم و خولیام.. ئیدی بەو خەیاڵەوە درێژەم بە خوێندن و هزرینی خۆدا..

هەمیشە خۆم لە فریوی غەریزەو سۆزەکان ئاگادار دەکردەوە، تا بیرکردنەوەم لە هەر غەل وغەشێک پاک بکەمەوە. ئیدی گەییمە هەندێک ئەنجامگیری سەرەتایی کە سیستەمی کۆمەڵایەتیمان، سیستەمێکی ناماقوولە، زاڵمانەیە، سەرچاوەی هەموو نەخۆشییەکانی وەک هەژاری ونەزانی ونەخۆشییە، ومن وەکو خەیاڵم دەکرد لە جوملەی چینی بژاردە نیم، بەڵکو ئەندامی گروپێکم. بەڵام هدی، بەم وەسفە ڕازی نەبوو، خۆی بە ئابا و ئەژدادیەوە هەڵکێشا، بەڵام من دەستم بە شیکردنەوەی سەرچاوەکانی دەوڵەمەندی کرد کە بریتی بوو لە بەخشیش و دیاری، هەلپەرستی و تەماعکاری، چەوساندنەوە و زۆرداری، گەییمە ئەو ئەنجامگیرییەی، کە سەروەت و سامانی حەڵاڵ، لە هیچ شوێنێکا نەبووە و نییە..

سەعد کەبیر، بەدەم هاندانمەوە گوتی:

- ئەمە بۆچوونێکی باشە وئاکامی باشی دەبێ، بەڵام تۆ دەبێ لە مەتریالیزمی جەدەلی و ماتریالیزمی مێژووییەوە دەست پێبکەی..

بە متمانەوە گوتم:

- من بە یەک چاو تەمەشای هەموو فەلسەفەکان دەکەم، یەک هەڵوێستم بەرانبەر بە هەموویان هەیە، فەلسەفەی مارکسیزمیش یەکێکە لە فەلسەفەکان، ئیدی بۆ دەبێ بکرێ بە ئایدۆلۆژیا، بۆچی دەیەوێ بە خورتی و بە دیکتاتۆریەت خۆی بسەپێنێ؟

- نا، یەکێک نییە لە فەلسەکان، بەڵکو لە ئاسمانی هزرین وڕامانی تیورییەوە هێنراوەتە خوارێ، تا بەسەر ژیانی خەڵکیدا پیادە بکرێ و بۆ

ئەوەی ئومێدێکی تازە بە تیرەی بەشەر بدەن، بۆیە ئەوە دێنێ ببێ بە ئایدۆلۆژیا..

بە بێتاقەتییەوە گوتم:

- تاکید لە سەر ماتریالیزم، لە تاکیدی ئەقڵ لەسەر خوا، بەهێزتر نییە.

بە تەوسەوە گوتی: - هێشتا کەسێکی ئایدیالیت!

بە تووڕەیی هاوارم بەسەریا کرد:

- لە بابەتەکە دەرمەچۆ، لە جیاتی بەخشینەوەی ناو وناتۆرەی سەیر وسەمەرە، پابەندی موناقەشەی بابەتەکە بە.

هێور بووەوە وگوتی: - بخوێنەوە، پێویستت بە خوێندنەوەی زیاترە.

گوتم:

- بە هەرحاڵ من قەناعەتم بە تێوری نییە، لە کاتێکا سوور دەزانم کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی زەروورەتێکی ئاساییە و پێویستی بە تێوری نییە.

ماوەیەکی زۆر خۆم بۆ خوێندنەوەو بیرکردنەوە تەرخان کرد. دڵ ودەروونم بووبوو بە مەیدانی جەنگ وململانێیەکی بەترەف،بوو بوو بە دۆزەخێک لەو گۆڕە.

لەو ماوەیەدا بە دەگمەن لەزەتم لە دۆستایەتی ژنەکەم دەبینی، زۆر بەکەمی مجامەلەی منداڵەکانم دەکرد، بیرۆکەی پەیامەکەم زۆر بە ڕوونی لە ناخی خۆدا دەبینی، بەوپەڕی سادەیی وخاکیانە، وام هەست دەکرد لەسەرمە خۆم نەزری ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە میسرا بکەم!

بەردەوام بیرم دەکردەوە، هۆشداریم بە خودی خۆم دەدا، کە نەبا بیرکردنەوەکەم، بەرەو هەڵدێری سۆز یان ئایدۆلۆژیا بۆ ماوەییەکان، دا بخزێ.. بۆ ئەوەی شتەکانم لێ تێکەڵ وپێکەڵ نەبێت، بڕیارم دا، بیر و بۆچوونەکانم تۆمار بکەم و بخەمە سەر کاغەز.

***

بە بایەخەوە لە جافرم پرسی: - ئێ، ئەم کارەت کرد؟

- بەڵێ.

- چاپت کرد، کردت بە کتێب؟

- نەخێر، ڕووداوەکان پێش من کەوتن.

- باشە کورتە و پۆختەیەکی ئەو بیر و بۆچوونانەت لەبیر ماوە؟

بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- کورتە مێژوویەکی ڕێبازە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانم لە نامیلکەیەکا نووسی، لە فیودالیزمەوە تا کۆمۆنیزم. پاشان پرۆژەیەکی نقیساریم لەسەر سێ بنەما ئامادە و پێشکەش کرد، بنەمای فەلسەفی، ڕێبازی کۆمەڵایەتی، شێوازی حوکمڕانی، سەبارەت بە بنەما فەلسەفیەکە خوێنەرم سەرپشک کردووە، دەتوانێ باوەڕ بە مەتریالیزم، یان لاهوت و ڕوحانیەت و تەنانەت سۆفیگەریش بێنێ، بنەما کۆمەڵایەتیەکە لە جەوهەر و کروکدا کۆمۆنیستیە، لەسەر بنەمای موڵکیەتی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی موڵکیەتی تایبەتی ومیرات ویەکسانی تەواوڕۆنراوە، دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکە و دروشمەکەی ئەمەیە: " کار بە گوێرەی توانا، دەسکەوت بە گوێرەی پێویستی " بەڵام شێوازی حوکمڕانی، دیموکراتیە، لە سەر بنەمای فرە

حیزبی وجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکدی و زامنکردنی هەموو ئازادی، - جگە لە ئازادی موڵکداری- و بەها مرۆڤانیەکان ڕۆنراوە. بە شێوەیەکی دی دەتوانی بڵێی سیستەمەکەی من میراتگری شەرعی ئیسلام و شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی کۆمۆنیزمە..

ئەوسا نوسخەیەکم لەو دەست نووسەم دایە مامۆستا سەعد کەبیر و گوتم:

- فەرموو ئەمەش ڕاوبۆچوونی من.

بەسەرسامی لێی وەرگرتم:

- بەڕاست؟!

بە متمانەوە گوتم:

- باکیشم بە ناو و ناتۆرە بە نێوبانگەکانی تۆ نییە، بورژوا.. سازشکار.. کۆکەرەوە. منێک کە قەناعەتم بە ڕێبازە باوەکان نەبێ، هەقی خۆمە ڕێبازێکی تازە دابهێنم..

نیگایەکی گومان ئامێزی کردم و گوتی:

- بەو مەرجەی ڕێبازەکەت داهێنانی خۆت بێ، نەک کۆکراوەی بۆچوونی خەڵکانی دیکە.

بە تووڕەیی گوتم:

- هەموو ڕێباز و تێورییەکان کۆ کراوەن و لە یەکدییەوە وەرگیراون.

سەعد کەبیر، هەر لە نووسینگەکەی خۆما، دەستی بە خوێندنەوەی دەستنووسەکەم کرد ولەماوەی دوو سەعاتێک یان کەمێک زیاترا

خوێندییەوە، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەبن لێوانەوە گوتی: - بێ سوودە!

بە تاسەوە چاوەڕوان بووم، دووبارە کەوتەوە ورتەورت وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیا قسە بکات: - ماسی، شیر، تەمر هندی!

پێمگوت: - ڕونتر مەبەستی خۆت بڵێ.

بە تووڕەیی گوتی:

- کۆکردنەوەیە.. زندەخەوە.. خەیاڵە.. مونتاجکردنی هەڤدژانە.. هیچ نییە..

- ئەمە، بۆچوونی یەکجارەکیتە؟

- ئەدی بەتەمای چیت؟

- بەتەمای ئەوەم قەناعەت بە ڕاوبۆچوونەکانم بکەی..

- ئێ پاشان، دوایی؟

- دوایی کۆمەڵەیەک.. ئەنجوومەنێک.. حیزبێک، پێکدەهێنین..

بەدەم پێکەنینێکی سارد ولەبن لێوانەوە گوتی:

- بە داخەوە!

بە تووڕەیی گوتم:

- ئێوە خەڵکانێکی بێ فیکر و بێ ئیرادەن، دەستەوەستانن!

بە تۆنێکی زۆر جدی گوتی:

- کەس نەزانێ، تۆ خۆت چاک دەزانی، ئێمە لە کارەکانماندا جدین، گیانمان لە سەر دەستمانە.. باوەڕمان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە!

- من لەتۆ زیاتر باوەڕم بە مرۆڤ هەیە، باوەڕ ناکەم کەسێک بە ڕاستی باوەڕی بە مرۆڤ هەبێت، قەناعەتی بە سیستەمێکی دکتاتۆری هەبێت، منیش کەسێکی جدیم، ئامادەم گیانم بخەمە سەر لەپی دەستم..

- دەتەوێ چ کارێک بکەیت؟

- دەمەوێ کۆمەڵەیەک یان حیزبێک دابمەزرێنم..

سەعد کەبیر، بەدەم هەستانەوە، بە ساردی گوتی:

- ئەمە بۆ ئێمە پاشڤەچوونە، پاشڤەچوون، گەڕانەوەیە بۆ پاشەوە.. بەرلەوەی بکەومە بانگەشە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکە، شیرەتم بە ژنەکەم کرد، زۆر نارەحەت بوو، دەستنووسەکەی بە وردی خوێندەوەو گوتی:

- تۆ خۆت پارێزەر و پیاوی قانوونی.. زۆر چاک دەزانی دەستووری وڵات، هەواداری لە کۆمۆنیزم بە تاوان دەزانێ.

گوتم: - کۆمۆنیزم شتێکە و ڕێبازەکەی من شتێکی دیکەیە..

- تۆ بانگەشە بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی دەکەیت، ئەمە لە ڕوانگەی قانوون وقانوون دانەرانەوە زۆر گرینگە.

- هەڵبەتە دەکرێ دەسکاری لە داڕشتنی بەندی دووەم بکەمەوە، بۆ نموونە من وشەی سۆسیالیزمم بەلاوە پەسندترە، ئەمە جگە لەوەی من ئیمانم بەخوا هەیە، هەرچەندە نامەوێ ئیمان بەسەر هیچ کەسێکا بسەپێنم،

هەروەها من پابەندم بەو سیستەمە دیموکراتیەوە کە لە ڕۆژئاوادا مومارەسە دەکرێ، باشە هەموو ئەمانە گومان لەسەر من لانابەن؟

- باوەڕ ناکەم گیانەکەم، ئەوەی ڕاستی بێ من لە مەسەلەی موڵکداری و بێ موڵکیا، تۆ بە کۆمۆنیستێکی دوو ئاتەشە دەزانم..

- مەسەلە ئەوەیە، کە تۆ باوەڕت بە من نییە، هدی..

- من دیموکراتم، دیموکراتیەت بە سیستەمێکی بێ کەم و کوڕی دەزانم، تەنیا مدارای مرۆڤانی بۆ جەماوەری خەڵک دەوێ! من دڵنیام هاولاتیەکی ئینگلیز، لە هاولاتیەکی ڕوس باشتر دەژی.. ژیانی خۆشترە..

- بەڵام من لەمەدا، لەگەڵتا نیم..

بە سووکە ناڕەحەتیەکەوە گوتی:

- زۆرچاکە، لە زۆر شتدا هاورەئی بووین، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە، جیاوازی بیر و بۆچوونمان هەبێت!

" سەعد کەبیر " ش لە لای خۆیەوە هەوڵیدەدا، هدی بکات بە مارکسی و قەناعەت بە مارکسیەت بکات.

دۆستان وئاشنایان زۆرجار شیڤیان لەسەر خوان وسفرەی ئێمە دەخوارد، "محەمەد شکرون " شم لەگەڵیاندا دەعوەت دەکرد، بەڵام حەزی بە هاوڕێتیان نەدەکرد، کە ئەوان گەنگەشە و مناقەشەیان دەکرد، ئەم لە بێتاقەتیدا باوێشکی دەدا.

پێموایە دەبێ شتێکی زیاتر دەربارەی سەعد کەبیر بزانی، یەکێک بوو لەو برادەرانەی کەبە مەبەستی گەنگەشە هاتوچۆی نووسینگەکەمیان دەکرد،

ئیدی هەر یەکەیان سەر بە ڕێبازێک بوون، خەڵکیان تیابوو، داژداری لە ڕێبازی فیودالیزمی داڕوخاویش دەکرد. بەڵام ئەو لە هەموویان زیاتر پەرۆشی من و ئایندەی من بوو، بە وردی پەیگیری دەکردم. پارێزەرێک بوو شارەزا لە ئیش و کاری خۆی، خوێندەوار و ڕۆشنبیر، توانای گەورەی گەنگەشە و قسەکردنی هەبوو، بەڵام پیاوێکی خوێنگەرم و توونده تەبیعەت بوو، زۆر پابەندی بیروبۆچوونی خۆی بوو، بەیەک ئاراستەدا دەڕۆیی، بەهەموو شێوازێک بەگژ هەڤڕکانی فیکری خۆیدا دەچووەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خەڵکانی ئەقلانی بوون و ڕێزی ئەقڵیان دەگرت، خەڵکانی وەکو من.

لە چاوانی " هدی " دا ئەوەم دەخوێندەوە، کە زۆر شیفتە و دڵبەندی گەنگەشە توونده و پڕ جۆش و خرۆشەکانیەتی.

ڕۆژێک محەمەد شکرون پێی گوتم: - بە ڕاستی دۆستەکانتم بە دڵ نین..

دۆستانە پێمگوت: - بەڵام کوڕی باشن.

بە ساردییەوە گوتی:

- ڕەنگە وابن، بەڵام ئەوەیان کەناوی سەعد کەبیرە، ئینسانێکی باش نییە.

- بەڵام پیاوێکی بژاردەیە، یەجگار سەرکەوتووە.

- لەگینە.. بەڵام لە ڕادە بەدەر فشەکەر وشەیتانە.

بەدەمیەوە پێکەنیم و پشتیوانی قسەکەیم کرد. ئەو لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- دەرگای ماڵەکەت لە ڕووی هەموو کەسێک مەکەوە.

نیمچە نارەزایی و هۆشدارییەکم لە دەنگیا خوێندەوە، ویژدانم خرۆشا و لێم پرسی:

- مەبەستت لەم قسانە چیە شکرون؟

خۆی لە وەڵام دزییەوە وگوتی: - هیچ، حەز لە چارەی ناکەم.

بەتوورەیی گوتم: - قسە بکە!

- زۆر بەخۆی دەفشێ، کەس بە پیاو نازانێ، بەڵام جێگەی متمانە نییە.

- تۆ ئەمەت مەبەست نییە، شتی زیاترت مەبەستە.

- نا، نا، بەسەری حسەین هیچ مەبەستێکی دیکەم نییە!

دوای ئەو گفتوگۆیە، گومانم کەوتە دڵ و دەروون، دڵم پیس کرد، هەرچیم دەکرد و دەکۆشا، نەمدەتوانی بچمەوە سەر دڵنیای ومتمانەکەی جارانم، بە گومان ودوو دڵییەوە، دەمڕوانیە دەوروبەرم، لەبەر خاتری کەرامەت و ئابڕووی خۆیشم نەمدەتوانی سیستەمی ژیانی خۆم وماڵەکە بگۆڕم، ئەگەر لە ناکاوا ئەم کارەم بکردایە هەنگێ بێگومان خانمێکی ئابڕوومەندی وەکو هدی، توورە دەبوو، لەبەرچاوی دەکەوتم. ئیدی لە نیگەرانی و خانە گومانیدا دەتلامەوە وچاودێری هەموو شتێکم دەکرد. بۆم بەدیار کەوتبوو کە هاوسەرەکەم شیفتە ودڵبەندی شێوازی گفتوگۆ وگەنگەشەکانی سەعد بووە، کە سەعد قسەی دەکرد، " هدی " دەبوژایەوەو کەیفی بە قسەکانی دەهات و خواخوای بوو بەردەوام بێ.

پاش یەکێک لە شەونشینیەکان بە " هدی "م گوت:

- هیچ بە لامەوە سەیر نییە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە ناکاوا بڵێی بووی بە کۆمۆنیست.

هدی بزەیەکی کرد و پرسی:

- ناشێ، دڵت لەوە پیس کردبێ، کە من ڕووی دەدەمێ و گوێ لە قسەکانی دەگرم؟

- تۆ کەوتوویتە ژێر کاریگەری ئەوەوە.

- کەسێکی زۆر بژاردە و نوخبەیە بۆیە دڵم بەحاڵی دەسووتێ!

هدی، ئەو کاتانە لە تەمەنی پەنجاساڵی و بڕێک زیاتردا بوو.. سەعد لە تەمەنی سی ساڵی دا بوو، من بە دڵ و بەگیان " هدی "م خۆش دەویست، وێڕای ئەوەش هەستم بە غەمگینی دەکرد، لە دڵی خۆدا دەمپرسی ئاخۆ محەمەد شکرون مەبەستی چی بوو، ئایا شکرون شتێکی زیاتری لەوەی من دەمبینی، دیتبوو، ئایا هەندێک شتم لێدەشارێتەوە، ئایا هدی دووچاری قەیرانێک لە قەیرانەکانی پیری بووبوو؟ بەڵام هدی هێشتا نموونەی ئەقڵمەندی و سەنگینی بوو، سەبارەت بە سەعدیش هیچ ئاماژەیەک، جووڵە و ڕەفتارێک یان وشەیەکم لێ نەبینی بوو کە جێگەی گومان بێ، کەچی ئەقڵە پیرۆزەکەم لەقی. ئیدی بووبووم بە نێچیری کۆمەڵێک غایلە وگومان و هەڵچوونی گۆنگ و ئاڵۆز..پاشان تراجیدیا، وەکو بۆمەلەرزەیەکی لەناکاوا لێی دام و ڕایماڵیم.

***

ماوەیەک بێدەنگ بووم، لە فکران ڕاچووم، ئەوجا پرسیم: - تراجیدیا؟

پێکەنی و هیچی نەگوت، پرسیارەکەم لێ دووبارە کردەوە:

- تراجیدیا؟.. چیت گوت؟

- بەڵێ تراجیدیا، ئەم تراجیدیایە لەو کاتەدا ڕووی دا کە من خۆم بۆ دامەزراندنی حیزبەکەم، ئامادە دەکرد.

- پاشان؟

- خۆم بۆ ئەم شەڕە ئامادە دەکرد ولە یەک کاتا خۆم بۆ شەڕی چەپ و ڕاست ئامادە دەکرد.

ئەوجا هەناسەیەکی هەڵکێشا ولەسەر قسەکانی ڕۆیی:

- من و سەعد بە دوو قۆڵی و بە تاقی تەنیا لە نووسینگەکەی منا دانیشتبووین، گفتوگۆ وگەنگەشەیەکی گەرم کەوتە بەینمانەوە، گفتوگۆکە لەلایەن ئەوەوە وەکو هەمیشە توند بوو ولەلایەن منەوە بە پێچەوانەوەی هەمیشەوە توند بوو..

سەعد بە هەڵچوونەوە گوتی:

- تۆ هەڵەی کە وا وێنا دەکەی خاوەنی ڕێباز و قوتابخانەیەکی میتافیزیکی کۆمەڵایەتی سیاسیت. هەر ڕێبازێکی شایستە بۆ ئەوەی جێگیر ببێ یەک عومری تەواو کاری دەوێ، بەڵام خوێنەر لە زەرفی یەک دوو ساڵدا، هەموو ڕێبازەکان دەخوێنێتەوەو وا دەزانێ ئەمە بیرکردنەوەی خۆیەتی، لەکاتێکا ئەمە تەنیا هەوڵێکە بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو هەموو ڕێبازە ناکۆک وهەقدژە، ئەمە کارێکە بە هەر کەسێک دەکرێت، واتە بەم پێیە، بە ئەندازەی ژمارەی خەڵکانی خوێنەوار ، ڕێبازمان لە دنیادا دەبێت!

لەناکاوا، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی شتی وا بکات، هاوارم بەسەردا کرد:

- بێ شەرم.. بێ ئەدەب..

بەسەرسامی تەمەشای کردم و لەبن لێوانەوە گوتی: - چی؟

هەمدیس هاوارم کرد و دووبارە گوتم:

- بێ شەرم.. بێ ئەدەب..

بە تووڕەیی گوتی:

- چیە بیرت چووە کەلە گەڵ مامۆستاکەتا قسە دەکەی؟!

پەلامارم دا، بە مست و لەقە بەربووینە گیانی یەکدی، شەڕێکی زۆر توندمان کرد، کەس نەبوو نێوبژیمان بکات، من بەهێزترو ئەو گەنجتر بوو، کە هانکە هانکم پێکەوت، دەستم دایە کەتەرە..

***

بەبێدەنگی لە فکران ڕاچووم.

دیمەنی شەڕەکەیانم دێنایە بەرچاوی خۆم.

ئەوسا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو.

- دیمەنی ڕوخساریم قەت لەبیر ناچێت، مەبەستم ئەو کاتەیە کە کەتەرە تیژەکەم کرد بە ملیا، ڕوخساری بەرەبەرە دەکوژایەوە و تاریک دەبوو، لەو کاتەدا کە دەستبەرداری شەڕ دەبوو و ڕادەستی قەدەرێکی نادیار دەبوو، ئیدی هەرچی گەنگەشە و زیرەکی و چالاکی هەیە هەر هەمووی لە حەوت کێوان ئاوابوو.

هاوارم کرد: - کوشتت، جافر؟!

- بەڵێ، جافر ڕاوی بوو بە بکوژ.

- حەیفێ!

- حایر وحەپەساو بە دیارییەوە وەستام، بە سەرسامیەکی سارد وسەرمەدییەوە دەمڕوانیە جەنازەکەی کە لە نێوان مێزەکە و قەنەفە چەرمیەکەدا کەوتبوو، هەستم دەکرد لە ناکاوا لەباری سەنگینی ژیان و سۆز و گودازی ژیان ڕزگار بووم. ئەوسا لە ناکاوا، دووبارە نوقمی قووڵایی دنیای زانست بوومەوە، لە کەلەبەرێکی دیوارە ڕوخاوەکەیەوە، تاپۆی تراجیدیام بینی کەلە من دوور دەکەوتەوە و خۆی بە دنیایەکی تری پێچەوانە و هەڤدژدا دەکرد کە هیچ پەیوەندییەکی بەشەری بە منەوە نەبوو، گوێم لە دەنگێک بوو، ئیدی دەنگی خۆم بوو یان دەنگێکی دیکەبوو، کەبەدەم لەقە فرتێوە هاواری دەکرد: " ئەی ئەقڵە پیرۆزەکەم، بۆچی دەستبەردارم بوویت؟ "

- حەیفێ..

- لە سەرۆکایەتی حیزبەوە بۆ زندانی ئەبەدی!

دوای بێدەنگیەکی قورس و کورت لێم پرسی:

- باشە هیچ بیانوویەکت بۆ قەتڵەکە هەبوو؟

- لە لایەکەوە هەمیشە بیانوو بۆ کوشتن هەیە و لە لایەکی دیکەوە لە دنیادا هیچ شتێک ئەوە نایەنێ کەسێکی لەسەر بکوژرێ، واتە هیچ هەنجەت و بیانوویەک بۆ کوشتن نییە.

- مەبەستم ئەوەیە لە گومانەکانتا هیچ ئەنگیزەیەکت دۆزییەوە، ئەوە بێنێ ئەم قەتڵە بکەی؟

- باوەڕم پێبکە، نا، بەهۆی ئەو گەوجاتیەوە، خەمێکی قورسەراپای هاوسەرەکەی داگرتم. دەتگوت ئەم تراجیدیایە بۆ ئەوە ڕووی داوە تا گاڵتە بەو کەسە بکات کە ئەقڵ و قودسیەتی ئەقڵی دەپەرست، لەمە زیاتر هیچی تر نەبوو..

- لە دادگاکەدا هیچ باسیکی گومانەکانت نەکرد؟

- نەخێر، بەهیچ جۆرێ ڕێگەم بەخۆ نەدا ئەو باسە بێنمە ناو ناوانەوە. لە دادگادا، مەسەلەکە وا لە قەڵەم درا، کە کێشە و شەڕی نێوان دوو کۆمۆنیست بووە و کوشتنی لێکەوتووەتەوە.. لە زندانا زۆرم پێداگری کرد کە بە تاوانباری سیاسیم لە قەڵەم بدەن، بەڵام فایدەی نەبوو، هەر بە پیاوکوژ دانرام، من تاکو ئەمڕۆش ڕژدم لەسەر ئەوەی، من تاوانبارێکی سیاسیم، تۆ چ دەڵێی؟

- ڕەنگە تاوانبارێکی نیمچە سیاسی بیت!

- بەڵام ئەگەر سیاسەت نەبوایە، ڕەنگە ئەم تاوانە هەرگیز ڕووی نەدابا...

- ڕەنگە، ئەدی هەڵوێستی بابات چ بوو؟

- محەمەد شکرون، پێش بویەر و ڕووداوەکە بە چەند ڕۆژێک هات بۆلام و هەواڵی دامێ کە بابام زۆر نەخۆشە، پێشنیازی کرد، کە ژنەکەم و کوڕەکانم لەگەڵ خۆدا بەرم و سەرێکی لێبدەم، ڕاوێژم بە هدی کرد، زۆری پێ خۆش بوو، ئیدی سەردانەکەم بۆ ڕۆژی هەینی دواخست، بەڵام تاوانەکە ئێوارەی پێنج شەممە ڕووی دا، ئاگام لەو نەما، نە نامەیەکی ئەوم بۆ هات ونە کەسێکی بۆلا ناردم، تاکو ئەمڕۆش نازانم ئایا بە تاوانەکەمی زانی یان نا..

بە هەرحاڵ لە زندانا داوام کرد بە تاوانباری سیاسیم دابنەن، هەرچەندە لە مامەڵە کردناهیچ جیاوازییەک لەنێوان تاوانباری سیاسی و تاوانباری ئاسایی نەدەکرا، ئیدی بەوە ناوبانگم دەرکرد و لە سەر ئەوە گاڵتەیان پێدەکردم، هەندێجار بە ئاژاوەچی دادەنرام و لەسەر ئەوەش بەر شەلاخیان دەدام، هدی تاقە یەک جار هاتە دیدەنیم.

بە پەرۆشەوە لە جافرم پرسی: - یانی چیتر نەهاتەوە دیدەنیت؟

- نەخێر، چووە بەر دلۆڤانی خودا!

ئەوسا لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- زۆرم خەفەت خوارد، زۆر نیگەرانی منداڵەکان بووم، پاشان شکرون هەواڵی دامێ کە پووری دایکیان، گرتوونیە ژێر باڵی خۆی و چوون بۆ مینا تا لە سایەی ئەودا بژین، هەڵبەتە زووبەزوو منیان لەبیر چووەتەوە، وەکو چۆن من کاتێ لە تەمەنی گەورەکەیاندا بووم، دایکم لەبیر چووەوە. لە دیداری دواتردا، محەمەد شکرون پێی ڕاگەیاندم کەبە سەفەرێکی هونەری بۆ باکووری ئەفریقیا دەڕوات، ئیدی لەوە بە دواوە تاکو ئەمڕۆ هیچ هەواڵێکی نازانم، جافر ڕاوی مرد و دنیای دەرەکیش مرد.

لە زندانا درێژەم بە خەباتی خۆدا، بانگەشەم بۆ ڕێبازە تازەکەم دەکرد. ئیدی بە گەوج وشێت وخەڵەفاویان دەزانیم و پێیان ڕادەبواردم. تەنانەت لەو بارەیەوە، لەبارەی ڕێبازە تازەکەمەوە قسەم لەگەڵ ماموری زندانەکەشدا کرد، ئەو لەبەر ئەسڵ و فەسڵ و کارەکەم و بەدبەختییەکەم، هاوسۆزی لەگەڵدا دەکردم و لەگەڵما میرەبان بوو..

لە زندانا چاوەکانم کزبوون، تووشی جۆرەها نەخۆشی بووم، ئیدی بەم حاڵەوە کە دەمبینی، لە زندان دەرچووم.

(( ٨ ))

ئیدی بەم حاڵەوەکە دەمبینی لە زندان دەرچووم، وێرانە لە سەر وێرانە..

پیرەمێردێکی چاوپروشی نیمچە کوێر بە خۆ وبڕێک بیرەوەرییانی باوەڕ نەکردەنیەوە.

بەڵام، زەینم بە دەقی خۆیەوە ماوە و ورەم هەر بەرزە و جادووی بیر و ئەندێشە لە دڵما نەکوژاوەتەوە.

لەدڵی خۆدا گوتم ئەگەر محەمەد شکرون بدۆزمەوە، ڕەنگە ئەو سەرەداوانەم دەست بکەون کە بمگەیەننە ناو جەرگەی شتەکان، بەڵام هیچ سوراغێکیم دەست نەکەوت، تووشی هیچ کەسێکیش نەبووم کە بیناسێت وەکو ئەوەی یەک نەوەی تەواوی بە گۆرانیەکانی هەڵنەپەڕاندبێ و خۆشحاڵ نەکردبێ، لە پەیمانگای موسیقای ڕۆژهەڵاتیدا، یەکێک پێی گوتم کە محەمەد شکرون چووە بۆ مەغریب و لەوە بەدواوە هیچ هەواڵێکی نەبووە.

چووم بۆ کۆشکی حلمیە، سەیرم کرد شوێنەکەیان کردووە بە بینا و باڵەخانەیەکی بەرز و هی کۆمپانیای بیمەیە، پارەیەکی باشم لە ژنەکەم بۆ مابۆوە، کەبەشی هەرە زۆریم لە زندانا خەرجی جگەرە و شتی دیکە کرد، ئیدی بڕێکی زۆر کەمم بۆ مایەوە.

هەروەها چووم بۆ گەڕەکی عشش الترجمان، هەر شوێنەواریشی نەمابوو، ئیدی تەواو ئاوەدان کرابووەوە، کرابوو بە خانووی نیشتەجێ بوون وباخێک و بەنزینخانەیەکی لێ دروست کرابوو.

ژمارەیەکم لە هاوڕێکانم دۆزییەوە، هەندێکیان خانەنشین بووبوون و هەندێکیان هێشتا کاری پارێزەرییان دەکرد، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە کەسیان خۆیان لێ نەدزیمەوە، هەندێکیان زۆر بەگەرمی پێشوازیان کردم، هەندێکیان هێشتا بەهەمان گەرم و گوڕی پابەندی باوەڕی خۆبوون و هەندێکی دیکەیان گیرۆدەی ژیان و ئەرکە قورسەکانی ژیان بوون.

ئەدی کوڕەکانی مەروانە و کوڕەکانی هدی لە کوێن؟

بڕیارم دا کە پێویست ناکات بکەومە تاقیب و سوراغیان، باشتر وایە وازیان لێ بێنم و بێزاریان نەکەم، هەڵبەتە هەندێجار یادیان دەکەمەوەو بەخەیاڵ ژیانی خۆیان و مندالەکانیان دێنمە بەرچاوی خۆم، بەڵێ ئێستا هەموو جۆرێکیان تیادا هەیە، هەیانە ڕێگرە، هەیانە قازی و دادسێنە، هەیانە لەوە زیاترن کەمن وێنای دەکەم، دوور نییە لە پیاسە وگەڕانی ڕۆژانەما تووشیان ببم و نە من ئەوان بناسم، نە ئەوان من ناس بکەن..

دوای ئەوەی لەم کارە لەزوبەزانە بوومەوە، بیرم لەوە کردەوە کە دووبارە لە پێناوی ڕێبازەکەم و دامەزراندنی حیزبدا بکەومە خەبات، بەڵام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە بوومەوە، کە چارەسەر کردنیان ئاسان نەبوو. یەکێک لەو کێشانە تەمەن بوو، یەکێکی دی لاوازی و بێتاقەتی بوو، یەکێکی دی سەروسیمای من بوو، کە هەندێ کەس بەزەییان پێدا دەهاتمەوە و هەندێکی دی لێم دەڕەوینەوە.

بەخۆت دەزانی، پێشەوا دەبێ کەسێکی بە شەخسیەت و بەسام و هەیبەت بێ، ئەمە جگەلەوەی مەیدانی سیاسەت پڕە لە کاراکتەرێن چالاک و چەلەنگ و کاریگەر. ئیدی لە دڵی خۆدا گوتم، دەی دید وبۆچوونەکانم دەنووسمەوەو لە کتێبێکدا چاپیان دەکەم، ئەگەر دەسەڵاتم بەسەر ئەمەشدا

نەشكا، كە بێگومان لە عویەی نایەم، ئەوە بۆ هەر شوێنێ چووم باسی دەكەم و بانگەشی بۆ دەكەم، ئێ بەڵكو كەسێكی لەمن بەتواناتر لێمی وەربگرێ و بچێتە ژێر باری بڵاوكردنەوەی.. ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی زۆرم بە بەرەوە نەماوەو دەبێ لەوەی زیاتر خۆم نەڕەنجێنم و خۆ بۆ سەفەر و ئیسراحەتی هەمیشەیی ئامادە بكەم..

***

ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان بەكاوەخۆ دەستی بە قسان كردەوە:

-ڕوخساری ڕاوی لە ڕابردووەوە سەری دەرهێنا..

لێبڕام شتێک بڵێم، بەڵام ئەو ( جافر ) دەست پێشكەری كرد وگوتی:

- من هیچ گومانێكم لە مردنەكەی نەبوو، ئەدی ئاقیبەت و ئەنجامی سەروەت و سامان و كۆشكەكەی؟.. لەبن دیواری بەرزی كۆشكەكەیا كە وەكو چیا ڕەق ڕاوەستابوو، وەستام، بەرەولای دەروازە گەورەكە پێچم كردەوە، كە دیتم بە ئاستەم كراوەتەوە سەرم سوڕما..

هەڵوەستەیەكی كرد و ئەوجا گوتی:

- بە ئەسپایی دەرگاكەم دەڵەک دا، وەژوور كەوتم، ڕووبەڕووی دیمەنێكی چاوەڕوان نەكراو بوومەوە. دیمەنێک كەهەرگیز بە خەیاڵیشمدا نەهاتبوو. نە باخەكە مابوو ونە هۆڵ ودیوەخانەكە نە بۆن و بەرامەی گوڵ لە ئارادا بوو ونە جریوەجریوی چۆلەكە و پاساری، ئیدی كەلاوەیەكی گەورە و بەرین، یەكپارچە خۆڵ و خاشاک وزڕ و زبڵ بوو، بووبوو بە مەكۆی، دەربە دەر و خانە بە كۆلان..

بە سەرسامی هاوارم كرد:

- چۆن.. سەیرە، وێران بووە؟

- وێرانەیەک بوو لەو گۆڕەی، دیوارێکی بەرز دەوری گرتبوو و دەرگایەکی گەورەی پێوەبوو. سەرگەردانەکان، بە گومان و پارێزەوە تەمەشایان کردم، پێم بە عاردیدا کوتا ولە حەوشەکە وەدەرکەوتم، کەوتمە گەڕان بە گەڕەکا، تا یەکێک لە موریدە زندووەکانی بدۆزمەوە، لەماوەی ئەو گەڕان و تاقیبانەمدا بۆم دەرکەوت کە ڕاوی، دوای زندانی کردنی من بە ساڵێک کۆچی دوایی کردووە و هەموو سەروەت و سامانەکەی وەقفی کاروباری خێرخوازی کردووە و تاقە پولێکی بۆ میراتگرانی، چ بۆ من و چ بۆ زوڕیەتەکانی من تەرخان نەکردووە، کۆشکەکەش لە هێرشێکی ئاسمانی دژمندا، بۆردمان کراوە، داغان و وێران بووە و پاشان دار و پەردووەکەی لابراوە، ئیدی ئەمە هەموو چیرۆکەکەی منە لە سیری تا پیازی، بۆم دەرکەوت، ئەو تەمەنە کورتەی کە ماومە زۆر دژوار و ناڕەحەت دەبێت، بەڵام وێڕای ئەوەش لێبڕام کە هەوار لەم کەلاوەیەی کۆشکەکەی بابامدا بخەم وئیدی وەکو هەر سالوکێکی سەرگەردان، لە بەربەیانەوە تا چێشتان لەوێ دەنووم.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە پێکەنی. بە دلۆڤانیەوە گوتم:

- ئاخری پیریت خێر نەبوو.

بەدەنگێکی پڕ غرووڕەوە گوتی:

- نا، حەز ناکەم کەس بەزەیی پێما بێتەوە، دەبێ هەمیشە ئەوەت لە یادبێ کە تۆ لەگەڵ پیاوێکی گەورەدا قسە دەکەیت، یەکێک لە هۆیەکانی گەورەیی ئەو پیاوە، ئەوەیە کە دەکارێت لە گەڵ دژوارترین حاڵ وئەحواڵدا هەڵبکات و، بە گەشبینییەوە ڕووبەڕووی هەموو تەنگانەیەک دەبێتەوە!

باوەڕم بە قسەکانی هەبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر گوتم:

- بەهەرحاڵ، ئەو هاوکاریە مانگانەیەی کە..

بەتووندی قسەکەی پێ بڕیم: - بڕیاری خۆم داوە!

- باوەڕم نەدەکرد ئەو بڕیارەت بە ڕاستی بێ..

- بەڵام بەڕاستی ڕاستمە و ئەولاتریش!

- مەبەستت ئەوەیە کە عەرزوحاڵەکە نانووسیت؟

- هەرگیز!

- بەڵام ئەمە ئەوپەڕی شێتییە..

- هەرچیەکی ناو دەنەی، ناوی بنە. ڕاوی منی لە میراتەکەی خۆی بێبەش کردووەو منیش ئامادەنیم تاقە پوولێکی لێ سواڵ بکەم!

- بەڵام جافر تۆ بابایەکی پیر وبێ توانا وهەژاری و ئەو تۆزە پارەیەشی کە پێت ماوە، بەشی هیچ ناکات و بەو زووانە تەواو دەبێ..

- من هەموو ئەمانە دەزانم، بەڵام من لە " ڕاوی " ش سەرسەخت ترم..

- بە یارمەتیت با من عەرزوحاڵەکە بنووسم.

- نا، هەر باسی مەکە.. قەبووڵ ناکەم..

- بەڵام..

- حەزناکەم باسی ئەم بابەتە بکەین..

بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا، هەم ئەو کە قسەی دەکرد و هەم من کە گوێم دەگرت ماندوو بوو بووین..

باوێشکێکم دا، ئەو بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- من تا پێش بەرەبەیان باوێشک نادەم.

بەبێتاقەتیەوە ولەبن لێوانەوە گوتم:

- ئەی ئافەرین!

- من بابایەکی هەژار وسالوکی (صعلوك) گەڕۆکم، چێشتان لە کەلاوەکەی ڕاوی وەدەر دەکەوم، هایم و حەیران بەناو کوچە وکۆڵانان دەکەوم، لە گەڕەکی " مرجوش " وە بۆ خرنفش، بۆ مسگەران، بۆ خان جەعفەر بە پای پیادە دەڕۆم، لە هەر گۆشە وکەنارێکی ئەم شارەدا، یادگار و بیرەوەرییەکم هەیە، لە گەڕەکی حلمیەدا بیرەوەریم هەیە، لە مەیدانی باب الخلق دا دڵم دەکەوێتە ترپەترپ، لە هەموو سووچێکا، بانگەشە بۆ ڕێبازەکەم دەکەم، داوا لە خەلکی دەکەم پەیوەندی بە ڕێبازەکەمەوە بکەن، داوا لە تیرەی بەشەر دەکەم کە خۆیان ڕزگار بکەن.

- ڕێبازەکەت؟

- بەڵێ..

- بە ئاشکرا؟!

- بەڵێ.

- پێویستە ئاگادار بی سەر یەشە بۆ خۆت دروست نەکەیت.

- من باکم بە سەریەشە نییە..

لە دڵی خۆدا گوتم، هیچ جدییەتێک بە سەروسیمایەوە دیار نییە، ترسی لەسەر نییە.

شەکەت وماندوو، بێدەنگیباڵی بەسەردا کێشاین. لەوساتەدا کە خەوە نووچکەمان پێکەوتبوو، دەنگی بانگبێژ بەرز بووەوە وئالکاوی شەپۆلانی تاریکی بوو.

جافر، کێشمانێکی خۆی دا و، بە دەنگە زوڵاڵە گڕەکەی گوتی:

- کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین..

شانبەشانی یەکدی کەوتینەڕێ. بە ژێر خانەکەدا تێپەڕین، گەیینە مەیدانەکە.

جافر، بە ئەسپایی گوتی:

- با ژیان، تا دەگرێ پڕبێت لە شێتاتی پیرۆز.

گفتوگۆیە درێژەکەی شەوێ، لە سەرما دەنگی دەدایەوە.

تێبینی: ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٩، لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کەلەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

نجیب محفوظ/ قلب اللیل/ ط ١، ١٩٧٥ / الناشر؛ مكتبة مصر ٣، شارع كامل صدقي الفجالة/ سعيد جوده السحار و شركاة/ دارمصر للطباعة.

-

## فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارايشتكار : ئارايشتگەر ، مكياجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسيو : ئازار، بەڵا ، زيان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگينا، ئەگين، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سيحراوی، جادوويی

ئيكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك،ئێزنگ وقەڵاشکەری

ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەرِك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەڵانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

بازێرۆك: شارۆچكە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

بەدەو: جوان

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فڵان، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵكوو ،هاتوو

تاقەتكردن: شاردنەوە، داكردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : رێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەركێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: كوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماكۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسكە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جوڵا، بزوا

جڤاکی: کۆمەڵایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیە

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خوڵام، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خولق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمڕە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك كە بەسەر بەفرا ڕایدەكێشن

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێركەوتن: دواكەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فرو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تورە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشكگرتن (بە تایبەتی ئێشكی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریبان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەقی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دورِ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قلْپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

رمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچكۆلەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەركە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشكار

ز:

زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیارە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زورپییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگرەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤرینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، ترۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانه: مەیتخانه

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غارِ: ئەشکەوت

غوراِبی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ، پشت کۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیڕات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کڵاوخود: کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤڕ: بەرد

کەڤرۆك: بەردەڵان

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند : بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن : گەوج

کاژستان : بێشەی دارکاژان

کرێت : ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری : ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك : سەگ

کەستەك :سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار : چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش : ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت : تەختەخەو

کەرەمکە : بفەرموو

کەوە رۆژ : رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما : کۆمەڵێك

گ :

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵكەر، دەرۆزەكەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەكمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، كایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانكە

گازكردن: بانگكردن

گۆرین: یارۆ، ناقبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵكە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگكردن

گرۆز: ورکن

گڵكۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لەهەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

مڵ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤساڵ : میانە ساڵ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

و:

وەمێنێ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : كراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف كردن : تەرخان كردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر كێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانكار: بڵاوكەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەكی، پیرزی

وشكەبار:میوەی وشكەوەكراو

وەكوژاندن : تەمراندن، كوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

ە :

هانکه هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەڵاوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵاژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فڵان

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی

نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.
* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.
*لەساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر كامۆ

---

٢٦- مەسەلەی كورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەكی كورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، د. كوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەكەم ٢٠٠٦
٣٠- كورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،كریس كۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –كورد لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەكەم ١٩٩٨
٣٢- چینی كۆن، چ١(        )دەزگای موكریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەكداری هەم تاكتیكە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەكان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەكەكەی ماڵتا، شانۆنامە،كریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر كامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەكسپیر.چاپی یەكەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆكی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ كۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانه بچكۆلەكە، چیرۆكێكی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆكستان (چوار شانۆنامە بۆ منالآن)
٤٧- چەند چیرۆكێك لە ئەفسانەی یونانی كۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیكایەتی توركمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەكەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریكی و رۆمانی، چاپی یەكەم (٢٠٠٤) كتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی –كوردی) حەمە كەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موكریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسكی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایكۆ فسكی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریكی) چاپی یەكەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە كەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك...............کۆمەڵێك نووسەر
١٠٦- کۆکۆرۆ............ڕومان.........ناتسومی سوسکی
١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالان /حەمەکەریم عارف
١٠٨- ئەودیوی مەرگ..........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژماره شەش/ چیخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسكی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆكنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆك (كۆمەڵێك دەق ورەخنە)
١١٦- رۆبینسۆن كرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧- هەزار پیشە..............حەمەكەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣
١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆكەی ئەلبیر كامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەكانی دۆستۆیفسكی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی كلاسیكی جیهان
١٢٧-بەنگكێشێكی عەوداڵی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" كۆ حیكایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەكانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسكی
١٣٠-پوشكین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێكی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- كەنیزۆ ،كۆمەڵێك چیرۆكی هەڵبژاردەی فارسی
١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جيرۆكی شاريك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود .
١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧- کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز
١٣٨- چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروٚفسکی
١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی
١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک.. شۆلۆخۆف
١٤١- قەیرانی سێبەر، حەمە کەریم عارف
١٤٢- ئەفسانەی تەروادە،
١٤٣- لە بەردەم عەرشدا.. نەجیب مەحفووز
١٤٤- دڵی شەو... نەجیب مەحفووز
١٤٥- ئاوێنەکان... نەجیب مەحفووز
١٤٦-